# گەشەپێدان و گەندەڵی

**توێژینەوەیەکی زانستیە**

**لەڕوانگەی فیکری ئیسلامیەوە**

**نوسینی: پرۆفیسۆر.د.عەلی قەرەداغی**

**وەرگێڕانی: تاریق نەجیب**

**بەهاری 2011**

# بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

**ناوی کتێب: گەشەپێدان و گەندەڵی**

**نوسەر: پرۆفیسۆر دکتۆر عەلی قەرەداغی**

**وەرگێڕانی: تاریق نەجیب**

**پێداچونەوەی: عومەر عەلی محەمەد**

**بابەت: توێژینەوەیکی زانستیە لەروانگەی فیکری ئیسلامیەوە**

**بەرگ: فەرهاد فایەق**

**تایپ: ئەحمەد قادر – محەمەد کەمال**

**چاپ: چوارچرا**

**چاپی یەکەم: بەهاری** 2011

**تیراژ:** 1000

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردن**(1636) **ی ساڵی** (2011 ) **پێ دراوە.**

# پێڕستی بابەتەکان


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 5 تا 8 |
| بەشی یەکەم | 9 تا 46 |
| گەشەپێدان لەسایەی فیکری ئیسلامیدا | |
| ⋆ مەرجەکانی دابینکردنی گەشەپێدانی هەمەلایەنە لەفیکری ئیسلامیدا . | |
| ⋆ مەرج و راگرەکانی گەشەپێدان | |

.

| | |
|---|---|
| بەشی دووەم | 47 تا 56 |
| گەشەپێدان لەنێوان جیهانی یەکەم و جیهانی سێیەمدا | |
| ⋆پێشەکیەك سەبارەت بەگەشەپێدان لەنێوان جیهانی یەکەموجیهانی سێیەمدا. | |
| ⋆ جۆرەکانی گەشەپێدان لە ئابوری وەزعیدا. | |
| ⋆ سەرنەکەوتنی بیردۆزە رۆژئاواییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا . | |
| ⋆ پێوەرەکانی گەشەپێدانی مرۆیی لای نەتەوەیەکگرتوەکان. | |

| | |
|---|---|
| بەشی سێیەم | 57 تا 116 |
| گەندەڵی ئیداریو دارایيو سیاسی | |
| ⋆ پێناسەی گەندەڵی لەرووی زمانەوانیو دەستەواژەوە: | |
| ⋆ پێوەری گەندەڵی ئیداری. | |

| | |
|---|---|
| ★ بەکارهێنانی پیشەی گشتی بۆ دەستخستنی پارەی ناڕەوا(پارەشۆردنەوە، بەرتیل) | |
| ★ نەشارەزایی و لادان لە بەکارهێنانی مافدا ، بەتایبەت مافی ئیداری. | |
| ★ کاریگەریە خراپەکانی گەندەڵی ئیداری. | |
| ★ چارەسەری ئیسلامی بۆ گرفتی گەندەڵی دارایی (ستراتیجیەتی ئیسلامی). | |

| | |
|---|---|
| **بەشی چوارەم** | **117 تا 148** |
| **گەندەڵی ژینگەیی‌و، کاریگەری لەسەر ئابوریی** | |
| ★ کاریگەریەکانی گەندەڵی ژینگەیی. | |
| ★ هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە ژینگەو تێکدان‌و گەندەڵیکردن. | |
| ★ کاریگەری گەندەڵی ژینگە لەسەر ئابوری. | |

| | |
|---|---|
| **بەشی پێنجەم** | **149 تا 152** |
| **گەندەڵی سیاسی** | |

| | |
|---|---|
| **بەشی شەشەم** | **153 تا 162** |
| **ئاستەنگ‌و کۆسپەکانی بەردەم گەشەپێدان لەجیهانی ئیسلامیدا.** | |
| | |

# پێشەكی

ئەگەر سەیری جیهانی ئیسلامی بكەین یەكێكە لە دەوڵەمەنترین ناوچەكانی جیهان كەخاوەنی سەرمایەیەكی گەورەی كەرەسەی خاو و كانزا جۆربەجۆرەكان و ووزەیە، لە رووی پێكهاتەی جوگرافیشەوە شوێنێكی ستراتیجی هەیە لەنێوان رۆژهەلأت و رۆژئاوا، هەروەها لە رووی ژینگەشەوە ژینگەیەكی گەشتو گوزاریو جۆربەجۆرمان هەیە كە ئەمەش جۆرێك لە جوانیو پاكیو دیمەنی دلڕفێنی پێ دەبەخشێت، بەلأم سەرە رای هەموو ئەو خاڵە ئیجابیانە، ئەگەر لەرووی گەشەپێدان و پێشكەوتن و شۆڕشی زانیاریو تەكنەلۆژیەوە سەیری بكەین ناوچەیەكی دواكەوتووی هەژاری نەخۆشی پاشكۆو پەراوێزەو لەسەر ئاستی جیهان رۆڵێكی ئەوتۆی نیە، لە رووی ئابوری و سیاسیو كلتوریو هەموو ئەو سەروەت و سامانەش كە هەیەتی یان لەلایەن نوخبەیەكی دەسەلأتو مافیای دیاری كراوەو دەستی بەسەردا گیراوە یان لەلایەن كۆمپانیاو مۆنۆپۆلەكانەوە دەبرێتو لەبەرامبەر ئەمەشدا زۆرینەی گەلەكانیان بێ بەشنو كەس بە خاوەنی هیچی نازانێت.

ئەگەر سەیری راپۆرتی ساڵأنەی رێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان بكەین دەبینین كە وولأتانی ئیسلامی كە كوردستانو عێراقیش بەشێكە لێی لەریزی سەرەوەی ئەو لیستەدان و ولأتەكانیان نمونەیەكن بۆ بوونی رێژەیەكی زۆر لەگەندەڵیو بەفیڕۆدانی سامانی گشتی، بەهۆی ئەم گەندەڵیەوە زۆرینەی هاوولأتیان لە بارودۆخێكی خراپو هەژارو دواكەوتویدا دەژین، ئەمەش بەهۆی ئەوەی كە كەمینەیەكی دەسەلأتدارو نزیكەكانیان لە بەرپرسو كۆمپانیاكان دەستیان گرتوە بەسەر سامانی گشتیدا، ئەم كەمینە خاوەنی هیچ ئاینو ئەخلاقێكی مرۆییو سیاسی نین، كەسانێكی ویژدان مردو و زۆرجار ستەمكارو خوێن رێژو لەپەنای دامەزراوە سەربازی و ئەمنیەكاندا ئەو كارە دەكەنو هەر لایەنو كەسێك بیەوێت رووبەروویان ببێتەوە هەڕەشەی مەرگی لێ دەكەن.

گەندەڵی بوەتە هۆی ئەوەی کە ڕەوڕەوەی گەشەپێدان لەکار بخەن‌و هەموو داهاتی دەوڵەت بخەنە گیرفانی خۆیان‌و زۆرینەی گەلیش بێ بەش بکەن لەهەر بەشێکی ئەو ئیمتیازانە کەمولکی گشتین.

واتە ئەگەر سەیری پێناسەی گەندەڵی بکەین کە بەکارهێنانی دەسەڵاتە بۆ بەرژەوەندی تایبەت، لەوەشدا زۆرینەی بەرپرسە کارگێڕی‌و سیاسیەکان بەشدارن‌و ئەمەش بوەتە پەتایەك بەناو هەموو دام‌و دەزگاکانی حکومەتدا شۆڕبوەتەوە، زۆر جار ئەمانە باندێکن‌و لەناو حکومەتدا ئیش دەکەن، کارەساتەکە لەکوردستاندا ئەوەیە کە کەسانی یەکەم لەدەسەڵاتداران لەگەڵ ئەو باندە گەندەڵ کارانەدا هاوڕاو هاوپلان‌و هاوپڕۆژەن.

ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین لەنزیکەی (50) ئایەتدا باسی گەندەڵی‌و شوێنکارە خراپەکانی کردوەو هۆکارەکانی گەندەڵیش دەست نیشان دەکات لەوانەش:

1- ستەمکاری و تاك ڕەوی‌و عەسکەرتاریەت {**وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا الْقُرُونَ مِن قَبْلِكُمْ لَمَّا ظَلَمُواْ وَجَاءتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ وَمَا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ كَذَلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ** }**يونس**13. واتە ئەو لەناو بردنە بەهۆی ستەمکارانەوە بووە.

2- روو کردنە خراپەکاری‌و دنیا ویستیەکی ستەمکارانەو تەسلیم بوون بە داواکانی غەریزەو بیرچونەوەی بەها مرۆییەکان {**وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ بَطِرَتْ مَعِيشَتَهَا فَتِلْكَ مَسَاكِنُهُمْ لَمْ تُسْكَن مِّن بَعْدِهِمْ إِلَّا قَلِيلاً وَكُنَّا نَحْنُ الْوَارِثِينَ**}**القصص**58. مانای (**بطر**) واتە مرۆڤ تەنها ماددەو خۆشی ببینێ کە ئەمەش سەر دەکێشێ بۆ خراپەو گەندەڵی.

3- کارنەکردن بە راوێژو گوێ نەگرتن بۆ رای چاکسازان و دڵسۆزان {**فَكَذَّبُوهُ فَأَهْلَكْنَاهُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ**}**الشعراء**139 {..... **وَلَكِن لاَّ تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ** }**الأعراف**79.

4- کەوتنە شوێن پاشاو دەسەڵاتداری ستەمکار {**قَالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ** }**النمل**34.

بەهۆی ئەوەشەوە تووشی بەرتیل و سوخۆریو چاوپۆشین لەراستی دەبنەوە.

قورئان بۆ چارەسەری گەندەڵی داوای گۆڕینی ئەو واقیعە دەکات چونکە گەندەڵی ناگۆڕێت ئەگەر هۆکارەکانی لەناونەبەین ، هۆکاری دروست کردنی گەندەڵیش نوخبەیەکی گەندەڵکاری ناو دەسەڵاتە کە پێویستە بگۆڕدرێنو ببرێنە بەردەم دادگاو یاسا سەروەر بێت بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە دەفەرموێت: {**لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِّن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللّهِ إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللّهُ بِقَوْمٍ سُوءاً فَلاَ مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ** }**الرعد**11.

دکتۆر عەلی قەرەداغی لەم کتێبەدا (گەشەپێدانو گەندەڵی) کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیە لەسەر هەردوو بواری گەندەڵیو گەشەپێدان تیشك دەخاتە سەر پێناسەی هەردوو چەمکەکەو بە شێوەیەکی بەرفراوان باسی دەکات، گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە نوسەر توانیویەتی لەلایەك گەندەڵی وەك دیاردەیەکی کلتوریو کۆمەڵایەتی باس بکاتو وەك کێشەیەکی گشتی ناو کۆمەڵگایەکی مسوڵمان باسی بکات، لەلایەك باس لەدیاردەی گەندەڵی دەکات لەئیسلامدا کە چەند دیاردەیەکی نامۆ و بێزراو دوور لەو پەیامەیە کە ئیسلامی بۆ رەوانە کراوە، کەئەویش دروست کردنی مرۆڤی چاکە خوازو شەفافو دادپەروەرو راستگۆ و دڵسۆزە.

لە لایەکی تریشەوە لەرووی فیکری سیاسی نوێوە هەموو ئەو پێناسەو هۆکارانە دەهێنێت کەلەلایەن زانایانو نوسەرو ئەکادیمیە نوێیەکانەوە باس دەکرێت، هەروەها بۆ بواری گەشەپێدانیش بە هەمان شێوە پشت بە

هەردوو جیهانبینی ئیسلامیو رۆژئاوایی دەبەستێتو لە هەردو لایەوە دەیەوێت بەرنامەیەکمان بخاتە بەردەست بۆ ئەوەی کە بتوانێت بەپلانێکی ستراتیجی نوێوە رووبەرووی گەندەڵی ببینەوەو بەرنامەیەکیش بۆ گەشەپێدان دابرێژین هەتا ئێمەش وەك گەلانی مسوڵمان بتوانین بەشدار بین لە بنیاتنانی رەورەوەی شارستانیەتو پێشکەوتنو مەدەنیەتو کۆمەڵگاکانمان نمونەیەك بن لەدیموکراسیەتو شەفافیەتو تاکەکانی تیایدا لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا بن بەهۆی ئەو سەروەتو سامانەی کەلە وڵاتەکانیاندا هەیەو لەم رێگەیەشەوە بتوانین وەك گەلانی مسوڵمان ئەزمونێك دروست بکەین کە شایەنی ئەوە بێت کە گەلانی مسوڵمان لەبەردەم هەموو گەلانی جیهاندا شانازی پێوە بکەنو پێیان بڵێن نمونەی گەلێکی مسوڵمان دەبێت بەم شێوەیە بێت.

عومەر عەلی محمد

# بەشی یەکەم

## گەشەپێدان لەسایەی فیکری ئیسلامیدا

لەرێگەی قورئان‌و سوننەت‌و وتەی زانایانەوە ئەوەمان بۆ روونەبێتەوە کەدەکرێت پێناسەی(گەشەپێدانی هەمەلایەنە) لەفیکری ئیسلامیدا لەدوو روانگەوە بکەین:

1- لەڕوانگەی حەقیقەت‌و راستەقینەکەیەوە.

2- لەڕوانگەی ئەنجامەکانیەوە.

⋆ **لەروانگەی حەقیقەت‌و راستەقینەکەیەوە:** بریتیە لەپاك راگرتن‌و نەشونماکردنی رۆح بەدابینکردنی داخوازییەکانی لەئیمان‌و بیروباوەڕی دروست، لەئازادی، لەئاسایشی دەرونی‌و، کۆمەڵایەتی، هەروەها گەشەپێدانی جەستەش بەدابینکردنی خواستە مادیی‌و ئابورییە رەواکانی.

پاشان گەشەپێدان لەم سێ لایەنەوە بە(زەروریات)[1] دەست پێدەکات، دواتر بۆ (حاجیات)[2]، لەوێشەوە بۆ (تحسینیات)[3]، پاشتر لەبازنەی تەحسینیاتدا

---

[1] – الضروریات: زەروریات، مەبەست لەپێداویستیە بنەڕەتیەکانە.

[2] – الحاجات: پیویستیەکان، مەبەست لەپێداویستیە مامناوەندەکانە.

[3] – التحسنیات: جوانکاریەکان، مەبەست لەوخواستانەی مرۆڤە بۆ جوانکاری لەدەرەوەی پێداویستیە بنەڕەتی و مامناوەندییەکان.

گەشەپێدانی چەندێتیو چۆنێتی هەیە، کەواتە ئەم کردارە لەزیادکردنێکی بەردەوامدایە، بەردەوام زیادە بەتاكو کۆمەڵ دەبەخشێت بێ ئەوەی بزانێت وەستان چیە، چونکە وەستان خۆی لەخۆیدا کرۆکی دواکەوتنە. خوای گەورە دەفەرموێت {لِمَن شَاء مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ}سورة المدثر(37)، لەم ئایەتەدا خوای گەورە (توقف)ی دانەناوە کەبەواتای وەستان دێت، چونکە وەستاون بۆخۆی بریتیە لەدواکەوتن.

⋆ **گەشەپێدان لەروانگەی ئەنجامەکەیەوە:** بریتیە لەدابینکردنی بەختەوەریو خۆشگوزەرانی رۆحیو دەرونیو جەستەیی، بۆ مرۆڤ لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا کەتیایدا دەژی.

## ئامڕاژەکانی گەشەپێدان لەئابوریی ئیسلامدا

لەتێڕوانینی ئێمەدا: ئاماژەی گەشەپێدانی هەمەلایەنە بریتیە لەهێنانەدی ئەو ئامانجانەی پێشوو، بەڵام لەلایەنی ئابورییەوە دەتوانین بڵێین کەئاماژەی سەرکەوتنی گەشەپێدان لەسەر ئاستی تاکەکەسی بریتیە: لەدەرچون لەئاستی هەژاری بۆ ئاستی ژیانی مامناوەند، لەوێشەوە گەیشتن بەئاستێکی باش کە مرۆڤ پێداویستیسەکانی دابین ببێت. دواتر لەم بارەیەوە دەدوێین.

لەسەر ئاستی کۆمەڵگاش بریتیە: لەگەیشتنی کۆمەڵگا بەئاستی خۆژییەنی لەهەرسێ لایەنی کشتوکاڵی، پیشەسازی، بازرگانیەوە، لەگەڵ دابینکردنی هێزێکی ئابوریی تەواو، هێزێکی سیاسیو سەربازی تۆکمە، هەروەها رزگاربوون لەپاشکۆیەتی بەهەموو شێوەکانیەوە. ئەمەش لەرێگەی پێشەکەوتنی زانستیو تەکنەلۆجیو، داهێنانو توانای هاوبەشی کردنی

چالاكانه لەبەرِێوەبردنی سیستمی نێودەوڵەتی، هێنانەدی دروستكردنی ئوممەتی (شاهد) كەبەحەقو دادپەروەری دەبێتە شاهید بەسەر گەلانی ترەوە

## بایەخی گەشەپێدانو حوكمەكەی

گەشەپێدانی هەمەلایەن بەو واتایەی باسمان كرد، بریتی بووە لەئامانجی ناردنە خوارەوەی كتێبە ئاسمانیەكانو رەوانەكردنی پێغەمبەران (درودی خوایان لەسەر بێت). - واتە خوای گەورە كتێبە ئاسمانیەكانو پێغەمبەرانی لەپێناو ئەو ئامانجەدا ناردوە - .

خوای گەورە پەیامی خۆی بۆئەوە ناردۆتە خوارەوە كەبەختەوەری دنیاو قیامەت بۆ مرۆڤەكان دابین بكات، تاكو كۆی خێرو رەحمەتو چاكەیان بۆ دەستەبەر بكات، هەموو دروشمە ئاسمانیەكانیش لەپێناوی دوو مەبەستدان، یەكەمیان سەلماندنی بەندایەتی بۆ پەروەردگارو، دووەمیان چاككردنی مرۆڤ تاكو گونجاو بێت بۆ گەیاندنی پەیامی خوا لەسەر زەویدا، ئەمەش بریتیە لەجێنشینیو ئاوەدانكردنەوەو بونیادنانو ژیانسازی - وەك ئاماژەمان پێكرد -

لەبەرهەموو ئەمانە، كەواتە گەشەپێدانی هەمە لایەنە، تەنانەت گەشەپێدانی ئابوریی ئەركێكی شەرعیو، پێداویستیەكی هاوچەرخە، ئوممەتی ئیسلامی نەهێزو نەسەربەرزیو نەرِێزی دەبێت، ئەگەر ئوممەتێكی یەكگرتووی بەهێزی دەوڵەمەند نەبێت، بەچەشنێك پێویستی بەدەرەوەی خۆی نەبێت لەهێزو پیشەسازیو چەكدا، بائەوە بوەستێ كەسەدان ملیۆن مرۆڤ لەبرساندا دەتلێنەوە، كەمترین ئاستی ژیانی شكۆمەندانەیان نیە، تەنانەت سەدان هەزار كەس بەهۆی برسێتیەوە دەمرن، بەهۆی بەدخۆراكیو نەبونی دەرمانەوە دەمرن.

هەربەسەیرکردنێکی خێرای براکانمان لەئەفەریقاو ئاسیاو، بینینی بارودۆخو ژیانیانو ئەو کارەساتانەی بەسەریاندا دێت، جەرگ پارچە پارچە دەبێتو، چاو فرمێسك دەڕێژێت، ئێمەش حەیران دەکاتو دەپرسین؟ بۆچی ئەم ئوممەتە بەم هەمو تواناو دەوڵەمەندیەوە گەیشتۆتە ئەم ئاستە؟ بەڕاستی ئەمە بەرپرسیارێتی هەموانە، ئەمە بەهۆی کەمتەرخەمی لەبەرکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکانو، خراپ دابەشکردنی بەرهەمو داهاتەکانو، سەرکوتکردنو بێ ئیرادەکردنی مرۆڤەکانەوەیە.

ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین بەشێوەیەکی کورت مەرجەکانی گەشەپێدانی هەمەلایەنە باس بکەین.

## مەرجەکانی دابینکردنی گەشەپێدانی هەمەلایەنە لەفیکری ئیسلامیدا:

فیکری ئیسلامی لەروانگەی بەهاو نرخی مرۆڤەوە دەچێتە نێو بابەتی گەشەپێدانەوە، بەچەشنێك مرۆڤ لەفیکری ئیسلامیدا جەمسەری سەرەکیو، سەنتەری ئاراستەکردنو گرنگی پێدانە، مرۆڤ ئەو کائینەیە گەشەکردن رادەپەرێنێت ئەگەر بەباشی بۆ ئەم کارە ئامادەکرابێت، هەر مرۆڤیشە هۆکاری شکستی گەشەکردنە، لەبەرئەوە لەکاتی شکستەکانیدا جگەلەخۆی نابێت گلەیی لەهیچ کەسێکی تر بکات. خوای گەورە دەفەرموێت {أَوَلَمَّا أَصَابَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنْفُسِكُمْ إِنَّ اللّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} (165) سورة آل عمران.

فیکری ئیسلامی ئەنجامەکان دەبەستێتەوە بەهۆکارە ئاشکراکانەوە، ئەوە قبوڵ ناکات بەپرسیاری ئەنجامەکان بەتەنها بدرێنە پاڵ هۆکارەکانی

دەرەوەی مرۆڤ، لەبەرئەوە فیکری ئیسلامی مرۆڤەکانی تر ناکاتە(دوژمن یان شتی تر)، ئەوانی تر ناکاتە (عەلاگە) و نەهامەتیەکانی ئوممەتی پیا هەڵبواسێت، بەڵکو بەرپرسیارێتی ئەنجامەکان دەخاتەوە ئەستۆی مسوڵمانان خۆیان، هەروەها ئەنجامەکان دەبەستێتەوە بەهۆکارە ئاشکراکانەوە. ئەمە یاسای پەروەردگارەو ویستی ئەوە تاکو مرۆڤەکان لەسەری بڕۆن، یاسای خوا ئەوەیە کەئاسمان ئاڵتونو زیو نابارێنێت، سەرکەوتن لەئاسمانەوە دانابەزێت ئەگەر مرۆڤەکان گۆڕانیان بەسەردا نەیەت، ئەگەر ئەوان کارنەکەنو تێ نەکۆشن، ئەگەر ئارام نەگرنو لەخوا نەترسن.

هەروەها خوای گەورە نازو نیعمەتێك ناگۆڕێت بەبەلاو سزا، تاکو تاکەکان بەرەو ستەمکردنو خراپەکاریو بەد رەفتاری نەگۆڕێن، تاکو بەرەو تاوان و دەسەوسانیو تەمبەڵی نەڕۆن، مرۆڤەکان خۆیان هۆکارن، لەبەرامبەردا خوای گەورە بەلاو سزا ناگۆڕێت بەنازو نیعمەت ئەو کاتە نەبێت کە دەرونەکانو مرۆڤەکان گۆڕابن بەرەو ئیمانو کرداری چاکەو، چاکیەکان.

لەبەرئەوە لەدیدو بۆچونی ئیسلامەوە هیچ گەشەپێدانو، هیچ سەرکەوتنو، هیچ ژیارێك نایەتەدی تەنها بەمرۆڤو، بەئامادەکردنێکی باشی مرۆڤ نەبێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ}سورة الأنبياء(105). وشەی (عبادی) ئاماژەیە بۆسەرجەم بیروباوەڕە دروستو بەهاو کردارە چاکەکان، وشەی (الصالحون) یش ئاماژەیە بۆ ئامادەکردنێکی باشی ئیمانی و زانستی و تەکنۆلۆژی تاکو مرۆڤەکان لەباروگونجاوبن بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیو چەسپاندنی دادپەروەریو ئاوەدانکردنەوەی زەویو شاهیدیدان لەسەر خەڵکی بەحەقو دادپەروەرانە.

ئیبن خەلدون کۆمەڵێك وشەی رونو درەوشاوەی گوتوە سەبارەت بەدابینکردنی گەشەپێدان لەدیدی ئیسلامەوە. دەڵێت: (موڵك عیزەتی بۆ دابین نابێت بەشەریعەت نەبێت، هەروەها بەهەستان بەگوێڕایەڵی کردنی پەروەردگارو رەفتارکردن لەژێر فەرمانو رێگرییەکانی ئەودا نەبێت، شەریعەتێك بەرقەرار نابێت بەموڵك نەبێت، موڵکیش عیزەتی نابێت بەپێدان نەبێت، پێدانیش بەرقەرار نابێت بەسەروەتو سامان نەبێت، هیچ رێگایەکیش بۆ گەیشتنە سەروەتو سامان نیە جگە لەئاوەدانکردنەوە، رێگایەکیش بۆ ئاوەدانکردنەوە نیە تەنها دادپەروەری نەبێت، دادپەروەریش شایەنو تەرازوی جێگیرکراوی نێوان بەدیهێنراوەکانە، خوای گەورە دایناوەو جێگیری کردوە، ئەو بەهاو نرخی پێداوە، هەر پەروەردگار پادشای راستەقینەیە. ئەمانە هەشت وشەی داناییں، هەندێکیان پابەندن بەهەندێکی تریانەوە، هەردانەیەکیان وشەی کۆتاییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی سەرەتاکەی، واتە لەسەر یەك بەندن، هەرهەموشیان لەبازنەیەکدا پەیوەستن بەیەکەوە کەرێگاکانی دیاری ناکرێن، واتە تەواوکەری یەکترن و لێك دانابڕێت)[4]

ئەم هەشت ئەڵقەیە لەتوانایدایە بۆشاییەکان پڕبکاتەوەو گەشەکردنی هەمەلایەنە دابین بکات بەپشتیوانی خوای گەورە.

---

[4] - د.محمد عمر شابرا، مستقبل علم الاقتصاد من منظور اسلامي، چاپ دار الفكر دیمەشق لاپەڕە (190 - 206)

## مەرج و راگرەكانی گەشەپێدان

**مەرجی یەكەم:** ئامادەكردنی ئیمانیو پەروەردەییو رەفتاری بۆ ئەو مرۆڤەی بەكاری گەشەپێدان هەڵدەستێت.

جائەگەر دەوڵەت دەیەوێت گەشەپێدانی هەمەلایەنە ئەنجام بدات پێویستە ئامادەكردنی هەمەلایەنەی بواری عەقیدەیو، لایەنی رەوشتیو هەڵسوكەوتی بخاتە نێو بەرنامە بنەڕەتیە پەروەردەییەكانیەوە، تاكو بتوانێت بڕوادارێكی بەهێزی دەست بكەوێت.

### پەیوەندی ئامادەكردنی ئیمانیو رەوشتی بەگەشەپێدانەوە:

أ- ئەوەی نرخی ژیان بەمرۆڤ دەبەخشێت بریتیە لەبیروباوەڕی دروست، هەر ئەو بیروباوەڕەیە نەمری بەمرۆڤ دەبەخشێت، بەچەشنێك تەمەنی بەو بڕە كەمەی بۆی دیاریكراوە كۆتایی نایەت، بەڵكو درێژ دەبێتەوە بۆ قیامەت، لەبەرئەوە ئەو مرۆڤە بۆ ئەو ژیانە نەمریە كار دەكات، بۆ دەستخستنی بەهەشتی دنیاو قیامەت، لەبەرئەوە ئەو مرۆڤە بۆ ئەو ژیانە نەمریە كاردەكات، هەروەها مرۆڤی بڕوادار لەروانگەی بیروباوەڕەكەیەوە خۆی بەجێنشین، یاخود جێنشینی پەروەردگار دەزانێت لەزەویدا.

ئەم بڕوایە هێزێكی گەورەی پاڵنەری پێدەبەخشێت بۆ ئەنجامدانی زۆرترین كاری چاكە، بەچەشنێك ئەگەر مرۆڤێكی بێ بڕوا تەنها كار بۆ دونیا كورتەكەی بكاتو، هەموو تواناى لەپێناویدا بخاتە كار، ئەی دەبێت كەسێك بۆ ژیانێكی نەبڕاوە كاربكات چی لەسەر بێت؟ هەروەها ئەم بیروباوەڕە دەیخاتە بەردەم ئامانجێكی گەورەوە كە بریتیە لەئاوەدانكردنەوەی گەردون لەبەر رۆشنایی بەرنامەی خوای گەورەدا.

پاشان بڕوابوونی بەخواو، بەرۆژی قیامەتو ئەو نازو نیعمەتو خۆشیانەی کەتیایەتی بەرگری لێ دەکات لەستەم کردنو خواردنی سەروەتو سامانی خەڵکی بەناڕەواو، لەهەموو پیسیو خراپەو ئازار بەخشەکان دەیپارێزێت، بەمشێوەیە دەبێتە مرۆڤێکی باشی سوود بەخشو دور لەزیان.

ب- پەروەردەی رەفتاری دروست وا لەمرۆڤی مسوڵمان دەکات کەسێکی باشو سوود بەخش بێت لەهەڵسوکەوتەکانیدا، زیان بەهیچ مرۆڤێك نەگەیەنێت، تەنانەت بەهیچ ئاژەڵو ژینگەیەکیش.

کەواتە پەیوەندی ئیمانو رەوشت بەگەشەپێدانەوە لەدوولایەنەوەیە:

1- چالاك کردن، لەرێگەی دروستکردنی پاڵنەرێکی بەهێز بۆ کارکردنێکی بەردەوامی چاکی هەمیشەیی هەرماوە.

2- رێگرتن، لەرێگەی قەدەغەکردنی مرۆڤ لەئەنجامدانی کارە زیانبەخشەکانو تاوانو هەرشتێك زیانی تێدا بێت.

ئەگەرلەبواری عەقیدەو بیروباوەڕدا رۆبچین، دەبینین عەقیدەو بیروباوەڕ بەسێ رۆڵ هەڵدەستێت، یاخود دەرونەکانی بۆ ئامادە دەکات، کەبریتین لە:

<u>رۆڵی یەکەم</u>: ئیمان ئاسایشی ناوخۆییو دەرونی بەخاوەنەکەی دەبەخشێت، وای لێدەکات لەگەڵ ئەوەی هۆکارەکان دەگرێتە بەر بەلاّم پشت بەپەروەردگار دەبەستێتو، بڕوای بەقەدەرەکانی هەیە بەچاكو خراپیەوە، بەمشێوەیە لەباری هەژاریو بەلاّو ئاشوبدا ئارام دەگرێتو ئەژنۆی ناشکێتو نائومێد نابێت، خەمو خەفەت بۆ رابردوی ناخوات، بەڵکو رازییە بەوەی

**خوای گەورە بۆی بڕیارداوە، رازییە لەوبەشە رزقو رۆزییەی پێی بەخشیوە. لەباری دەوڵەمەندیو خۆشگوزەرانیشدا سوپاسگوزارەو، گەردن کەچو خۆبەکەمزانە، نەسەرکەش دەبێتو نەلەخۆ بایی دەبێت، خۆی بەگەورە نازانێتو خۆی بەسەر خەڵکیدا زاڵ ناکات، بەڵکو سەروەتو سامانەکەی لەپێناوی خوادا دەبەخشێت بۆ دابینکردنی هاوسەنگی و هێنانەدی خێروچاکە بۆهەموان.**

**بەمشێوەیە لەهەموو بوارەکاندا تاوان ئەنجام نادات، نەبەهۆی هەژاریو نەبونیەوە، نەبەهۆی هێزو دەوڵەمەندیەوە، ئەو لەپەروەردگاری دەترسێتو، هاوشێوەی کوڕە باشەکەی ئادەم پێغەمبەر(ﷺ)رەفتار دەکات کەبەبرا خراپەکەی خۆی گوت:** {لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَاْ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لَأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ} (28) سورة المائدة.

**ئاسایشی دەرونی بەشێوەیەکی زۆر باش یارمەتی بەرهەمهێنان دەدات، ئەنجام نەدانی تاوانیش دیارە کە چ کاریگەرییەکی لەسەر پاراستنی سەروەتو سامانو گەشەپێدان هەیە، هەروەها هاندەرە بۆ وەبەرهێنانو سەرمایەگوزاری لەلایەن خەڵکانی ترەوە، چونکە گرنگترین راگرە بەهێزەکانی سەرمایەگوزاری بریتیە لەنەبونی ترس لەدەستدرێژی کردنە سەر سامانو گیانی وەبەرهێنەرەکەو تیمەکەی، ئەمە جگە لەوەی کەبڕوادار بڕوای بەوەهەیە بەرەکەتی مەعنەوی لەئاسمانەوە دادەبەزێت لەکاتی هەبونی ئیمانو لەخواترسانو داوای لێخۆشبون کردندا.**

**<u>رۆڵی دووەم</u>: عەقیدەو بیروباوەڕی دروست پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت بۆ کاری جدیو پڕبایەخ، ئیدی مرۆڤ بەو تەمبەڵیو دەسەوسانیو بێ تواناییە مەست نابێت کەپێغەمبەری خوا (ﷺ)پەنای لێ گرتوە، بەڵکو ئەوە ئیمانە کەتواناکانی بڕوادار دەتەقێتەوەو پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی کاری چاکەو لەخواترسانو داوێن پاکیو پاکوخاوێنیو ژیانپاکی، لەگەڵ**

هەموو ئەمانەشدا پشت بەپەروەردگاری دەبەستێت‌و، پارێزگاری لەبەرژەوەندییەکانی خەڵکانی تر دەکات، لەبەرئەوە نابینین باسی ئیمان کرابێت‌و لەتەنیشتیدا باسی کرداری چاك نەکرابێت، ئیمان‌و کرداری چاکە دوانەیەکی لێك جیانەبووەن، ئایەتە قورئانیەکان بەرەکات‌و بەروبومی زۆریان بەستۆتەوە بەئیمان‌و تەقواوە، کەئەمەش لوتکەی کارە لەگەڵ دڵسۆزیدا، هەروەها ئیمان‌و کاری چاکەی پێکەوە گرێداوە، ژیانی پاك‌و کاری چاکەی لەدونیادا لەگەڵ پاداشتی چاکی قیامەتدا پێکەوە گرێداوە، خوای گەورە دەفەرموێت{مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ} سورة النحل(97)

هەروەها دەفەرموێت{وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُواْ وَاتَّقَواْ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ }سورة الأعراف(96)

دەفەرموێت{فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا، يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَارًا، وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَارًا}سورة نوح(10 – 11 – 12)

هەروەها دەفەرموێت (الا تعبدوا الا الله انني لكم منه نذير وبشير، وأن استغفروا ربكم ثم توبوا اليه يمتعكم متعا حسنا الى أجل مسمى ويؤت كل ذى فضل فضله وان تولوا فانى أخاف عليكم عذاب يوم كبير) سورة هود( 2 – 3)

ئەم هەموو ئایەتانە روون‌و ئاشکران لەمەبەستەکانیاندا، کەبەستنەوەی هۆکارو ئەنجامەکانە پێکەوە.

**<u>رۆڵی سێیەم:</u> هەوڵدانی گەرمو گوڕ بۆئەنجامدانی کار بەتواناترینو باشترین شێوە، خوای گەورە دەفەرموێت:** {تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ}سورة الملك(1–2).

**بەلاّم پەروەردەی رەوشتی بریتیە لەدروستکردنی نیەت پاکیو، جوان رەفتارکردن لەگەڵ خەڵکیداو، لەخۆبوردن، داوێن پاکی، چاکەوجوانی رەفتارکردن، هەموو رەفتارە جوانەکانی دیکە.**

**هەروەها پەروەردەی ئاینیش تەنانەت لەبواری دروشمە ئاینیەکاندا رۆڵێکی گەورەی لەسەر رەفتاری دنیایی مرۆڤ هەیە بەمەرجێك دروشمەکان بەشێوازە دروستەکانیان ئەنجام بدرێن، بۆنمونە، نوێژ مرۆڤ لەکاری خراپو بەدرەوشتی دەگرێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت{** إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ } سورة العنكبوت(45).

**زەکاتیش پەرستشو دروشمێکی داراییە بۆ پاککردنەوەی دەرونەکانو سەرمایەکان، هەروەها بۆدابینکردنی مافی خاوەن پێداویستیەکان، خوای گەورە دەفەرموێت{**خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا}سورة التوبة(103)

**رۆژو پەرستشێکی دەرونی رۆحانیە بۆ پاککردنەوەی دڵو دەرون، خوای گەورە دەفەرموێت{**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ}سورة البقرة(183)

**سەبارەت بەحەجیش دیارە کەپەرستشێکی فرە رەهەندەو هەموو لایەنەکان دەگرێتەو{**لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ}سورة الحـج(27).

ئەم بیروباوەڕو رەوشتو پەرستشە ئیسلامیانە بەراستی مرۆڤ ئامادە دەکەن تاکو کەسێکی شیاوبێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی گەردونو هەڵگرتنی ئەمانەتو چەسپاندنی دادپەروەریو.....هتد.

**<u>مەرجی دووەم:</u>** ئەو کردارە چاکەی کەواتاکانی نە لەزمانەوانیو نەلەشەرعدا لەجێبەجێ کردنی دروشمە ئاینیەکاندا قەتیس نامێنێت، بەڵکو ناوەرۆكو راستەقینەی کرداری چاکە بریتیە لەهەموو کارێکی باش کەسوود بەمرۆڤو ئاژەڵو ژینگە بگەیەنێت...

پێنج بناغەکەی ئیسلام دەکەونە لوتکەی کاری چاکەوە، پاشان واجباتەکان دێت، دوای ئەو سوننەتەکانو، دواتر رێپێدراوەکان لەگەڵ رەچاوکردنی فیقهی (ئەولەویات)[5] و (موازەنات)[6]

**<u>مەرجی سێیەم:</u>** ئامادەکردنی زانستیو تەکنەلۆجی بۆ مرۆڤ لەکۆمەڵگە ئیسلامیەکەماندا لەرێگای پێدانی زانستی سوودبەخش کەخۆی دەبینێتەوە لەهەموو زانستە دنیاییو قیامەتیەکاندا، بەهەمان شێوە دابینکردنی تواناو لێهاتوییەکانی داهێنانو، پیشەسازییە تەکنەلۆژییە نوێکانو، هەموو بەرهەمە داهێندراوەکان لەم بازنەیەدا.

ئەو ئەزمونانەی ئوممەتی ئێمەو گەلانی دیکەی پێداتێپەڕیوە هەمویان ئەوەیان سەلماندوە کەراپەڕینی هەمەلایەنە، یاخود گەشەکردنی هەمەلایەنە

---

[5] - مەبەست پێی : ریزکردنی کارەکانە بەپێی گرنگی و لەپێش بونیان، لەگرنگترینیانەوە بۆ گرنگ و...هتد- وەرگێر

[6] - مەبەست پێی: هەڵسەنگاندنی کارە بەپێی سوودو زیانەکانی، کێشانی کارەکانە بەتەرازوی شەرعدا - وەرگێڕ-

نایەتەدی بەگۆڕینی دەرونەکان نەبێت، لەدەرونێکی سستو بزرکاوەوە بۆ دەرونێکی چالاکی ئارامو دڵنیا، بەگۆڕینی ئارەزوی مرۆڤەکان نەبێت لەئارەزویەکی پەشێو و چاولێکەرو چەقبەستوەوە بۆ ئارەزویەکی رێکخستنخوازو نوێگەرو داهێنانکار، هەروەها خستنە گەری لەسەر بنەمایەکی دنیامیکی بەچەشنێك بەردەوام لەگەڕاندابێت بەدوای چاکترێندا – چاکترین سیناریۆکان لەهەموو بوارەکاندا – هەروەها بۆ گۆڕینی پرۆگرامەکانی پەروەردەو فێرکردن لەچاولێکەریو پاشکۆیەتیو چەقینو دوبارەکردنەوەوە بۆ پرۆگرامێکی بونیادنەری بەتوانا لەدروستکردنی پیاوانو زانایاندا.

هەموو ئەمانەش نایەنەدی تەنها بەو زانستە نەبێت کەخوای گەورە کردویەتیە کلیلی جێنشینی و ئاوەدانکردنەوەی زەوی، ئێمە لێرەدا بەکورتی باس لەو مەرجو رێکخەرانە دەکەین کەیەکەم سورەتی قورئانی کاتێك دابەزیوە بۆ سەرپێغەمبەری نازدارمان ﴿ﷺ﴾ باسی کردوە: بەم شێوەیە:

## زانست مەرجی سەرەکیەو، کلیلی دەسەڵاتداریشە

مەبەست لەزانست نەهێشتنی نەخوێندەواری نیە، بەڵکو نەهێشتنی نەخوێندەواری پلەی یەکەمی زانستە، دوای ئەو نەهێشتنی نەفامیە بەرامبەر راستیەکان، پاشان پلەی سێیەم بریتیە لەزانستێکی هەمەلایەنەی سوود بەخشی کاریگەر، بەتایبەتی لەبواری تەقەنیاتو هۆکارە کاریگەرەکاندا، ئەوەی کەئەمرۆ بەتەکنەلۆجیای هاوچەرخ ناودەبرێت.

قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەرۆڵو ئەرکی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لەبەرامبەر ئوممەتەکەیدا کردوە، خوای گەورە دەفەرموێت {هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ} سورة الجمعة(2)

ئەوگەلو نەتەوە نەخوێندەوارەی ناخوێنێتو نانوسێت، نەزانە بەرامبەر راستی فرمانەکانو ناوەرۆكو سەرەنجامەکانی وێڵو سەرگەردانە لەدینو دنیادا، گەلێکە بەمجۆرە هەرگیزناتوانێت بەختەوەری دینو دوارۆژی بەدەست بهێنێت. لەبەرئەوە لەئەرکەکانی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ هەستان بوە بەم کارانە:

1- پاککردنەوەی دڵو دەرونو ناخیان بەپاککردنەوەی لەقینو ئیرەیی، لەرقو دوبەرەکیو ناکۆکی، پاشان پڕکردنەوەی بەهەموو بەهاو رەوشتە بەرزو جوانەکان، وەك خۆشەویستیو پاکیو بێگەردیو خاکی بوونو بەخشندەیی، تاکو ببینە یەك جەستە، بەمشێوە لەسەر پڕۆگرامی دیاریکراو کۆدەبنەوەو ئوممەتیان لێ دروست دەبێت، چونکە ئوممەت لەمیللەتانی کەرت کەرتو، گەلانی ناکۆكو، دڵانی پڕ لەقینو، دەرونانی پڕلەکینەو، رۆحە پیسەکان دروست نابێت.

ئایەتەکەش ئەوەی روونکردۆتەوە کەهۆکاری هێنانەدی ئەم ئامانجە بریتیە لەپەروەردەیەکی ئیمانی راوەستاو لەسەر خوێندنی قورئانی پیرۆزو، کارپێکردنی، هەروەها سوننەتیش کەرونکەرەوەی قورئانەو، ژیاننامەی پێغەمبەری خواش﴿ﷺ﴾دەچێتە هەمان بازنەوە، ئەوژیاننامەی کەرەفتارە بەرزو جوانەکانی پێغەمبەری خودامان بۆ روندەکاتەوە، تەنانەت پەروەردگار شاهیدی ئەوەی داوەو دەفەرموێت{وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ}سورة القلم(4).

2- فێرکردنی کتێبەکان، کەلەسەروی هەمویانەوە قورئانی پیرۆزە، بەڵام ئەرکەکە فێرکردنی هەموو کتێبێکی سوود بەخش بەدینو دنیا دەگرێتەوە. کەواتە هەرچی زانستی بەدەست هێنراو هەیە دەچێتە ئەم بازنەیەوە،

چونکە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لەڕێگەی قورئانەوە کلیلی هەموو زانستەکانی داوەتە دەستی ئەم ئوممەتە.

3- دانایی، کەبریتیە لەهەموو شتێکی سوودبەخش، کەواتە هەموو زانستەکان دەگرێتەوە ئەگەر جێبەجێ بکرێت، چونکە سوودی زانست لەخودی زانستەکەدا نیە، بەڵکو لەجێبەجێکردنیدایە، زانستی سوودبەخش ئەو زانستەیە سوود بەخاوەنەکەی دەگەیەنێت، پاشان کەسانی تری پێ سوودمەند دەکات، مرۆڤ فێری زانست دەبێتو سودمەند دەبێت، دواتر خەڵکی فێر دەکاتو سودیان پێ دەگەیەنێت، ئەگەر وانەبێت ئەوە ئەو زانستەی جێبەجێ ناکرێت دەبێتە بارقورسی بەسەر خاوەنەکەیەوە، خوای گەورە دەفەرموێت{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ، كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ}سورة الصف(2- 3).

کەواتە سود وەرگرتن لەزانستو تەقەنیاتو تەکنەلۆجیای هاوچەرخ دەچێتە خانەی داناییەوە. بەهەمان شێوە هەموو ئەزمونە سودبەخشەکانی کەسانی دیکە دەگرێتەوە، هەروەها پرۆگرامی سودبەخش دەگرێتەوە، چونکە دانایی بریتیە لەدانانی شتی گونجاو لەشوێنو کاتی گونجاودا، بەشێوەیەکی گونجاو، ئەمەش پڕۆگرامی دروستە بۆ گەشتنە ئامانجە دەستنیشانکراوەکان.

کەواتە ئەم ئایەتە زۆربەی مەرجەکانی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی لەخۆ گرتووە، کەخۆی دەبینێتەوە لەنەهێشتنی نەخوێندەواریو، لابردنی نەفامیو جێبەجێکردنی زانستی سودبەخشو، بەهاو رەفتارە بەرزەکانو، سودوەرگرتن لەئەزمونە سودبەخشەکانو، پڕۆگرامی دروست لەڕێگەی پلانی پتەو تۆکمەوە.

هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی زانست بەو واتایەیی باسمانکرد بریتیە لەکلیلی گەشەپێدانی هەمەلایەنە، نەك هەرئەوەندە، بەڵکو بریتیە لەکلیلی دەسەڵات گرتنە دەستو جێنشینی لەسەر زەویدا، بەمشێوەیە:

<u>**یەکەم:**</u> خوای گەورە ئادەمی بەدیهێناوە تاکو ببێتە جێنشین لەسەر زەویداو (ئامانج) و (پەیامی) بۆ دیاریکرد، ئامانجەکە بریتیە لە پەرستنی خوای گەورە چونکە بەم پەرستنە دەرونی پاك دەبێتەوەو بارودۆخی باش دەبێتو خۆی دەبێتە مرۆڤێکی چاكو خەڵکیش چاك دەکات.

بەڵام پەیامەکەی بریتیە لەئاوەدانکردنەوەی گەردون لەبەرژەوەندی مرۆڤایەتی، خوای گەورە دەفەرموێت{هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ } (61) سورة هود.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم پەیامەش مرۆڤ پێویستی بەزانستی هەڵێنجان (استنباطي) هەیە کە مرۆڤ لەرێگای ئیجتیهاداتو شارەزاییەکانیەوە دەستی دەخات.

لێرەوە دەزانین کەفریشتەکان پەرستشی تەواوی پەروەردگاریان دەکەن{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ}سورة التحريم(6).

زانستی پێ بەخشراویشیان هەیە کەلای خواوە پێیاندراوە، بەڵام کاتێك خوای گەورە لەگەڵ ئادەمدا (سەلامی خوای لێ بێت) تاقیکردنەوەی لەزانستی (استنباط)دا پێ ئەنجامدان، فریشتەکان دەرنەچوون، خوای گەورە فەرمانی پێکردن کڕنوش بۆ ئادەم ببەن.

کەواتە پێوەری جێنشینی بەتەنها پەرستش نیە بۆ پەروەردگار، وەك فریشتەکان بەپەروەردگاریان گوت: {وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي

الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُواْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاء وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ }سورة البقرة(30). بەڵکو پێوەرەکە بریتیە لەزاستی (استنباط) لەگەڵ پەرستشی پەروەردگاردا کەخوای گەورە هەردوکیانی بەئادەم بەخشیوە، لەبەرئەوە ئەو شایستەی ئەوە بوو ببێتە جێنشین لەسەر زەویدا.

**دووەم:** لەگەڵ هاتنە خوارەوەی یەکەم ئایەتی قورئانی پیرۆزدا دەبینین یەکەم ئایەت چارەسەری پرۆگرامی زانستو فێرکردن دەکات، دور لەوەی هەموو مرۆڤێك لەدابەزینی کتێبی ئاسمانیدا چاوەڕوانی دەکات کەئەویش بریتیە لەچارەسەری کێشەی عەقیدەو بیروباوەڕ، یاخو چارەسەری کێشەی پەرستش..... بەڵکو لەیەکەم ئایەتو یەکەم سورەتدا دەفەرموێت {اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ} سورة العلق(1).

ئەم ئایەتانە کەدێنە خوارەوە داکۆکی لەخوێندنەوەو زانست دەکەن لەسەر پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار، لەناو گەلێکی نەخوێندەواردا، لەژینگەیەکی پڕنەفامیدا، لەکاتێکدایە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لەئەشکەوتی (حراء) دا خۆی پەناگرتوەو پێویستی بەوە هەیە عەقیدەو بیروباوەڕو پەرستشی راستەقینەی بۆ روونبکرێتەوە، بەلاّم خوای گەورە - کەداناترین دانایە - ئەم ئایەتانەی بۆ دەنێرێتە خوارەوە.

بەراستی زۆرم بیرکردەوە، سالاّنێکی دورودرێژ لەگەڵ ئەم ئایەتانەدا ژیام تاکو خوای گەورە هیدایەتیدام بۆ حیکمەتێك - کەخوا خۆی شارەزاترە پێی – ئەویش ئەوەیە ئەم ئوممەتە بۆ ئەوە نێردراوە بۆ خەڵکی تاکو میراتگری زەوی بێت{وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ}سورة الأنبياء(105).

ئەم کەسانەش بەکۆدەنگی زانایان بریتین لەئوممەتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾لەبەرئەوە ئەوانە پێویستیان بەکلیل میراتگری‌و دەسەڵاتداری هەیە، خوای گەورەش ئەوەی بۆ رونکردونەتەوە کەکلیلی ئەمە بریتیە لەچاککردنی پرۆگرامی فێرکردن، ئەویش لەرێگەی:

أ- خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە بۆ کتێبی خوێندراوە (قورئانی پیرۆز)و، بۆ کتێبی کراوە (گەردون).

خەڵکی لەپێش ئیسلامەوە بەزۆری خۆیان قەتیس دەکرد یان لەخوێندنەوەی کتێبە ئاینیەکانداو لەژیانی دونیا دوردەکەوتنەوەو دادەبڕان، یاخود کتێبی گەردونیان دەخوێندەوەو لەقیامەت دەوردەکەوتنەوەو دادەبڕان، بەڵام ئەم ئایەتانەی دابەزین فەرمانی رەها بەخوێندنەوە دەکەن، بەچەشنێك کەخوێندنەوەی هەموو شتێك دەگرێتەوە، دەبینین (مفعول بە) یەکە لابراوە لەدوای کرداری (اقرا) دوە، بەمشێوە مەبەست پێی خوێندنەوەی هەموو شتێکە دور لەدیاریکردنی ئەو شتە.

ب- خوێندنەوەی پێشهاتە نوێیەکان لەهەموو کاتێکدا، چونکە لەرستە کرداریيەکەوە ئەوە تێدەگەین ئاماژەیە بۆ هەموو پێشهات‌و نوێیەك.

ج- خوێندنەوەیەکی بەردەوامی واتا روون، وەك لەفرمانەکەوە ئەوە تێدەگەین کەمەبەستی دوبارەکردنەوەیەو، ئەمەش مەزهەبی ئوصولیەکانە.

ء – لەدەست نەدانی کات‌و دەرفەتەکان‌و دوانەکەوتن ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بێت، وەك لەداڕشتنی فەرمانەکەوە دەردەکەوێت کەمەبەستی خێرا راپەراندنە.

ه- پێویستە خوێندنەوەکە بەشێوازێکی ئارام‌و ئامانجدارو، ئاوێزان بێت بەناسکی‌و نەرمونیانی، هەروەها بەپلەبەندی پێویست‌و داواکراو، ئەمەش

لەپەیوەستکردنەوەی خوێندنەوە بەخوای گەورەوە وەرگیراوە {اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ} سورة العلق(1).

و- سود وەرگرتن لەهەموو ئەو شتانەی لەقورئانی پیرۆزدا هاتوون نەك بەتەنها بۆ بابەتە تەقلیدیو پەرستشیەکان، بەڵکو لە فەرمانە دنیایەکانو لەو زانستانەشدا کەپەیوەندیان بەمرۆڤەوە هەیە ، هەروەها هەموو گەردونیش ئەویش لەڕێگای {الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ}ەوە، لەڕێگای {عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ}ەوە، لەسەر تەفسیری هەندێك لەزانایان.

ز- سوود وەرگرتن لە هەموو سەرچاوەکانی مەعریفە کە بریتین لە هەستەکان، هەروەها لەژیریو ئەزمونەکان کەلەئایەتی {الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ}دا ئاماژەی پێکراوە .

ح- دروست کردنی پەیوەندی لەنێوان خوێندنەوەو زانستو لەنێوان ژیریو حورمەتی مرۆڤدا لەڕێگای ئایەتی: {اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ}ەوە، کە بەواتای ئەوەدێت ئەو خوایەی ڕێزی لە مرۆڤ گرتوە و ژیریو ئازادی لە بازنەی دەسەڵاتی خوادا پێ بەخشیوە .

لێرەوە لەو پەیوەندیە گەورەیە تێدەگەین کە لەنێوان زانستی کاریگەرو -ئەوزانستەی داهێنانو دەسەڵات بە دوای خۆیدا دەهێنێت – لەنێوان ڕێزو حورمەتو پێداویستیە پارێزراوەکانی مرۆڤدا هەیە وەك خودا دەفەرموێت: { كَلٌّ عَلَى مَوْلاهُ أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لاَ يَأْتِ بِخَيْرٍ } سورة النحل(76).

ط- نەبونی کۆتایی بۆ زانست، لە ڕوانگەی ئەم ئایەتەوە {عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ}زانست دەریایەکی بێ بنی هەمیشە شەپۆلاویە، مرۆڤ هەرگیز ناگاتە کۆتاییەکەی، بەڵکو { وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ} سورة يوسف(76).

لەبەرئەوە لەسەر مرۆڤ پێویستە ٍ کە کۆششی بەردەوامو جەسپاو بکات بۆ زیاترو زیاتر، کەواتە نابێت لەقۆناغێکدا بوەستێتو رازی بێت بەوەی

کەهەیە، بەڵکو پێویستە بەردەوام خوازیاری زیاتر بێتو لەوپێناوەشدا کۆشش بکات.

جائەگەر سەیری قورئانی پیرۆزو فەرموده شیرینەکانی پێغەمبەری خوا بکەین ﴿ﷺ﴾ئەوه سەدان ئایەتو فەرمودەی پیرۆز دەبینین کەباس لەرێزو چاکیەکانی زاستو گرنگیەکەی دەکەن .... داوا لەخوێنەری بەڕێز دەکەین بۆئەم سەرچاوانه بگەڕێتەوە.[7]

<u>مەرجی چوارەم :</u>

پاراستنی مافەکانی مرۆڤو رێزوئازادیەکانی، چونکه بێ ئەمانه نه داهێنان له ئارادایه، نه هێز، بەڵکو مرۆڤ له ژێر سێبەری دیکتاتۆریەتو چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی ئازادیەکاندایه، وەك کۆیلەیەکی لێدێت که ئازادیو ئیرادەی ونکردوەو خۆی له دەستداوە، قورئانی پیرۆز باسی له مەترسی چەوساندنەوەو سەرکوتکردن کردوەو به دەربڕینێکی جوانو بەهێز ئەمەی دەربڕیوە، خوای گەوره دەفەرموێت:{وَضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً رَّجُلَيْنِ أَحَدُهُمَا أَبْكَمُ لاَ يَقْدِرُ عَلَىَ شَيْءٍ وَهُوَ كَلٌّ عَلَى مَوْلاهُ أَيْنَمَا يُوَجِّههُّ لاَ يَأْتِ بِخَيْرٍ هَلْ يَسْتَوِي هُوَ وَمَن يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَهُوَ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ} سورة النحل(76).

شتێکی دیکەش پەیوەست دەبێت بەم مەرجەوە ئەویش چەسپاندنی دادپەروەریو دورکەوتنەوەیه له ستەم کردن له مافو ئەرکەکاندا، ئەمەش له رێگای گێڕانەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو، دور له خواردنی ماف یان ستەمو ناحەقی پێکردنێك .

[7]– بگەرێرەوە بۆ ئەم سەرچاوانە: (الرسول العلم: يوسف القرضاوى، مقدمة التحقيق للكتاب: ايها الولد للامام الغزالي: د. علي القرداغي)

**دەكرێت پڕۆگرامی ئیسلام لە یەكێك لە فەرمووده پڕواتاكانی پێغەمبەری خوادا ﴿ﷺ﴾ كورت بكەینەوە كەدەفەرموێت: ( فأعط كل ذی حق حقه )[8]** **خوای گەورە دەفەرموێت:** {إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ إِنَّ اللّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا} سورة النساء(58).

**هەروەها پڕۆگرامی ئیسلام بەردەوام لەسەر مافی هاوتاو دوولایەنە دامەزراوە هەركەس هەیە ئەركیشی لەسەرە، مرۆڤی مسوڵمانیش وەك جێبەجێ كردنی فەرمانی پەروەردگاری مافەكان دەداتو جێ بەجێیان دەكات، بەهەمان شێوە كەسەكەی بەرامبەریش مافەكان دەدات، هەرمرۆڤێكیش بەبێ گرفتو كێشە گەشتە مافەكانی خۆی ئەوا مافەكانی بەرامبەری دەدات، بەم شێوەیە هەموو مرۆڤێك مافی خۆی دور لە كێشەو گرفتو كەللەرەقی دەدات، ئیتر پێویست بە دادگا ناكات تەنها لە هەندێك باری دەگمەندا نەبێت .**

**بەپێدانی مافە هاوتاو بەرامبەرەكان هەموان دەكەونە كار، هەموان چالاك دەبن، هەركەسێك مافی خۆی وەردەگرێت پاش ئەوەی ئەركەكانی سەر شانی جێبەجێ كرد، لەبەرئەوە لەنەفسی خۆیەوە دەست پێدەكات بۆ داواكردنی مافەكانی، هەروەها لە رێگەی ئەم خاڵەوە هەست كردن بە بەرپرسیاریو لێپێچینەوەش دێتە دی، هیچ كەس ناكەوێتە دەرەوەی بازنەی بەرپرسیارییەوە، كەسیش ناتوانێت خۆی لە جێ بەجێكردنی ئەوئەركانەی لەسەر شانیەتی بدزێتەوە.**

---

[8] — **سەلمانی فارسی ئەمەی بەئەبوو دەرداو وت، ئەبوو دەرداش بۆ پێغەمبەری خوای گێڕایەوە، پێغەمبەریش (د.خ) فەرموی: (سەلمان راستی كرد) . بوخاری گێڕاویەتیەوە. - لەگەڵ الفتح دا –**(4/182، 10/443) **هەروەها ترمزی فەرمودەیی ژمارە** 2415

# گەشەپێدان لەگەڵ یەکسانی

ئەمە ناونیشانی کتێبێکە ساڵی (1993 ز) لە پەیمانگای (برکنجز) دەرچووە، سێ لە گەورە ئابوریناس و شیکارکەرە ئەمەریکیەکان دەریانکردوە کەبریتیبون لە: مارت نیل بایلی ، جاری بیرتلس و ، روبرت ئیلیتان ، کورت کراوەی ئەم کتێبە وەك دانەرەکانی دەڵێن بریتیە لە:(ئابوریی ئەمەریکی گرفتار بووە، بەدرێژای نزیکەی دوو دەیە، بەدوو ئاڕاستەی ئابوریەوە بۆ ناشلۆقی:خاوی گەشەپێدانو، زیادبوونی نادادپەروەری لەدابەشکردنی داهاتدا)، هەروەها لەبەرپەرچدانەوەی چارەسەرە خێراکاندا دەڵێن: (هەردوو گرفتە دوانەکە : خاوی گەشەپێدانو ، زیادبونی نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتدا بۆ ماوەیەکی زۆر هاوڕێیەتی ئێمەیان کردووە، بە چەشنێك ناتوانرێت لەنێوان رۆژوشەوێکدا چارەسەر بکرێن ... ئەوەبوو حەماسییەکان لە ئیدارەی ( ڕیگن )دا وایان دەزانی دابەزاندنی تێکراکانی باجی دەرامەت بەهەمووشێوەکانیەوە گرفتەکە چارەسەر دەکات ... پێشنیاری دیکەش پێشکەش کران ... سەبارەت بەوە کە پێویستە ئەمەریکا سیاسەتێکی پیشەسازی نوێ هاوشێوەی ئەوەی یابان بگرێتە بەر ...).

پاشان دانەرانی کتێبەکە دەڵێن: (ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەروازەیەکی فرە هۆشیارانەو ئینتیقائیمان پەیڕوکردووە بۆ زیاد کردنی گەشەپێدانی ماوە درێژو لەهەمان کاتدا بۆ: (باشترکردنی دادپەروەری دابەشکردن ...) پاشان گەشەپێدانو دادپەروەریان پێکەوە پەیوەست کردووە لەرێگای کۆمەڵێك ئەزمونو بەڵگەوە، گوتویانە: (بەڵکو چەندین هۆکارهەیە وامان لێدەکات بڕوامان بەوە هەبێت کە سیاسەتە گونجاوەکان بۆ زیادکردنی گەشەی ئابوریی‌و،

باشترکردنی دابەشکردنی داهاتە ئابورییەکان، هەردوکیان پێکەوە پەیوەستن بەهۆی پەیوەستکەرە سیاسیو ئابورییە پتەوەکانەوە، ئابوریی ئەمەریکی لەتوانایدایە بەرێژەیەکی زیاتر گەشەبکاتو هاوکاریەکانی بەکرێکارە کەم دەرامەتو بەهرەدارەکانی پێشکەش بکات لەپێناوی زیاتر بەهرەمەند کردنیاندا ... هەروەها ئەگەر بەشێکی زیاتری لەداهاتەکان تەرخانکرد بۆچارەسەری گرفتە مەترسیدارەاکانی تر، وەك: بلاوبوونەوەی تاوانو بەکارهێنانی مادده هۆشبەرکان، سنورداری هەلی خوێندنو، کەم تەرخەمیەکانی چاودێری پزیشکی کە روبەڕوی ئەو چینو توێژە لە دانیشتوان دەبێتەوە کەباری ژیانیان باش نیە لە کۆمەلگەدا، ئەوەش بۆتە بارێکی قورسو گرانو، گرفت لە رێگەی رەوڕەوەی گەشەی ئابوریدا دروست دەکات پاشان ڕۆلی دابین کردنو چەسپاندنی ئاسایشیان ڕونکردۆتەوەو، هەروەها ڕۆلی دەستەبەرکردنی خوێندنی نایابو، گەشەپێدانی تواناکانی منالانو داهێنانەکانیان لەگەشەپێداندا ... )[9]

مەبەستی من لەخستنە رووی ئەم کتێبەدا دووپات کردنەوەی ئەوڕاستیەیە کەگەشەپێدان رێکخراوێکە پێویستی بە کۆمەلێك تواناو ئامادە باشی هەیە، دادپەروەریو یەکسانیو ڕێزی مرۆڤو چاودێری کردنی مافەکانیش ڕۆلیی گەورەی تریان لە گەشەپێداندا هەیە .

[9]– النمومع السادا‌ة، هدف السياسة الاقتصادية للقران القادم، ترجمة محمد فتمى صفر

# پەیوەندی مافی مرۆڤ بە گەشەپێدانەوە

هەستکردنی مرۆڤ بە ئازادیو ڕێزو مافە پارێزراوەکانی هەروەها مامەڵکردن لەگەڵیدا بەدادپەروری‌و ویژدانەوە، وای لێدەکات ببێتە هاوبەشێکی کرداری لە پرۆسەی بەرهەمهێنان‌و ئەنجامەکانیشیدا. ئەوکاتە ئەوپەڕی تواناکانی خۆی دەخاتە کار، چونکە خۆی بەهاوبەشێکی کرداری دەزانێت، نەك خزمەتکار یان کۆیلە یان فەرمانبەر، خوای پەروەردگاریش پەیوەندی لەنێوان ڕێزی مرۆڤ و رزق‌و رۆزی‌و پلە پێدانی مرۆڤ بەسەر زۆرێك لە بەدیهێنراوەکانی تردا کردووە، دەفەرموێت: {وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً} سورة الإسراء(70).

مرۆڤی ستەم لێکراو و ژێردەستە زۆربەی کات شلۆقەو هەوڵدەدات تۆڵە لەوکەسە بکاتەوە ستەمی لێکردووە، ژێردەستەی ئیستیغلالکراو بەردەوام بەخۆیەوە سەر قاڵە، لەبەرئەوە بیرناکاتەوە، یاخود توانای داهێنانی نابێت، توانای باش ئەنجامدانی کاری نابێت لەکاتێکدا شەرع داوای ئەمە دەکات .

**مەرجی پێنجەم :**

سەرپەرشتیکردنی گەشەپێدانی هەمەلایەنە بۆچەسپاندنی کارە لەپێشەکان‌و پێوەدانگ کردنەکان (ئەولەویات)و(موازەنات)، ئەمەش لەڕێگەی پلانێکی تۆکمەو هاوسەنگ‌و میانڕەوەوە لەنێوان دەستێوەردانێکی خوازراوو، ئازادی تاکەکەس بۆ ڕێنومایی‌و ئاڕاستەکردن دورلە دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی دەوڵەت، ئەمەش لەبەرئەوەی کە فیکری ئیسلامی پلانی ئابوریی ڕەتناکاتەوە،

سەرپەرشتی دەوڵەتیش رەتناکاتەوە وەك ئەوەی ئەمڕۆ لەئابووریی ئازاددا پیادە دەکرێت، بەهەمان شێوە پشتیوانی لەپلانی ناوەندیو دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتیش ناکات وەك ئەوەی لەئابووریی سۆشیالستی شیوعیدا هەیە .

بەڵکو لەسەر دەوڵەت پێویستە پلانێکی تۆکمەی هەمەلایەن بۆ سەرچاوەکانی داهات دابنێت، هەروەها بۆ داهاتەکانی تاکەکان لەپێناوی بەرهەم هێنانو مسۆگەرکردنی خود بژێوی (الاکتفاء الذاتی) لەهەموو بوارەکانی ژیانی ئابووریی‌و پیشەسازیی‌و کشتوکاڵی‌و بازرگانیدا، هەروەها هاوسەنگی کردووە لەنێوانیاندا تاکو ئەم تاکە لەئاستی خود کەفائیەوە بچێتە ئاستی تێربوونی پێویستیەکان بۆ هەموو تاکێك کە لەسەر زەوی نیشتیمان دەژی، دوای ئەوەش بۆ گەشەپێدانو پێشکەوتنی زیاتر، واتە بڕینی قۆناغە ئابوورییەکان بەم شێوەیە: پێداویستیەیی بنەڕەتیەکان، پێداویستیە ناوەندییەکان، پێداویستیە جوانکارییەکان (زەروریات، پاشان حاجیات، دواتر تەحسینیات). بەهەمان شێوە دەوڵەت بەسەرلەنوێ دابەشکردنەوەو، سەرفکردنو، بەکاربردن لە سنوری رەوادا دەستێوەردان دەکات، بەڵام لە یاسای خستنەڕوو داخوازیی‌و دەزگای نرخ‌و بەهادا دەستێوەردان ناکات تەنها لەسنورێکی زۆر تەسکدا نەبێت، کەئەویش پەیوەستە بەنەبەزاندنی سنوری پەروەردگارەوە .

موڵکداری تایبەت پارێزراوە، کێبڕکێی ئازادی شەریفانە وەك پێشتر باسکرا پێویستە رۆڵی دەوڵەتیش بریتیە لە ئاڕاستەکردنو سەرپەرشتی کردنو هاوکاری کردن، لەپێناوی گەشەپێدانو پێشکەوتندا، لەپێناوی ژێرخانی مادی‌و مەعنەوی [10] ، وڵات تاکو کەش‌و هەوای لەبار بۆ سەرمایە گوزاری فەراهەم بهێنێت.

---

[10] — بگەڕێرەوە بۆ توێژینەوەکان سەبارەت بە (حول البنیة التحتیة)

**مەرجی شەشەم :**

هەڵبژاردنی (بەهێزی دەست پاك)، واتە: خەڵكانی دڵسۆز هەڵبژێرن بۆئاوەدانكردنەوەو بەرهەمهێنانو سەرجەم جومگەكانی چالاكی ئابوریی، چونكە بەبێ دڵسۆزی بۆ پەروەردگار گەندەڵی ئیداری لەدایك دەبێت، وەبەبێ پسپۆڕی پێشكەوتنو داهێنان نایەتەدی، كە هەردوكیان لە پێداویستیەكانی گەشەپێدانن.

**مەرجی حەوتەم :**

زیندوكردنەوەی (وەقفی ئیسلامی) كەڕۆڵێكی گەورەی هەبووە لەدروستكردنی ژیاری ئیسلامیدا، تەنانەت دەتوانین بڵێین: (بەڕاستی ژیاری ئیسلامی دیاری وەقفی ئیسلامی بووە) بەچەشنێك زیندوو بكرێتەوە كە هەموو جۆرەكانی بگرێتەوە، هەر لەچاودێری ئاژەڵان تا چاودێری نەخۆشخانەكانو زانكۆكان، ئەمە لەرابردوودا رۆڵێكی مەزنی هەبووە لەگەشەپێدانی هەمەلایەنەدا[11] !

**مەرجی هەشتەم :**

هەستانی دەوڵەت بە دروستكردنی خانەی زەكات بۆ كۆكردنەوەی دراوو بەروبومەكانو دابەشكردنەوەی دادپەروەرانەی لەڕێگای دەزگایەكی سەربەخۆی دڵسۆزی شارەزاوە، بەچەشنێك بڕی دیاریكراوی زەكات لە كۆمپانیاكان، سەرجەم داهاتەكانی دیكە وەربگرێت، پارەو پول زەكاتیش ئەگەر بەشێوەیەكی تەواو وەربگیرێت بڕێكی كەم نیە، ئەگەر وادابنێین بڕی سەرمایەی ئیسلامی

---

[11]- بگەڕێرەوە بۆ توێژینەوەكان سەبارەت بە (تنمية موارد الوقف) كەپێشكەش كراوە بە مجمع الفقه الاسلامی

کەلەدەرەوە سەرمایەگوزاری پێدەکرێت یەك ترلیۆن‌و پێنج سەد ملیار دۆلاربێت، واتای ئەوەیە کەبڕی 37,5 ملیاردۆلار زەکاتی لێ وەردەگیرێت، ئەگەر زەکاتە کۆکراوەکانی دیکەی بخرێتە سەر، بەتایبەتی زەکاتی پارەی کۆمپانیا وەبەرهێنانەکان لە بۆرساتی جیهانی ئیسلامیدا ئەوە بڕی زەکاتی کۆکراوە دەگاتە نزیکەی 63 ملیار دۆلار، کەواتە زەکاتی پارەی هەبوو لە جیهانی ئیسلامیدا سالآنە دەگاتە نزیکەی 100 ملیار دۆلار .

ئەگەر بۆ ئەم (100) ملیار دۆلارە پلانێکی تۆکمەی کۆکردنەوەو، دابەشکردنی دادپەروەرانە دابنرێت، پلانەکەش ئاڕاستە بێت بۆچارەسەرکردنی کێشەی هەژاری لە روانگەی بیروبۆچونی شافیعیەوە (ڕەحمەتی خوای لێبێت). کە دەڵێت: هێندە بدرێتە هەژار لە هەژاری دەرچێت و بچێتە قۆناغی (تمام الکفایە)وە، واتە پێویستی بەهاوکاری نەمێنێت، ئەوەش لە ڕێگەی پێدانی ئامێرەکانی پیشەوەریەوە ئەگەر پیشەوەر بوو، یاخود پێدانی سەرمایەوە ئەگەر بازرگان بوو. پێشەوا نەوەوی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت: ( هەژارو کەم دەرامەت هێندەیان پێدەدرێت کە پێویستیەکانیان پڕبکاتەوەو پێویستیان بە هاوکاری نەمێنێت، ئەمەش بەپێی جیاوازی کەسەکان جیاوازە، بەچەشنێك ئەوکەسەی پیشەوەرە ئامێرەکانی پیشەوەری پێدەدرێت‌و، بازرگانیش ئەو سەرمایەی پێیدەدرێت کەلە بازرگانی کردنیدا شارەزایە )[12]

**مەرجی نۆیەم :**

هاوکاری‌و تەواوکاری ئابوریی لەنێوان دەوڵەتانی ئیسلامیدا، چونکە دەوڵەتێکی بچوك ناتوانێت لەلایەنی ئابورییەوە گەشەپێدانێکی هەمەلایەنە بێنێتە ئاراوە بێ ئەوەی پشت بە دەوڵەتانی تر ببەستێت، بێ ئەم هاوکاری‌و

---

[12] – روضة الطالبين (324/2)

تەواوکاریەش ناتوانرێت نیشتیمانێکی ئابوری گەورە پێك بهێنرێت، ئەوروپا بەم شێوەیەی کرد، ئەوەبوو لەڕێگەی بازاڕی هاوبەشەوە گەشەیەکی ئابوری گەورەی کرد .

ئێمەی مسوڵمانان - سەرەڕای لایەنی ئابوریی – ئاینە پیرۆزەکەمان کردویەتی بەئەرك لەسەرمان کە هاوکارو تەواوکاری یەکتربن، تەنانەت پێویستی کردوە یەکگرتووبین، خوای گورە دەفەرموێت: {وَإِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاتَّقُونِ}سورة المؤمنون(52)، هەروەها دەفەرموێت:{إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ} سورة الحجرات(10).

ئەو ئایەتو فەرمودانەی باس لە پێویستیو واجب بونی ئەم برایەتیە دەکەن تاکو گەلانی ئیسلامی ببنە یەك ئوممەتو وەك یەك جەستەیان لێبێت زۆرن، لێرەداو لەم پێشەکیەدا بواری باسکردنیان نیە.

## راگرەکانی هاوکاری ئابوریی

هاوکاری ئابوریی بەشێوەیەکی پێویست لەجیهانی ئیسلامیدا نایەتەدی ئەگەر ئەم کۆمەڵە راگرو بەهێزانەی تێدا دەستەبەر نەبێت :

1- دەستپێکردن بەهەنگاوە چڕوپڕە کرداریەکان بۆگەیشتن بەبازاڕێکی ئیسلامی هاوبەش، راوەستا بێت لەسەر هاوبەشی راستەقینە، یەك دراویو، هەنگاوی کرداری دیکەی لەم چەشنە .

2- هاوکاری بنیادنەرو تەواوکاری لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی دەوڵەمەندن بەسەرچاوە داراییەکان، لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی دەوڵەمەندن بەسەرچاوە مرۆییەکان، ئەمەش لەڕێگای بەرنامەیەکی کرداریەوە بۆگەشەپێدانو راهێنانو پڕکردنەوەی پێویستیەکان. چ

بەهەناردەکردن یان هاوردەکردن لەناو جیهانی ئیسلامی خۆیدا بەپێی توانا، هەروەها ئاڕاستەکردنی مولکداریو سیستمە ئابورییەکانو بابەتەکانی (تەمویل)و بەرهەمهێنان بۆ هێنانەدی ئەم داواکاریە، لەگەڵ هاندان لەسەر تەکنەلۆجیای هاوچەرخو، ئاڵوگۆڕپێکردنی لەنێوان دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا .

3- یەکگرتنی سیاسی یاخود هاوکاری هەمەلایەنە بەهەرجۆرێك دروستو پێویست بێت، ئەمەش پێویستی بەمانەیە :

أ- یەکلایی کردنەوەی ململانێی فیکریو مەزهەبیو، رێکەوتن لەسەر نەگۆڕەکان، ئەوانەی کۆدەنگیان لەسەرە، هەروەها دیاریکردنی ناسنامەی ئیسلامی .

ب-هێنانەدی برایەتی لە خۆگرتنو هاوکاری ئیسلامی لە نێوان سەرجەم گەلەجیاوازەکاندا.[13]

ج- ئەنجامدانی گرێبەستی بازرگانیو هاوبەشی ئابوریی کە دەوڵەتە ئیسلامیەکان پێوەی پابەندن، لەگەڵ دانانی ئامڕازە گونجاوەکانی هێنانەدی جێبەجێکردنی ئەم خاڵە، هەروەها ڕێکەوتن لەسەر مەرجەعە دادوەریەکان لەکاتی ناکۆکیو جیاوازدا.

ء- - بەهێزکردنی پەیوەندی بازرگانی لەنێوان دەوڵەتە ئیسلامیەکان خۆیاندا بۆگەیشتن بە تەواوکاریو هاوبەشی راستەقینە، ئەوەتا سەرژمێرییە نێودەوڵەتیو هەرێمایەتیەکان ئاماژە بەلاوازی بازرگانی لەنێوان دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا دەکەن، بەجۆرێك بەراورد ناکرێت بەو بازرگانیانیەی لەنێوان دەوڵەتانی ئیسلامیو دەوڵەتانی تردا دەکرێت، لەراستیدا مەرجەکانی ئاڵوگۆڕی

[13]– هەمان سەرچاوەکانی پێشوو

نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەتە گەشەسەندوەکان بەشێوەیەکی گشتی، وەلەنێوانیاندا دەوڵەتانی ئیسلامی تائاستێکی زۆرو ماوەیەکی زۆریشە کەلەباری داتەپینی بەردەوام دایە بەڕێوەبەری گشتی مەڵبەندی ئیسلامی بۆگەشەی بازرگانی لەنێوان دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا دووپاتی کردەوە کە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوانی خۆیاندا لە ساڵی 2003 دا ڕێژەی 12٪ لە بازرگانی دەرەکیدا تێناپەڕێنێت، هەروەها ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی هەوڵدەدات بۆ گەشتنە ڕێژەی 13٪ [14] ئەم ڕێژەیە تا ئەمڕۆمان هەر لەو ئاستەدایە.

هـ- لەناوبردنی ئەو کۆسپانەی ڕێگرن لە پێشکەوتنی بازرگانی نێوانی تەواوکاریو ئابورییو هاوبەشی راستەقینە، لەڕێگەی ئەمانەوە:

1- هەوڵدانێکی چڕوپڕ لەلایەن سەرجەم دەوڵەتانی ئیسلامییەوە بەشێوەی تاك و کۆ بەمەبەستی دابینکردنی ژێرخانێکی ئابوریی تەواو بۆ پڕۆژەکان، کە هەموو پێداویستیەکانی سەرمایە گوزاریو گەشەپێدانی مادیو مەعنەویو تەشریعی بگرێتەوە .

2- یەکخستنی سیاسەتی گومرگ لەنێوان دەوڵەتانی ئیسلامیدا بەشێوەیەك هەناردەکردنو هاوردەکردن لەنێوان دەوڵەتانی ئیسلامیدا ئاسان بکات، هەروەها تایبەتمەندی بدرێتە بەرهەمە ئیسلامیەکان.

3- ئاسانکردنی کاری حەواڵەی دەرەکی.

4- یەکخستنی دراوەکان، یاخود ڕێکەوتن لەسەر پەیوەستکردنیەوە بەکۆمەڵێك دراوەوە، توانای خستنەکار بۆ بەرگرتن لەهەلاٌوسانی زیانبەخش، کەلەناوبەری گەشەپێدانو سەرمایەگوزارییەو لەناوی دەبات.

5- باشتر کردنی پیشەسازی شمەكو خزمەتگوزارییەکان تاکو توانای رکابەری هەبێت.

---

[14] - لێدوانی دکتۆر الراشدی بۆ پێگەی : الاسلام اليوم لە 2003/5/3 ، هەر لەم بوارەدا سەیری (افاق فى التنميه الاقتصاديه) ی دکتۆر عبدالرحمن يوسرا بکە

6- چالاك كردنی جوڵەی كارگە مامناوەندو گەورەكان لەهەموو پیشەسازییەكاندا.

7- چالاك كردنی جوڵەی گواستەوەو گەیاندنی وشكانیو دەرياییو ئاسمانی لەنێوان دەوڵەتە ئیسلامیەكاندا.

8- هاوكاری كردن لەهەستان بەئەنجامدانی پرۆژەی گەورەی ستراتیژی لەبوارەكانی كشتوكاڵو بازرگانیو پیشەسازیدا.

9- یەكخستنی سیستمی هاوردەكردنو هەناردەكردن لەنێوان جیهانی ئیسلامیدا، جیهانی ئیسلامی دەتوانێت هێزێكی ئابوریی گەورە پێك بێنێت ئەگەر ئەم خالآنە جێبەجێ بكات. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت پشت لەولآتانی تر بكرێت، بەڵكو مەبەست پێی دابینكردنی هێزێكی ناوخۆیە لەبەرژەوەندی هەموانو لەپێناوی لەناوبردنی دواكەوتنو بێ بەشبوندا، ئەوەتا خوای گەورە پێگەیەكی ستراتیژی بەجیهانی ئیسلامی بەخشیوە لەنێوان رۆژهەلآتو رۆژئاوادا، لەنێوان باكورو باشوردا. زاڵە بەسەر زۆربەی دەروازە گەورەكاندا، زاڵە بەسەر زۆربەی رێگا وشكانیو ئاویەكان لەجیهاندا، هەروەها خاوەنی توانایەكی مرۆییە كەدەگاتە چارەكی هەموو جیهان (ملیارێكو چوارسەد ملیۆن) دانیشتوانەكەیەتی، 37٪ پاشەكەوتی نەوتی تێدایە، بەشێوەیەكی كرداریش زیاد 38٪ بەرهەم دەهێنێت، هەشتا ملیۆن هێكتار زەوی باشی بۆ كشتوكاڵ هەیە، زۆربەی هەرە زۆری ماددە خاوەكانی هەیە، هەموو ئەو راگرانەی پێویستن بۆ دروستكردنی كارگە گەورە ستراتیژیەكانی تێدایە كەدەتوانن خواردنی تەواو و بەروبومە خۆراكیەكانی تر بۆ سەرجەم جیهان دەستەبەركەن، نەك تەنها بۆ جیهانی ئیسلامی.

**مەرجی دەیەم:**

دیاریکردنی بەشێك لەداهاتی کانزاکان بۆ گەشەپێدانی هەمە لایەنەی جیهانی ئیسلامی، ئەم بیرۆکەیە پەیوەستە بەبڕگەی پێشوترەوە، لەتوێژینەوەیەکی تایبەت بەم باسەدا پێشکەشم کردوە[1]، لەم خاڵانەدا کورت دەبێتەوە:

أ- ئیسلام پێنج یەکی لەکانزادا فەرز کردوە، واتە 20٪ - ئەمەش بەپێی فەرمودەیەکی سەحیح کە بوخاریو مسلم بەسەنەدی خۆیان لەئەبوو هوریرەوە دەگێڕنەوە کەپێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرمویەتی (.....وفي الركاز الخمس)[2]

الرکاز: لەزمانەوانیدا بەپێی وتەی زانا حەنەفیەکانو هەندێك لەتابعین، گەنجینەو کانزاکان دەگرێتەوە.

ب- کانزاکان، بیروڕای بەهێز لای زانایان (مالکیەکانو جگە لەوان) ئەوەیە کەموڵکی خوایە، یاخود ئەوەیە کەبەموڵکی گشتی ناودەبرێتو، دەوڵەت سەرپەرشتی دەکات.

ج- ئەوبڕەی لە(الرکاز) وەردەگیرێت یان لەبەرژەوەندیە گشتیەکانی ئوممەتی ئیسلامیدا خەرج دەکرێت، یاخود دەدرێت بەو هەشت کۆمەڵەی زەکات دەیانگرێتەوە.

## لەسەر بنەمای ئەو سێ پێشەکیە، کانزاکان دوو حاڵەتیان هەیە :

---

[1] – توێژینەوەیەکە بەناوی (دور الزكاة في تنمية الامة) ساڵی 2006

[2] – بوخاری لەسەحیحەکەیدا لەگەڵ الفتح دا گێڕاویەتیەوە(364/3)، موسلم بەژمارە (3226، 3227) هەروەها ئەسحابی سونەنو جگە لەوانیش.

أ- دەوڵەت خۆی هەستێت بەدەرهێنانو وەبەرهێنانی - وەك ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا پەیڕەوەی دەکرێت – ئەوکاتە داهاتەکەی بۆ بەرژەوەندیەگشتیەکانی دەوڵەت سەرف دەکرێت.

جا ئەگەر پێنج یەکی (الركاز)مان بەزەکات دانا، ئەو کاتە پێویستە لەسەر دەوڵەت 20٪ی داهاتی ئەوکانزایانە – پاش لێدەرکردنی خەرجیە تەشغیلیوئیداریەکان – بخاتە نێو خانەی زەکاتەوە، ئەوکاتە ئەو بڕە وەرگیراوە لە حکومەت دابەش دەکرێت بەسەر هەشت کۆمەڵەکەی زەکاتداو، لەو شارو وڵاتەی کانزاکانی لێوە دەرهێنراوە دەست پێدەکرێتو، پاشان لەوێوە بۆ هەموو بەشەکانی جیهانی ئیسلامی بەپێی بنەماکانی گواستنەوەی زەکات، بەمەبەستی لەناوبردنی هەژاریو بێکاریو، بۆ گەشەدان بەجیهان کەلەتێڕوانینی شەرعدا هەمووی یەك جیهانە، ئوممەتی ئیسلامی یەك ئوممەتو یەك جەستەیە، وەك چۆن زۆربەی دەقە شەرعیەکان ئاماژەیان پێکردوە.

بەڵام ئەگەر پێنج یەکی (الركاز)مان بە (الفئ) دانا، ئەوە بەهەمان شێوە لە بەرژەوەندیە گشتیەکانی مسوڵماناندا خەرج دەکرێت بەریزبەندیەکەی پێشوو، سەرەتا لەوشارو وڵاتەوەی کانزاکەی لێدەرهێنراوە تادەگاتە وڵاتانی تری ئیسلامی بەپێی بنەماکانی گواستنەوەی زەکات.

ب- لەکاتێکدا دەوڵەت دەرهێنانو وەبەرهێنانی ئەو کانزایانە بداتە کۆمپانیایەك لەو کاتەدا پێویستە دەوڵەت رێژەیەکی لێ وەرگرێت کەلە 20٪ کەمتر نەبێت پاشان ئەم پێنج یەکە (20٪) بنەماکانی پێشوی بەسەردا دەچەسپێنێت بەهەردوو پێودانگەکەی پێشوو.

زانایانی مسوڵمانان لە رابردودا لەم بابەتەدا زۆر رۆنەچونو بە دوورو درێژی باسیان نەکردووە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە خەلافەتی ئیسلامی راشدینو، پاشان خەلافەتی ئەمەویو عەباسیو، دواتریش دەسەڵاتدارێتی عوسمانی تاماوەیەك نوێنەرایەتی ئوممەتی ئیسلامیان دەکرد .

بەلاَم ئەمڕۆ لەژێر سێبەری هەبوونی ژمارەیەکی زۆری دەولَەتی ئیسلامیدا، لەرۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا ئایا ئیسلام لە کاتێکدا بۆ ئوممەتی ئیسلامی وەك (یەك ئوممەت) دەڕوانێتو، بەیەك لاشەی دەزانێت ومسولَمانانی کردووە بە برای یەکتر، دەگونجێت دەولَەتێك بەتەنها خۆی سودمەندبێت لەوکانزایانەی خوای گەورە لەسنورە جوگرافیاکەی ئەودا دایناوە، بێ ئەوەی ئەو سەرمایەو سامانە سروشتیانە وەك هاوبەشی پێکردنێك بەکاری بهێنێت لە نەهێشتنی هەژاریو کەم دەرامەتیو برسێتیو بێ بەشبونی مسولَمانە خاوەن پێداویستەیەکانی تردا، ئەوانەی برسێتی هەڕەشە لەئاینو ناموسو ژیانیان دەکات ....؟!

ئەم رێژەی (20٪) ی کەوەردەگیرێت کەم نیە، ئێمە ئەگەر بەتەنها لەجیهانی ئیسلامیدا بڕی داهاتی پترۆڵی فرۆشراو حساب بکەین کەبەڕەسمی دەفرۆشێت دەبینین 300 ملیۆن بەرمیلە لە رۆژێکدا، ئەگەر نرخی هەربەرمیلێکبە (50)دۆلار دانێین دەبینین بڕی داهاتی پترۆڵی فرۆشراو لەسالێکدا بەم شێوەی لێدێت، 50×200000000×365= 547,500,000,00 دۆلارە

رێژەی 20٪ ی ئەم داهاتە = 109,500,000,00 دۆلارە .

بەلاَم پێنج یەك وەرناگیرێتەوە تاکو تەواوی مەسرەفو تێچووە کرداریەکانی لێدەرنەکرێت، لەم کاتەشدا بەهەمان شێوە رێژەیەکی زۆر گەورە دەمێنێتەوە کە دەکرێت لە بەرژەوەندی بانکەکانی زەکات یاخود (الفئ) بەکار بهێنرێت.

ئەگەر وادانێین 50٪ی سەرف دەکرێتەوە لە بانکەکانی زەکاتو (الفئ)لەولاَتدا، ئەوە 50٪ کەی تری پێویستە رێگەی خۆی بگرێتەبەر بۆجیهانی ئیسلامی چ بەشێوەی بەخشینی نەقدی یاخود لە شێوەی بەخشینی پترۆڵو غاز، یان کانزاکانی تردا بێت .

رای بەهێز بەلای منەوە ئەوەیە کە ئەوپێنج یەکە رێساوبنەماکانی (الفئ)ی بەسەردا دەچەسپێت، نەك حوکمەکانی زەکات، لەو کاتەدا ئەو دەولَەتە

ناوچەیەیی کانزاکان لەزەویەکەیدا دۆزراوەتەوە دەتوانێت بیکات بەسێ بەشەوە.

ٍسێ یەکی بۆ دانیشتوانی ئەو وڵاتە سەرف دەکرێت لەپێناوی گەشەپێداناو بەپێی بەرنامەیەکی دیاری کراو کەدەوڵەت دایناوە، ئەم برِە لەگەڵ داهاتەکانی تری دەوڵەتدا پێکەوە لەم پێناوەدا سەرف دەکرێت، سێ یەکەکەی تری دەخرێتە پرِۆژەی وەبەرهێنانو سەرمایە گوزارییەوە لە بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتوی ئەو وڵاتانەدا، سێ یەکی کۆتایی لە رێگەی پرِۆگرامێکی وردو پلان بۆ دارِێژراوەوە بۆ گەشەی جیهانی ئیسلامی تەرخان دەکرێت.

ئەوەی من پێی گەیشتووم سەبارەت بە دابەشکردنی (سێ لایەنە) ئەوە ئیجتیهادێکە تیایدا پشتم بەهەندێك بەلگە بەستووە کە ئاماژە بەدابەش کردنی سیانەیی لەدابەش کردنی داهاتەکانی وەقفدا دەکەن، لەبەرئەوە دەکرێت راستکردنەوەی بۆ بکرێت بەپێی بەرژەوەندیەکانو بیرورِای پسپۆران، کاتێکیش نمونەم بەپترۆڵ هێناوە مەبەستم نەبووە بابەتەکە تەنها لە پترۆڵدا سنوردار بکەم، چونکە شەریعەت پێنج یەکی لە هەموو (کانزاو گەنجینە)یەکدا واجب کردووە لە هەردەوڵەتێکدا، کەواتە ئاڵتونو زیوو،ئاسنو غازو هەموو کانزا گەورەکانی دیکە دەگرێتەوە .

ٍئەگەر پلانێکی تۆکمە بۆجیهانی ئیسلامی دابنرایەو، راپەراندنی ئەم پلانە لەلایەن سندوقی ئیسلامی بۆ گەشەپێدانەوە جێبەجێ بکرایەو، هەموو ئەو دەوڵەتە ئیسلامیانەی ئەم کانزا گەورانەی بەو رێژەی باسمانکرد تێیدایە بەشداریان تێیدا بکردایە، ئەوە لەماوەیەکی زۆر کەمدا یەك هەژار لە جیهانی ئیسلامیدا نەدەمایەوە، خەلیفەی پێنجەم (عمر کوری عبدالعزیز) خوای لێ رِازی بێت پلانی زەکاتی جێبەجێ کرد، ئەوەبوو لەماوەی دوو ساڵو شەش مانگو حەڤدە رۆژدا لەسەردەمەکەی ئەودا تەنها یەك هەژاریش نەمایەوە.

## سندوقی قەرزی بێ سوو لەدەوڵەتە دەوڵەمەندەکانەوە بۆ دەوڵەتە هەژارەکان

ئەوەی لەروی شەرعییەوە پێویستە ئەنجام بدرێت بریتیە لە دروست کردنی سندوقێك بۆ بەخشینی قەرزی بێ سوو کەپارەکەی لە داهاتە دارییەکانی دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانەوە دابین دەکرێتو، بەشێوەی قەرزی حەسەنە(بێ سوو) دەدرێتە دەوڵەتە هەژارەکان، ئەم سندوقە تەنها تێچوە ئیداریە فیعلیەکان هەڵدەگرێتەوە بێ هیچ زیادەیەك، ئەمەش بەو شێوەیە دەبێت کەئیدارەیەکی بۆ دابمەزرێنێت، یاخود بانکێك بۆ پێدانی قەرزی بێ سوو کە خەڵکانی دڵسۆزو خاوەن ئەزموونو پسپۆڕ بەڕێوەی بەرن، لەم کاتەدا تێچوە ئیداریەکان دەکەوێتە سەر دەوڵەتە قەرز وەرگرەکە، لەو ئەزمونە پێشەنگانەی لەم بوارەدا هەیە ئەزمونەکەی پرۆفیسۆر (محمد یونس)ە، لە ئابی 1983 دا لە بەنگلادیش پێشکەش کردوە، هەستا بە دامەزراندنی دەزگایەك لەژێر ناوی (بانکی گرامین)دا ( Grameen bank) کە بەزمانی بەنگلادیشی بەواتای بانکی گوند دێت، بە هۆی ئەم کارەیەوە پرۆفیسۆر محمد یونس خەلاتی مەلیك فەیسەڵی بەدەست هێناو ئەزمونەکەی بانکی گوند ئەزمونێکی سەرکەوتوو بوو، ئەکرێت سود لە ئەزمونەکەو لە خاوەنی ئەزمونەکەش وەربگیرێت.

**مەرجی یانزە :**

سەپاندنی رێژەیەك باجی گونجاو بەسەر ئەوانەی توانایان لەگەشەپێداندا هەیە، دەوڵەتی ئیسلامی دەتوانێت بڕێکی گونجاو باج بسەپێنێت بەسەر

ئەوانەدا کە بەئاسانی دەتوانن بیدەن، ئەوەش لە دەرگای (بەخشینە گشتیەکانەوە) کە دەوڵەت لەکاتی پێویستو هەبونی پێداویستی گشتیدا دەتوانێت بیسەپێنێت، ئەوەش بۆچونی کۆمەڵێك لە فەقیهەکانە، لە ڕێگەی پێدانی ئەم کارەدا پشتیان بەم فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾بەستووە : (ان فى المال حقا سوى الزكاة)[1] واتە لەسەروەتو ساماندا جگە لەزەکات مافی دیکە هەیە، پاشان ئایەتێکی پیرۆزی سورەتی (البقرة) کە خوای گەورە دەفەرمویێت: {لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّآئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاء والضَّرَّاء وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ} سورة البقرة(177).

**مەرجی دوانزە :**

دروست کردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ سەرمایە گوزاری بۆ پاشەکەوتکردن لەرێگەی فەراهەم هێنانی ئاسایشو دڵنیاییەوە، لەڕێگەی دەرکردنی ئەو یاسایانەی پارێزگاری لەمافەکان دەکەن، هەروەها ئامادە کردنی هەردوو ژێرخانی مادیو مەعنەوی بۆ گەشەپێدانو سەرمایە گوزاریو، هاندانی پڕۆژە بچوکەکانو، ناوەندیەکانو، گەورەکان بۆ کۆکردنەوەی سەرمایەو زیاد کردنی پاشەکەوتو ئاراستەکردنی لە پێناوی گەشەپێداندا.

ئەمانە ئەو مەرجو راگرە سەرەکیانە بوون - زۆر بەکورتی- کەپێویستن بۆ گەشەپێدانی هەمە لایەنەی جیهانی ئیسلامیمان، کەبەشێوەیەکی گشتی ئەم جیهانەمان لەهیچ یەکێك لەهۆکارەکانی راپەڕینو گەشەپێدانی کەم نیەو،

---

[1] – ترمزی لە (جامع) ەکەیدا گێڕاویەتیەوە.

خاوەنی هەموو ژێرخانە مادیی و مرۆییەکانە، بەڵام دورە لەبەڕێوەبردن و پاکێتی و دڵسۆزی و، کاری جدی و، زاڵبون بەسەر کۆسپەکاندا – کەلەمەودوا باسی دەکەین

# بەشی دووەم

## گەشەپێدان لەنێوان جیهانی یەکەم و جیهانی سێیەمدا

**پێشەکیەك سەبارەت بەگەشەپێدان لەنێوان جیهانی یەکەمو جیهانی سێیەمدا**

رۆژئاوا لەروی ئابورییەوە جیهان بۆ سێ جیهان دابەش دەکات :

**جیهانی یەکەم:** بریتیە لەجیهانی رۆژئاوا کەئەوروپای رۆژئاواو ئەمەریکای باکورو ئوستڕالیا کەبەولاتی پێشکەوتوی دەولەمەندی پیشەسازی خاوەن کار وەسف دەکرێت دەگرێتەوە، لەمڕۆدا یابانیش دەچێتە پالیان، دەگونجێت چینیش لە داهاتویەکی نزیەکدا بچێتە ریزیانەوە.

**جیهانی دووەم:** بریتیە لەیەکێتی سۆڤیەتو، دەولەتە ئەوروپیە ئیشتڕاکیەکان، لەمڕۆدا روسیاو، چینو، ئەوروپای رۆژهەلاتو هندستان دەگرێتەوە.

**جیهانی سێیەم:** هەموو ئەفەریقاو، زۆربەی ئاسیاو، ئەمەریکای باشور دەگرێتەوە، واتە هەموو ئەوەی دەمێنێتەوە لە دەرەوەی دوو جیهانەکەی تر، جیهانی ئیسلامی ئێمەش لەم بازنەیەدایە، تەنانەت سێ لەسەر چواری ئەم جیهانە پێك دێنێت، ئەمە ئەو بەشەیە کەبەوردی باسی لێ دەکەین.

جیهانی سێیەم زۆربەیان بەم سیفەتو تایبەتمەندیانە وەسف دەکرێن:

1- ڕێژەیەکی بەرزی نەخوێندەواری، کەمی شارەزایی، نەشارەزاییو نەزانین بەرامبەر تەکنەلۆجیا پێشکەوتوەکان.

2- زۆربەی هەرە زۆری جیهانێکی کشتوکاڵییە، لەگەڵ ئەمەدا خواردنی پێویست دابین ناکات، چونکە پشت بەتەکنەلۆجیای هاوچەرخ نابەستێت، هەروەها پیشەسازی پیشکەوتوی خۆماڵیان نیە .

3- کەمی لەسەرمایەیی بەرهەمهێناندا.

4- دواکەوتوویی لەگەشەپێدانی سەرچاوە سروشتیەکاندا .

5- لاوازی لەبەرهەمدا، کەمی داهات، نزمی لەتێکڕای داهاتی تاکە کەسدا بە بەراورد بەوڵاتە پێشکەوتوەکان.

6- لاوازی لەژێرخانی ئابوورییو خزمەت گوزاری فێرکاریو تەندروستیدا، هەروەها لەخزمەتگوزاریە بنچینەییەکاندا وەك ڕێگاو بانو پردو بەندەرو فرۆکەخانەو، وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا.

7- کورت هێنان لەمیزانیەی خەرجیەکاندا بەراورد بەدەوڵەتانی تر.

8- جیاوازی لەسەروەتو داهاتو، پلەکانی هاوڵاتی بوونو، ستەم کردنێکی زۆر لەزۆربەی هاوڵاتیان.

9- زۆری ئاڵوگۆڕ لەکەشو هەوادا وەك لافاوەکانو وشکە ساڵی.

10- زۆری جەنگو پەشێویەکان، بۆ نموونە لەنێوان ساڵانی 1945 تا 1976 زیاتر لە 133 جەنگ لە 80 دەوڵەتدا رویداوە، لە ساڵی 1976 دا بڕی 334 ملیار دۆلار خەرجکراوە، کە 17 جار زیاترە لەو بڕەپارەیەی لەبواری گەشەپێداندا لەجیهانی سێیەمدا خەرج کراوە.

11- زۆری کودەتای سەربازی، تاوای لێهاتووە بۆتە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم جیهانە، سەرژمێریەکان ئەوە روون دەکەنەوە کەلەنێوان ساڵانی 1962 تا 1975 نزیکەی 140 کودەتای سەربازی لەجیهانی

سێیەمدا رویداوە، تەنانەت لەساڵی 1975 دا یەك لەسەر چواری ئەو دەوڵەتانەی نەتەوە یەگرتووەکانیان پێك دەهێنا لەرێگەی کودەتاوە حکومەتیان گرتبووە دەست [1] .

ئەم هەموو کودەتا سەربازیو جەنگو پەشێویە وای کردووە ناوچەکە نائارام بێت، کەواتە بەرهەم هێنانو پاشەکەوت تیایدا یان کەم دەبێت یاخود هەرنابێتو، لەبەرامبەردا هەژاری لەزیادبوندایە، وەك دەبینین.

خەڵکانێکی تر هەن جیهانی چوارەمیشیان زیاد کردووە، ئەوکاتە جیهانی سێیەم دەبێتە ئەو دەوڵەتانەی نەوتو پارەیان هەیە بەڵام پێشکەوتنی پیشەسازیو تەکنەلۆجیایان نیە، جیهانی چوارەمیش تایبەت دەبێت بەودەوڵەتانەی نە نەوتیان هەیەو نە پێشکەوتونو نەپارەشیان هەیە گەلی پێ دەوڵەمەند بکەن [2].

## پێناسەی گەشەپێدان لەرووی زمانەوانیو ئیسلامیەوە :

گەشەپێدان لەزمانەوانیدا: گەشەپێدان چاوگە، دەوترێت، گەشەی پێدان، بنچینەکەی لەگەشەکردنی شتێکەوە هاتووە کەگەشەدەکاتو پێدەگات. بەواتای زیادکردنو زۆربونیش دێت، دەوترێت: کشتوکاڵەکە زیادی کرد، پارەکە زۆربوو یان زیادی کرد [1] .

دەستەواژەی گەشەپێدان (التنمیە) لەقورئانی پیرۆزدا نەهاتووە، بەڵام چەند دەستەواژەیەکی تر هاتوون کەهەمان ئامانجی گەشەپێدان دێننە دی، لەوانە (واستعمرکم فیها) واتە داوای ئاوادان کردنەوەیان لێکراوە، ئەمە سەرەڕایی

---

[1] د. محمد عزیز ، پێشەکی کتێبی : مقدم في التنمیة الأقتصادیة بە پێنوسی والترایلکات ل 18 .

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو .

[1] سەیری القاموس المحیطء، لسان العرب ، المعجم الوسیط ، بابەتی (نما) بکە .

وشەکانی (الأنبات)و(الأحياء) و هاوشێوەکانیان، بەڵام لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﴿ﷺ﴾دەستەواژەی (ینمو)هاتووە لە بابەتی جیهاددا [2] .

هەروەها چەند وشەیەکی تری نزیك لەم شێوەیە بەکار هاتووە.

گەشەپێدانی ئابوری ECONOMIC EVELOPME و ئاماژەکانی لە فیکری وەزعیدا :

(التنمية الأقتصادية) لە رووی زاراوەوە فراوانترە لە (النمو الأقتصادي) کەمەبەست پێی زیادکردنی داهاتە ECONOMIC GROWTH ، چونکە واتای گەشەپێدان پێشکەوتنی بەسەرداهاتووە، تاساڵی 1929 (ساڵی تەنگەژەی پاشەکشە داراییە) مەبەست پێی زیادکردنی ئابوریی بوو، (کینز)بەم شێوەیە پێناسەی دەکات، زۆرکردنی قەبارەی بەکارخستنو کەمکردنەوەی زیاتری ئەوکرێکارانەی بێکارن، کەدەبێتە هۆی زیادکردنی خەرجی ئەو کرێکارانەی لەبەکاربردندان، ئەمەش دەبێتە هۆی هاندانی پرۆژەکان بۆ زیادکردنی سەرمایە گوزاریەکانیان لە کۆمەڵگەداو بەمشێوەیەش داهاتی نەتەوەیی زیاد دەکات.

بیردۆزی زۆر سەبارەت بەگەشەپێدان هەیە وەك بیردۆزی کلاسیکیو نیو کلاسیکی، بیردۆزی گەشەی هاوسەنگ، بیردۆزی گەشەی ناهاوسەنگ، هەروەها بیردۆزی قۆناغەکان کەرۆستۆ دایناوە لە ساڵی 1960 دا، کە دەڵێت گەشەپێدان بەم قۆناغانەدا تێدەپەڕێنێت :

- قۆناغی کۆمەڵگەی تەقلیدی .
- قۆناغی ئامادەسازی بۆ هەنگاونان .
- قۆناغی هەنگاونان .

---

[2] پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی : (كل ميت على عمله الأ الذي مات مترابطا في سبيل الله فأنه ينمو عمله الى يوم القيامة ....) ئەحمەد بەسەندی خۆی لە فەزالەی کوری عوبەیدەوە گێراویەتیەوە (20/2) ئەبو داوودو ترمزیش گێراویەنەتەوە .

- قۆناغی ئاراستەبوون بەرەو پێگەیشتنی ئابوریی.
- قۆناغی بەکاربردنی بەرفراوان[3].

گەشەپێدان چەند پێکهێنەرێکی بنەڕەتی هەیە، کۆمەڵێك پێیان وایە کەسەرمایە گرنگترینیانە، چونکە بزوێنەری یەکەمی گەشەپێدانە، هەندێکی تر پێیان وایە: پێشکەوتنی مرۆڤ لەروی زانستیو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیەوە یەکەم بنچینەیە.

## ئامازەکانی گەشەپێدانیش لەنێوان ئابوریی ناسەکاندا ناکۆکی لەسەرە

هەندێکیان وادەبینن بریتیە لە زیادکردنی داهاتی راستەقینەی کۆمەڵگاو، زیادکردنی ناوەندی تاکە کەسی گروپێکی تر بڕوایان وایە بریتیەلە: زیادکردنی لێوەشاوەیی بەرهەمهێنان لەرێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا پێشکەوتوەکانو، شێوازە پێشکەوتوەکانی بەرهەمهێنانەوە.

گروپی سێیەم وادەبینن بریتیە لە: زیادکردنی بەرهەمی نەتەوەیی لەشمەكو خزمەت گوزاریەکان.

بەڵام گروپی چوارەم دەڵێن بریتیە لە: زیادکردنی تێکڕایی پاشەکەوتی نەتەوەیی لە 5٪ وە بۆ 12٪ ، یاخود بریتیە لە زیادکردنی ناوەندی داهاتی تاکەکەسی بەشێوەیەکی رەها.

بەڵام رەخنەی زۆر ئاڕاستەی ئەم بیرو بۆچونانە کراوە کە سەبارەت بەئامازەکانی گەشەپێدان خراونەتە روو، بەتایبەتی ئامەژەی دوایەمینیان، چونکە دەبێتە هۆی تێکدانو شێواندنی دادپەروەری لەدابەشکردندا،

---

[3] - هەمان سەرچاوەی پێشوو .

وادەكات ئامانجی سەرەكی بریتی بێت لەزیادكردنی قازانجی تاكەكەس، ئەمەش لەناوەرۆكدا بریتیە لەكرۆكی رژێمی سەرمایەداری، كەلەهەموو هۆكارێكی تر زیاتر كاریگەری لەسەر دروست بوونی رژێمی چینایەتیو گرفتە كۆمەڵایەتیەكان هەیە، تەنانەت لەسەر تەنگژە ئابورییەكانیش – وەك ئەو تەنگژە لەم دواییانەدا دەبینیین وەهەستی پێدەكەین -.

## سەرنەكەوتنی بیردۆزە رۆژئاواییەكان لە جیهانی ئیسلامیدا

گومانی تێدا نیە پرۆگرامەكانی سەرمایەداری لەبواری گەشەپێدانی ئابورییو پێشكەوتنی مادیو تەكنەلۆژیو پیشەسازیدا، لەئەوروپای رۆژئاواو ئەمەریكا لەسەدەكانی رابردووەوە سەركەوتنێكی گەورەیان بەدەست هێنا، ئەویش بەهۆی ئەو ئازادیەی بەخشیبوی بەتاكەكەس لەمومارەسەكردنی چالاكی ئابوریدا، هەروەها بەهۆی ئازادی لە موڵكداریو زیادكردنی قازانجو... هتددا، بەهەمان شێوە لەهاندنی داهێنانو كاركردنو، پێشبڕكێ لەداهێنانكاریدا، هەر ئەمەش یارمەتی ئەوروپای سەرمایەداریدا كەزۆربەی وڵاتانی جیهان داگیر بكات.

لەگەڵ ئەمەشدا گەشەپێدان لەجیهانی رۆژئاوادا روبەڕوی چەندین تەنگژەو گرفتی گەورە بوویەوە كەژمارەیان دەگاتە زیاتر لە (200) گرفت، تەنگژەو گرفتە ئابورییەكان لە ساڵی (2007) وە بەسەختریننو مەترسیدارترینیان دادەنرێت لەمێژوودا.

بەڵام ئەم پرۆگرامو بیردۆزانە، ئەم پرۆگرامە شۆشیالیستیانە لەجیهانی ئیسلامیماندا شكستیان هێنا، ئەمەش لەبەر چەند هۆكارێك، گرنگترینیان ئەوەیە كەپشتی بەستبوو بەبارودۆخی ئێستای دەوڵەتە پێشكەوتوەكان كەخاوەنی ژێرخانی تەواوی خۆیاننو، خوێندنو ئازادی تەواوی خۆیان هەیە،

یان ویستی لەسەر هەمان پێوەرو هەمان ئەوقۆناغانە بڕوات کەگەشەپێدانی دەوڵەتە سەرمایەداریەکان پیایدا تێپەریبوو، لەبەرئەوە گواستنەوەی ئەم ئەزمونە لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر مسۆگەر نیە، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە مێژوییو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریە جیاوازەوەی کەهەریەك لەدەوڵەتان لەیەکتر هەیانە، بەهەمان شێوە زۆربەی بیردۆزەکانی تر کەهاوتەریبو گونجاوی کەشو هەوای ئێمە نەبوون لەجیهانی ئیسلامی یان لەجیهانی سێیەمدا سەرکەوتوو نەبوون [1].

تەنانەت هەندێك لەو بیردۆزانەی لەسەر کۆمەڵە گریمانەیەك دامەزراون کە لەدەوڵەتانی ئیسلامیدا نین، ئەمە سەرەڕای گەندەڵی دارایيو ئابورییو ئیداریو دزینی سەروەتو سامانی گشتیو، دەوڵەمەندبونی سەرۆكو بەرپرسەکان، دەوڵەمەند بونێکی نائاساییو ناشەرعی لەسەر حسابی گشتی گەل، هەروەها نەبونی ژێرخانی پێویست لەجیهانی ئیسلامیو لەجیهانی سێیەمدا، باسی ئەو قەرزە زۆرانە هەر مەکە کەلەسەرفی گشتیو بەکاربردندا خەرج کراون، ئەمە جگە لەپارە پێدان بەپرۆژە گەشتو گوزاریو سەرنەکەوتوەکان لەکاتێکدا پێداویستی بنچینەیی زۆر هەبووە کەپێویست بووە پارەی بۆ تەرخان بکرێت، بەتایبەتی لەبواری پیشەسازیو کشتوکاڵو بازرگانیدا .

لەبەرئەوە چەند بیردۆزێکی نوێ دەرکەوتن کەزیاتر واقیعیو گونجاون بۆ جیهانی سێیەم بەراورد بەبیردۆزە کۆنەکان، بۆ نموونە (مایکل تودارو) لەکتێبەکەیدا دەربارەی گەشەپێدانی ئابوریی لە ساڵی 1994 دا چەند پێوەرێکی تازەی داناوەو کردوویەتیە مەرج بۆ هاتنەدی گەشەپێدان ، لەوانە:

---

[1] د. محمد زكي شافعي : التنمية الأقتصادية . کتێبی یەکەم وەرگێرانی عبدالله صايغ ل 16 .

1- جەخت كردنەوە لەسەر پێداویستیە بنەڕەتیەكان كەدەوڵەتو گەل پێویستیانە.

2- دابەش كردن بەشێوەیەكی دادپەروەرانە.

3- بەرزكردنەوەی ئاستی بژێوی.

4- بلاَوكردنەوەی رۆشنبیری ئازادی لەهەڵبژاردنداو، رزگار بوون لەكۆیلایەتی كردنی كەسانی تر.

تەنانەت (هنری پروتون) لە كتێبەكەیدا (گەڕان بەدوای خۆشگوزەرانیدا) چەند مەرجێكی تری باس كردووە بۆ گەشەپێدان كەجیاوازن لەمەرجە ئابورییەكان، وەك ئازادی هەڵبژاردنو، رزگاربوون لەستەمو چەوساندنەوەو ئیستیغلال كردنو، پارێزراوی لەدەستگیركردنی زۆرە ملێو، پاراستنی مافەكانی مرۆڤ، تەنانەت ئەو چارەسەرو پێوەرانەی بەرپەرچ داوەتەوە كە بانكی نێودەوڵەتی پیشكەشی دەكات وەك دابەزاندنی نرخی گۆڕینەوەو، تایەتمەند كردنو گرنگیدان بە گەشتو گوزار[2].

---

[2]- عبدالرزاق بنی هانی : خستنە روو پێدا چونەوەی كتێبی : گەران بەدوای خۆش گوزەرانیدا ، كە لە گۆڤاری (ابحاث) دا لەیەرموك بلاَوكراوەتەوە ، بەرگی 16 ژمارە 3 ساڵی 2000 لاپەرە (183 – 186) .

## جۆرەكانی گەشەپێدان لە ئابوری وەزعیدا

گەشەپێدان زۆر جۆری هەیە، گرنگترینیان: گەشەپێدانی ئابورییە كە بەبڕبڕەی پشتی فیكری وەزعی دادەنرێتو، تەوەرەی گرنگی پێدانە، چەقی گرنگی پێدانە لای حكومەتو ئابوریناسەكان، هۆكاری سەرەكیە بۆ پێشكەوتنو ئارامی لە دیدو بۆچونی ئەمانەوە، لەبەرئەوە دروشمی بەرزكراوەی ئەمان ئەمەیە: (هەموو شتێك لەپێناوی ئابوریدا).

بەڵام ئەو ئەزمونە راستەقینەیەی جیهانی پێداتێپەڕیْ ئەوەیان سەلماند كەگەشەپێدانی ئابوری تەنها بەزۆركردنی ئابوریی بەردەوام نابێت، بەڵكو زیادكردنی ئابوری خۆی پێویستی بەچەند جۆرێك لەزۆركردنو گەشەپێدان هەیە، وەك گەشەپێدانی زانستیو، كۆمەڵایەتیو، سیاسیو رۆشنبیری، بەبیرو بۆچونی ئێمە گرنگی دانی دەوڵەتانی رۆژئاوا لەسەدەی رابردوو (بیست)دا بەگەشەپێدانی ئابوریی بەهۆی ئەوەوەبوو كەئەو دەوڵەتانە لەرابردوداو (ئێستاش) دەستكەوتی باشیان بەدەست هێنابوو لەبواری گەشەپێدانی زانستیو سیاسیو رۆشنبیریدا، تەنانەت لەكۆمەڵایەتیشدا تا ئاستێكی گونجاو، بەڵام ئەوەی كەكورتیان هێنابوو تیایدا بریتی بوو لەگەشەپێدانی ئاینی، یاخود پەروەردەی رەفتاری ئاینی، ئەمە ئەوبابەتە كەهەندێك لەبیریارە رۆژئاواییەكان ئاگاداریان پێداوەو بەپێویستی دەزانن گرنگی بەئەزموونی كۆمەڵگەو، كولتورو فیكرو ژینگەی بدرێت [1] .

لەبەرئەوە گەشەپێدانی راستەقینە لە فیكری ئابوریی ئیسلامدا دوو پایەیی سەرەكی هەیە كەبریتین لەگەشەپێدانی رۆحیو گەشەپێدانی مادی،

---

[1] هەمان سەرچاوەكانی پێشوو لەگەڵ ، محمد شريف بشير : نظرات جديدة في التنمية والأقتصادية بابەتێكە لەگۆڤاری (قضايا دولية) دا و لەژمارە (222)ی ساڵی 1994 ، لاپەرە 18 – 19 دا بڵاوكراونەتەوە .

بەواتایەکی تر، گەشەپێدانی ئابوریی راستەقینەی بەردەوام نایەتەدی کاتێك نەبێت کە مرۆڤیش گەشەی کردبێتو گەشەکردنی کولتوریو زانستیو سیاسیو کۆمەڵایەتی هێنابێتەدی، ئەمە سەرەڕای پەروەردەیەکی رۆحیو ئەخلاقی.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە پێویستە رەچاوی بارودۆخی هەموو هاولاتیانو، ژینگەو کولتوریو، تواناکانیان بکرێت.

## پێوەرەکانی گەشەپێدانی مرۆیی لای نەتەوەیەکگرتوەکان

پاش ئەوەی نەتەوەیەکگرتوەکان شکستێکی گەورەی هێنا لەوهەوڵانەیدا کە لەپێناوی هێنانەدی گەشەپێدانی مرۆیی لەجیهانی سێیەمدا دای، لە راپۆرتە ساڵانەکەیدا گەیشتە کۆمەڵێك پێوەر کەئەمانە لەخۆ دەگرێت:

1-بروانامەی زانستی.

2- ئازادی.

3- پشکی تاکەکەسی لەبەرهەمی خۆماڵیدا.

4- ئافرەتان توانای دەنگدانو خۆکاندید کردنیان هەبێت.

5-یەکسانی پیاو و ئافرەت لەکارو کرێدا[2].

[2]- سەیری راپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بکە سەبارەت بەگەشەکردنی مرۆیی ساڵی 2003 .

# بەشی سێیەم

# گەندەڵی ئیداریو داراییو سیاسی

**پێناسەی گەندەڵی لەرووی زمانەوانیو دەستەواژەوە:**

گەندەڵی لەزمانەوانیدا: زۆر واتای هەیە، بەهەر هەڵسوکەوتێك دەوترێت کەگرفت دروست بکاتو زیانێکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەتاكو کۆمەڵ یان کۆمەڵگە بگەیەنێت، جائەو زیانە مادی بێت یان مەعنەوی[1].

لەقورئانی پیرۆزیشدا وشەی (الفساد) و داتاشراوەکانی (50) جار دووبارەبوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا وشەی چاکسازیو داتاشراوەکانی سێ ئەوەندەی گەندەڵی دووبارە بونەتەوە[2].

هەروەها ئەم دوو وشەیە لەسونەتی پێغەمبەری خوادا ﴿ﷺ﴾بەشێوەیەکی فراوانترو دورودرێژتر دووبارە بونەتەوە[3].

کاتێك باس لەگەندەڵی (الفساد) کراوە، مەبەست پێی هەموو ئەو شتانەیە کەزیانبەخشن بەتاكو کۆمەڵ یاخود کۆمەڵگا، ئەم زیانە (گەندەڵیە) دارایی بێت یان سیاسی یان کۆمەلأیەتی یان ئیداری، یاخود گەندەڵیەکی کرداری بێت، گرنگ نیە کەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت،

---

[1]– القاموس المحیط، لسان العرب، المعجم الوسیط، وشەی (منسد)

[2]– سەیری معجم الفاظ القران بکە لەوشەی (منسد)و (صلح)دا.

[3]– هەمان سەرچاوەی پێشوو.

هەرهەمووی هەر گەندەڵیە، بەهەمان شێوە بۆژینگەش، دەتوانین بڵێین ئەم دەقانە وێنەیەکی روون‌و ئاشکراو فراوان‌و هەمەلایەنەمان دەداتێ سەبارەت بەهەموو ئەو شتانەی دەچنە چوارچێوەی زیانگەیاندن‌و تێکدانی تاك‌و کۆمەڵگەو دەوڵەتەوە، ئەم تێکدانانە ئابوریی بن یان سیاسی یان هەرجۆرێکی تر، هەروەها ئەوە روونکراوەتەوە کەسەرچاوەی گەندەڵی بریتیە لەمرۆڤ‌و لەرەفتارەکانی مرۆڤ.

ئێمە لێرەدا هەندێك لەو ئایەتانە دەهێنینەوە:

1- خوای گەورە دەفەرموێت: {ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ} سورة الروم(41)، خوای گەورە لەم ئایەتەدا ئەوەی روونکردۆتەوە کەئەو گەندەڵیەی لەوشکانی‌و دا رودەدات دەگەڕێتەوە بۆ رەفتارە خراپەکانی مرۆڤ کەزیانبەخشن، خوای گەورە سزای ئەم تاوانبارانە پێشدەخات‌و ئازارو ئەشکەنجەیان دەدات.

2- خوای گەورە دەفەرموێت : {وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ} سورة الأعراف(56)، دەبینین بەشێوەیەکی رەهاو هەمەلایەنە قەدەغەی گەندەڵکاری دەکات لەسەر زەویدا، قورئانی پیرۆز لەزیاتر لەجێگەیەکدا ئەمەی دووپات کردۆتەوە، دەفەرموێت: {وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ} سورة القصص(77) . هەروەها ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوای گەورە زەوی ئامادەکردوە بۆژیانی خەڵکی، سازاندویەتی‌و، هەموو خێربێرێکی تێدا

داناوە، رزقو رۆزیو بژێوی مرۆڤەکانی تێدا داناوە، لەبەرئەوە نابێت گەندەڵی تێدا بلاّوبکرێتەوە، نابێت زیانی پێ بگەیەندرێت، چونکە زیانگەیاندن بەزەوی، زیان بەدنیاو دوارۆژی مرۆڤەکان دەگەیەنێت.

3- خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ، وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيِهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ}سورة البقرة(204- 205). ئایەتەکە بەروونی ئاماژە بەوە دەکات کەگەندەڵکاری لەزەویداو، خراپکردنی زەویو ژینگەو نەوەو کێڵگەکانو کوشتنی مرۆڤەکان لەسیفەتی ستەمکارە دڵڕەقو خۆبەزلزانو دوڕووەکانە، لەکاتێکدا چاکەکاریو چاکسازی لەزەویداو، ئاوەدانکردنەوەی بەکشتوکاڵو بەرهەمهێنان لەسیفەتی بڕوادارانە. ئەوەی لەم ئایەتەو لەئایەتەکانی ترەوە کەدەربارەی قەدەغەکردنی گەندەڵکاری لەسەر زەویدا هاتوون ئەوە تێدەگەین کە: قەدەغە کردنو بەرگریکردن لەگەندەڵکاری لەسەر زەویدا بەتەواوی نایەتەدیو ناچەسپێت تەنها لەرێگەی بیروباوەڕێکی دروستو رەفتارێکی خواویستیانەوە نەبێت، ئەوەتە خوای گەورە پشت هەڵکردن لەفەرمانی پەروەردگارو گەندەڵکاری لەزەویداو پچڕاندنی خزمایەتی بەستۆتەوە بەیەکەوە، دەفەرموێت: {فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ، أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَى أَبْصَارَهُمْ}سورة محمد(22- 23).

ئێمە لەم باسەدا دەکۆڵینەوە لەگرنگترین جۆرەکانی گەندەڵی کەبەگەورەترین کۆسپو رووبەروبونەوەو لەمپەری بەردەم گەشەپێدانی هەمەلایەنە دادەنرێت، تەنانەت لەبیرو بۆچونی مندا بەمەترسیدارترین و کاریگەرترینیان دادەنرێت، ئەمەش لەسێ رووەوە:

یەکەم: گەندەڵی ئیداریو داراییو سیاسی.

دووەم: گەندەڵی سیاسی پەیوەندیدار بەئاسایشی کۆمەڵگاوە.

سێیەم: گەندەڵی ژینگەییو، کاریگەری لەسەر ئابوریی.

ئەگەر بۆ واقیعو ئەزمونە تاڵەکانی جیهانەکەمان بڕوانین دەبینین دیاردەی گەندەڵی بڵاوبۆتەوەو تەشەنەی سەندوە، ئەم دیاردەیە کۆمەڵێکی زۆر لەتاوان دەگرێتەوە کەپەردەپۆش کراون لەژێر چەندین ناوی جیاوازدا، یاخود لەژێر لۆژیکی هێزو دەسەڵاتدا شاراونەتەوە، گەندەڵی ئەمانە دەگرێتەوە: بەرتیلکاری، بازرگانیکردن ناو و شۆرەتەوە، لەستەمکردن لەبەکارهێنانی حەقدا، خراپ بەکارهێنانی دەسەلات، یاریکردن بەسەروەتو سامانی گشتیو بەهەدەردانی، یاخود بەدزینی، یاخود بەزیادەڕەوی کردن لەسەرفو بەکارنەهێنانی لەشوێنی خۆیدا، یان بەکارهێنانی لەشتە ناپێویستەکاندا لەکاتێکدا گەلو وڵات پێویستییە سەرەتاییەکانیان نیە، ئەمانە جگە لەتاوانە داراییەکانی تری وەك تەزویرکردن، یان تاوانە ژمێریارییەکانو، شۆردنەوەی پارە، یان تەزویرکردنی دراو، فڕوفێڵی بازرگانی یان دەستدرێژی کردنە سەر مافی کەسانی تر، بەتایبەتی مافە مەعنەوییەکانو .... شتی تری لەم جۆرە.

هەموو ئەم تاوانە دەچنە خانەی گەندەڵی ئیداریو داراییو سیاسیەوە، بەڵکو من بڕوام وایە هەرسێکیان گورزیەکنو پێکەوە بەستراون، چونکە گەندەڵی سیاسی، گەندەڵی دارایی لێدەکەوێتەوە، گەندەڵی ئیداریش گەندەڵی داراییو سیاسی لێدەکەوێتەوە، کەواتە هیچ رێگایەك لەبەردەمی جیهانی ئیسلامیدا نیە ئەگەر بیەوێت ببوژێتەوەو راپەڕینو ژیارو شارسیتانیەت بەرپا بکات، ئەگەر یەکەم هەنگاوی لەناوبردنی ئەو گەندەڵیە نەبێت کەچوەتە نێو جەستەی ئوممەتەوەو بەهیلاکیدا بردوەو توشی شەکەتی کردوە.

ئێمه لێرەدا ئەگەرچی باسەکەمان لەسەر گەندەڵی ئیداری چڕدەکەینەوە، بەڵام بەپێی ئەنجامەکانی گەندەڵی دارایی و سیاسیش دەگرێتەوە.

زانایانی ئیداری مشتومڕێکی زۆریان لەنێواندایە سەبارەت بەتەفسیری گەندەڵی ئیداریو پێناسەکردنی، ئەمەش بەهۆی جیاوازی ئەو پێوەرانەی لەپێناسەکەیاندا پشتی پێ دەبەستن:

1- هەندێکیان پشتیان بەپێوەرە کلاسیکیەکە بەستوە کەلەسەربەرژەوەندی راوەستاوە، ئەمانە بەمشێوەیە پێناسەی گەندەڵی ئیدارییان کردوە: بریتیە لەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی، یان دەسەڵاتەکان، یان داهاتە گشتیەکانو بەکارهێنانی لەپێناوی دابینکردنی بەرژەوەندییە شەخسیەکاندا.[1]

ئەم پێناسەیە چەندین لایەنی جیاجیادەگرێتەوە، هەربەکارهێنانێکی خراپ بۆ پیشەیەکی گشتی جا ئەو پیشەیە گەورە بێت یان بچوك لەپێناوی بەرژەوەندی تاکەکەسیدا دەچێتە بازنەیی گەندەڵی ئیدارییەوە، وەهەر بەکارهێنانێکی داهاتە گشتیەکان بۆ بەرژەوەندی کەسی بەرامبەر دەچێتە بازنەیی گەندەڵی ئیدارییەوە، هەروەك چۆن وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەك لەپێناوی ئەنجامدانی کارێکی نایاسایی، یاخود یاساییدا، بەهەمان شێوە گەندەڵی ئیداریە، چونکە پێویستە فەرمانبەر جگە لەو موچەیەی وەری دەگرێت هیچ شتێك لەبەرامبەر کارەکەیدا وەرنەگیرێت[2].

ئەم پێناسەیە بەهێزو جوانە لەرووی گشتگیریە باشەکەیەوە، بەڵام رەخنەی لێ گیراوە لەوەدا کەبنەماکانی دیاریکردنی واتای خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو

[1] - السيطرة على الفساد: روبرت كليتجارد، وەرگێڕانی على حسين ل 21، الفساد: عوامله وعلاقته وسبل القدى له، لةطةلَ ضةند سةرضاوةيةكى تر.

[2] – ميخائل جنستون: حيوية السياسية وقضية الفساد ، لاپەڕە 29.

مەرجەعیەتەکەی دیاری نەکردوە، هەروەها بەتەواوی هەموو لایەنەکانی ئەو گەندەڵیە ئیداریانەی لەدەزگا تایبەتەکاندا رودەدەن نەگرتۆتەوە[3].

2- هەندێکی دیکەیان لەپێناسەکردنیدا پشتیان بەپێوەری ئەخلاقی بەستوە، بەمشێوەیە پێناسەی کردوە: بریتیە لەقەیرانێکی ئەخلاقی لەرەفتاردا، ئەم قەیرانە رەنگدانەوەی ناتەواوییە لەبەهاداو لادانە لەئاراستەکاندا لەئاستی ئەو رێکخەرو پێوەرانەدا کەبەشێوەیەکی (عەزمی) یان (تشریعی) لەژیانی کۆمەڵایەتیدا چەسپیونو، بونیادی بەهای پەیکەری وەزیفەی گشتی پێك هێناوە[4]

ئەم پێناسەیە رەخنەی لێگیراوە بەوەی گشتیو هەمەلایەنەیە، بەپێوەرێك سنوردارنەکراوە کەبتوانیت بۆی بگەرێیتەوە، هەروەها کۆمەڵگەی کردۆتە مەرجەعی پێوەرە ئەخلاقیەکان، لەم کاتەشدا دەگونجێت گەندەڵی ئیداری لەبەرئەنجامی رەفتارێکی ناباشەوە بێت، بەلاَم لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا چەسپیوبێت[5].

3- هەندێکی تریان پشتیان بەپێوەری یاسایی بەستوە، بەو شێوەیە پێناسەیان کردوە کە: شکاندنو بەزاندنی ئەو یاساو سیستمانەیە کەپێویستە لەجیهانی وەزیفەدا پەیرەویان بکرێت[6].

لەگەڵ ئەوەی ئەم پێناسەیە لەسەر بنەمای پێوەرێکی رێکخراو دامەزراوە کە ئەویش یاساو سیستمی تایبەتە بەوەزیفەکان، بەلاَم گرفتەکە لەوەدایە هەندێك جار یاسایەك بۆ شەرعیەتدان بەهەڵسوکەوتی هەندێك فەرمانرەوا

---

3- هەمان سەرچاوە

4– ابراهیم بدر شهاب: معجم مصطلحات الادارة العامة، مؤسسة الرسالة. ل 232

5– مصگفی کامل السید: هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

6– روبرت کلیتجارت: هەمان سەرچاوە.

دەردەکرێت، وەك ئەوەی لە(مارکۆس) ی سەرۆکی پێشوی فلیپین روویدا، کاتێك کۆمەڵە یاسایەکی دەرکردو پەرلەمانیش دەنگی لەسەردا لەکاتێکدا ئەم یاسایە بۆ دزینی سەروەتو سامان بوو[7].

4- بەلاَم هەندێکی تریان پشتیان بەپێوەری جەماوەر، یان رای گشتی بەستووە[8]، بەچەشنێك ئەو هەڵسوکەوتە ئیداریانەی جەماوەر بەگەندەڵی رەش دایدەنێت، ئەوە پێویستە ئیدانە بکرێتو ئەنجامدەرەکەشیان سزا بدرێت، وەئەو رەفتارانەشی جەماوەر بەگەندەڵی سپی - ئەوەی جەماوەر بەبێ بەها سەیری دەکات، پێویست ناکات ئیدانە بکرێت، ئەوەش جەماوەر بەگەندەڵی خۆڵەمێشی – لەنێوەندی هەردوو جۆرەکەی تردایە دەیبینێتو، دودڵە لەئیدانەکردنیدا، یاخود لەئیدانە نەکردنیدا، ئەوە هەر بەو شێوەیە لە ئاستی دودڵیدا دەمێنێتەوە[9].

لەراستیدا ئەم پێناسەیە لەهەموو پێناسەکانی پێشوو تەمومژاوی ترە، بەڵکو پشتی بەپێوەرێك بەستوە زۆر سەختە دەسنیشانکردنی، کێن ئەوکەسانەی نوێنەرایەتی رای گشتی دەکەن؟ ئایا هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەن؟ ئایا ئەوانەن بەدەنگدەر ناویان تۆمارکراوە، ئایا چۆن دەتوانین رای هەموو ئەمانە بزانین، ئایا راپرسی لەنێوانیاندا بکەین؟ یاخود ئەوانە کۆمەڵێکی دیاریکراون؟ ئەی چۆن رای گشتی دەردەبڕین؟ پاشان پۆلێنکردنی ئەو سێ جۆرەی گەندەڵی(رەش- سپی - خۆڵەمێشی) پێوەرێکی رێکخراویان نیە، بەتایبەتی جۆری سێیەم، ئەی چۆن حوکمیان تێدا دەدرێت؟

---

[7]- سەرچاوەکانی پێشوو.

[8]– منقذ محمد داغر: علاقة الفساد الاداري بالخصائص الفردية والتنظمية، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية 2001 .ل 12.

[9]– هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەلایەکی ترەوە هۆکارەکانی راگەیاندن رۆڵێکی گرنگیان هەیە لەوروژاندنی جەماوەر لەبابەتو کێشە بچوکەکاندا بەچەشنێك کێچێك دەکەن بەگایەك، گەردیلەیەك دەکەن بەکەشکەشانێك، لەکاتێکدا ئەگەر ئەم کێشەیە نەگەیشتایەتە دەستی راگەیاندن جەماوەر هەر پێیان نەدەزانی!.

هەندێك لەبەرئەوە رەخنە لەم پێناسەیە دەگرن کەتواناى مامەڵەکردنی نیە لەگەڵ شێوازە تازەو داهێنراوەکانی گەندەڵی ئیداریدا، بۆ نمونە ئەگەر وا دابنێین جۆرێکی نوێ لەگەندەڵی ئیداری دەرکەوتوە بەڵام جەماوەر پێی نەزانیوەو شارەزایی لەبارەیەوە نیە، ئەمە بەواتاى ئەوە دێت کەئەو گەندەڵیە وەك گەندەڵیەکی رەوا درێژەی دەبێت تاکو راى گشتی دەربارەی دروست دەبێتو دواتر پۆلێنی دەکات بەپێی سێ جۆرەکەی گەندەڵی.....[10]

## پێناسەی هەڵبژێراو بۆ گەندەڵی ئیداری

ئێمە لەروانگەی واتا هەمە لایەنەکەی گەندەڵی لەزمانەوانیداو، لەروانگەی قورئانی پیرۆزو فەرمودە پاکەکانی پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) دەڕۆین بۆ پێناسەکردنی گەندەڵی ئیداری، کەهەموو کەمو کوڕیو زیانگەیاندنێکی مەبەست دار دەگرێتەوە، بەواتایەکی تر: هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە فەقیهەکان بەسنور بەزاندن یان کەمتەرخەمی ناویان بردون، پاشان ئەگەر ئێمە وەسفی گەندەڵی ئیداریمان کرد، ئەوا هەر گەندەڵیەکی تر جگە لەئیداری دەچێتە دەرەوەی ئەم جۆرە.

وشەی(الاداري) لەزمانەوانیدا دراوەتە پاڵ (الادارة) کەچاوگەو، کردارەکەی بەم شێوەیە: ادار ـــــ يدير ـــــ ادارة

---

10 – د. ادم نوع وعابدە: توێژینەوەی پێشووی لاپەڕە 423

کەسی ئیداری لەعورفی زانایاندا بەو کەسە دەوترێت دەسەڵاتی لەچاودێری کردنو بەڕێوەبردندا هەبێت، یاخود کارێك بەڕێوەبەرێت کەکەسێکی تر هاوبەش بێت لەگەڵیدا، ئەمەش هاومانایە، یاخود نزیکە لەواتای (شوان)ەوە کەلەفەرمودەکەی پێغەمبەری خوادا ﴿ﷺ﴾هاتوەو دەفەرموێت: (هەریەکە لەئێوە شوانە، هەریەکەشتان بەرپرسیارە لەشوانیەتیەکەی، پێشەوا شوانەو، بەرپرسیارە لەشوانیەتیەکەی، پیاویش شوانە لەناو ماڵو مناڵیداو بەرپرسیارە لەشوانیەتیەکەی، ئافرەتیش شوانە لەماڵی هاوسەرەکەیداو، بەرپرسیارە لەشوانیەتیەکەی، خزمەتگوزاریش شوانە لەماڵی گەورەکەیداو بەرپرسیارە لەشوانیەتیەکەی، هەریەکەشتان شوانەو بەرپرسیارە لەشوانیەتیەکەی)[1]

لەبەر روناکی ئەم فەرمودەیەدا مرۆڤی ئیداری یان بەڕێوەبەر بریتیە لەو کەسەی خوای گەورە ژمارەیەك کەسو کاری خستۆتە ژێر سەرپەرشتیاری ئەوەوە، لەبەر روناکی ئەم پێناسەیەشدا گەندەڵی ئیداری هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە زیان بەو کارو کەسو رەفتارانە دەگەیەنێت کەمرۆڤ کراوە بەسەرپەرشتیاریان، ئەو زیانە گەورە بێت یان بچوك.

کەواتە هەر کەس ئامانەتێك بفەوتێنێت یان کەمتەرخەمی تیا بکات ئەوە گەندەڵی ئیداری ئەنجامداوە. لەبەر هەموو ئەمانە بازنەی (گەندەڵی ئیداری) تەنها لەبەرتیلکاریدا تەسك نابێتەوە، بەڵکو هەموو شتێك دەگرێتەوە کە ئەم مافە پێشێل بکات، یاخود کەمتەرخەمی تیابکات.

لەمیانەی ئەمانەوەو لەدیدو بۆچونی منەوە – گەندەڵی ئیداری بریتیە لە: سنوربەزاندن یان کەمتەرخەمی لەسەرپەرشتیاری شەرعیدا (الولایە الشرعیە) – تایبەت بێت یان گشتی – بەچەشنێك ببێتە هۆی زیان گەیاندن بەئامانجەکانی.

---

[1]- روا البخاری فی صحیحة – مع الفتح ( 1/428- 429) ، مسلم حدیث 551.

**الفساد الاداري : هو التعدى او التقصير في ولاية شرعية – خاص، بما يترتب عليه اخلال بمقاصدها)**

**ئەم پێناسەم لەدەستەواژەی زانا گەورەکانمانەوە وەرگرتووە کاتێك باسیان لەکۆمپانیاکانو، وەکالەتو، یاساکانی ئەوقافو سەرپەرشتی سەروەتو سامانی بێ باوکانیان کردوە، ئەم پێناسەیەش پێناسەیەکی کورتو پڕواتاو سوود بەخشە.**

**وشەی سنوربەزاندن (التعدی) هەموو زیانگەیاندنێکی مەبەستداری بەئەنقەست دەگرێتەوە، بەلاَم وشەی کەمتەرخەمی (التقصیر)مەبەست پێی کەمتەرخەمی نواندنە بەهەر هۆیەك بێت، بەمەرجێك زیانی لێ بکەوێتەوە. مەبەست لەسەرپەرشتی شەرعی (الولایە الشرعیە)ش بریتیە لەدەسەلاَتی شەرعی کەسێك لەبەڕێوەبردنی کاروبارێك لەکاروبارەکانداو، جێبەجێ کردنی ئیرادەی خۆی لەو کاروبارەدا بەسەر کەسەکانی تردا لەتاکەکەسی یان کۆمەلْ[2]**

**لەبەر روناکی پێناسەکەدا، هەرشتێکی زەرەرو گەندەلْی بەدوای خۆیدا بهێنێت دەچێتە بازنەی (دەستدرێژی) یەوە، وەك فڕوفێلْ، تەزویر، پارە دزین لەدەولْەت، ئیستغلال کردنی دەسەلاَت، زیادە رەویو توندوتیژی لەبەکارهێنانی حەقدا، تێپەڕاندنی سنورە دەست نیشانکراوەکانی دەسەلاَتە ئیدارییەکان، تێپەڕاندنی ئەو سنورو سەلاَحیاتانەی شەرع دیاری کردون، یاخود فەرمانڕەوا دیاریکردون، یاخود لەرێگەی مەرجو کۆتوبەندە رەواکانەوە دانراون، بەهەمان شێوە بەکارهێنانی دەسەلاَت دەگرێتەوە بەجۆرێك کە دژ بوەستێتەوە لەگەلْ ئامانجەکانی شەریعەتدا، چ لەواقعدا یاخود لەداهاتودا، هەموو ئەمانە لەروانگەی شەرعەوە بەدەستدرێژی دادەنرێن.**

---

[2] - لاستاذ مصطفى الزرقا: المدخل.

ئەوانەش دەچنە بازنەی (کەمتەرخەمیەوە) بریتین لەکەمتەرخەمی ئاشکراو زەق، یاخود پشت گوێ خستنی خواستەکانی ویلایەتی ئیداریو هەموو خواستە ئیدارییەکان وەك سەرپەرشتی کردن و چاودێری تێرو تەسەل.

مەبەستمان لەرستەی ( ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە ئامانجەکانی) بریتیە لەوەی: گەندەڵی ئیداری کاتێك دێتە دی کەبەهۆی دەستدرێژی یان کەمتەرخەمیەکەوە زیان بەوکەسە بگات کەوەك ئەمانەت لەئەستۆ گیراوە، یاخود زیان بەهاوەڵەکەی یان کۆمەڵگا، یاخود ژینگە بگەیەنێت، چونکە پەند لەرودانی گەندەڵیدا لەوەدایە کە کاریگەرییە خراپەکانی بێنەدی، لەلایەکی ترەوە هەموو پیشەیەکی ئیداری گەورە بێت یان بچوك، مەبەستو ئامانج و خواستی خۆی هەیە، جا ئەگەر فەرمانبەر یاخود بەرپرس سنوری بەزاند، یاخود کەمتەرخەمی نواند بەچەشنێك زیان بەهاتنە دی ئەو مەبەستو ئامانجو خواستانە بگەیەنێت، ئەوە زیانی لەئامانەتەکەی داوەو، سنوری دەسەڵاتەکانی خۆی بەزاندوەو، سنورە کێشکراوەکانی دەسەڵاتی ئیداری بەزاندوە.

## پێوەری گەندەڵی ئیداری

پێوەری گەندەڵی ئیداری لەدوو رەگەزی سەرەکی پێك هاتوە، کەبریتین لە:

1- مەبەستی خراپ، جا ئەم مەبەستە خراپە گەشتبێتە قۆناغی دەستدرێژی راستەخۆ، یاخود وەستابێت لەپشت گوێ خستنێکی دیارو زەقدا کەزیان بەمەبەستەکانی وەزیفەکە بگەیەنێت.

لە روانگەی ئەم رەگەزەوە جیاوازی نێوان گەندەڵی ئیداریو هەڵەی ئیداریمان بۆروون دەبێتەوە کەنیەتی خراپی لەگەڵدا نیە، لەم کاتەدا سزای لەسەر دانانرێت، بەڵکو بەرپرسیارێتی مەدەنی دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی

هەڵەی ئیداری دەکات، ئەمە لەکاتێکدا کە گەندەڵی ئیداری دەگونجێت پاداشتەکەی سزا یان بەرپرسیارێتی جینائی بێت.

2- رودانی زیان، یاخود زیانگەیاندن بە ئامانجەکانی ویلایەت، بەجۆرێك لەبەرئەنجامی ئەمەوە زیانێك بەکەسە چاودێری کراو و ژێر دەستەکە یان هاوەڵەکەی، یاخود بەژینگە بگات، جا ئەو زیانە زیانێکی واقعی بێت، یاخود لەپارەو پولدا بێت.

لەبەرئەوە پێناسەکە هەموو جۆرەکانی گەندەڵی لەخۆ دەگرێت، تەنها تایبەت نیە بەبەرتیل کاری، یان مەحسوبیەت مەنسوبیەت (خزم خزمێنە) و، ئیستیغلالکردنی دەسەلأت بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن لەسەر حسابی خەڵکی بەتەنها، بەڵکو هەموو ئەمانە دەگرێتەوە هەروەك چۆن کەمتەرخەمی کردنیش لەپێداویستیەکانی ئیدارەدا دەگرێتەوە، کەناومان برد بەکەمتەرخەمی زەق و دیار، لەبەر ئەوە واتای گەندەڵی ئیداری ئەم سێ جۆرە دەگرێتەوە:

## یەکەم: بەرتیلکاری (مەترسیو چارەسەرکردن)

بەرتیل: بریتیە لەهەرشتێك بدرێت لەپێناوی بەڕێوەچونی بەرژەوەندییەك، یاخود بدرێت بۆ پوچکردنەوەی حەقێك، یان هێنانەدیو چەسپاندنی ناحەقێك، لەزمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت (الرشوة)، کۆی الرشوة = الرشا دەوترێت: رشا فلان، واتە بەرتیلی پێدرا، واتە ارتشی: واتە بەرتیلی وەرگرت، واسترشی، واتە داوای بەرتیلی کرد، واتای دیکەشی هەیە[1].

---

[1]- القاموس المحيط/ لسان الحرب ، المعجم الوسيط مادة (رشا)

هەروەها (الرشوة)، بە (البرطيل) ناوبراوە، مورتەزا زوبەيدى دەڵێت: سەبارەت بە (برطيل) كە ئايا بەماناى (الرشوة)، دێت، عەرەب جياوازيان هەيە كە ئايا بەرتيل وشەى عەرەبيە يان نا، لەپەندێكدا دەڵێت : البرطيل تنصر الاباطيل[2].

لەدەستەواژەى فيقهيشدا واتاى بەرتيل هەر لەواتا زمانەوانيەكەى دەرناچێت، قازى ئبين عەرەبى پێناسەى بەرتيلى كردوەو دەڵێت: بەرتيل: بريتيە لەهەر پارەيەك بدرێت بەخاوەن دەسەلاتێك بەمەبەستى پشتيوانى لێكردن بۆ دەست خستنى شتێكى حەلاڵ نەبێت(المرتشى) ئەوكەسەيە بەرتيل وەردەگرێت، (الراشى) ئەوكەسەيە دەيدات، (الرائش) ئەوكەسەيە لەنێونياندا ئاسانكارى دەكات[3].

هاوەلانى پێغەمبەر (د.خ) و تابعين بەرتيليان بە: (السخت) ناوبردووە، لەتەفسيرى ئەو ئايەتەى وەسفى جولەكە دەكاتو دەفەرموێت: {سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ فَإِن جَآؤُوكَ فَاحْكُم بَيْنَهُم أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ وَإِن تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيْئًا وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُم بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ} سورة المائدة(42)، هەروەها ئايەتى {وَتَرَى كَثِيرًا مِّنْهُمْ يُسَارِعُونَ فِي الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ}سورة المائدة(62)، {لَوْلاَ يَنْهَاهُمُ الرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ الإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ}سورة المائدةدا(63)، دەڵێت: السحت: واتە بەرتيل، ئەمەش لەئيبن مەسعودو، حەسەنو، قەتادەوە، موجاهيدو، ئيبراهيمو، زوحاكو، سەدىو، ئيبن زەيدو، جگە لەمانيشەوە گێڕراوەتەوە[4].

---

[2]- تاج الحروس (رشا).

[3]– فتح البارى (220/5)

[4]- احكام القرأن: الحصباص(432/2- 433). تفسير الطبرى (309/4- 313).

تەنانەت هەندێکیان بڕوایان وایە کە (السحت) بەتەنها مەبەست پێی (الرشوة) یە، لەوانە ئیبن مەسعود کەدەڵێت: (مالنا نری السحت الا الرشوة في الحكم.....)[5]

تەبەری دەڵێت : (وأصل السخت: كلب الجوع،........)[6]

بەکورتی مەبەست لەبەرتیل لەئیصطلاحدا بریتیە: لەهەرشتێك بدرێت بەخاوەن دەسەڵاتێك بۆ راپەڕاندنی بەرژەوەندی بەرتیل دەرەکە بەشێوەیەکی ناڕەوا.

پێوەر لەبەرتیلدا بەسێ رەگەز دێتەدی:-

**رەگەزی یەکەم:** وەرگرتنی شتێکی مادی یان مەعنەوی بۆ بەرتیل وەرگر، یاخود بەخشینی شتێکی مادی یان مەعنەوی بۆ بەرتیل دەر، بۆ بەرتیل دەرەکە تەنها بەپێدانی بەرتیلەکە تاوانەکەی ئەنجامداوە، بەڵام بەرتیل وەرگر تاوەری نەگرێت تاوانەکەی لەسەر ناچەسپێت .

**رەگەزی دووەم:** مەبەستی تاوانکارانە، یاخود نیەتی خراپ، ئەم نیەت خراپیەش کاتێك دەچەسپێت کەکارەکە ناڕەوابێت، ئاشکراشە کەبەرتیل ناڕەوایە، کەواتە نیەتەکە خراپە.

**رەگەزی سێیەم:** ئەنجامدانی ئەوکارەی مەبەستە ئەنجامبدرێت بەشێوەیەکی ناڕەوا لەدیدی شەرعەوە، بۆ نمونە وەك پێدانی شتیك بەکەسێك کەبەپێی پەیڕەو دەقە ئیدارییەکان بەئاشکرا شایەنی نەبێت، یاخود کارەکە رەوا بێت بەڵام رێگەکەی ناڕەوا بێت، بەچەشنێك پێداویستیەکانی وەزیفەو فرمانەکە رێگە بەوە نەدات.

---

[5]– هەمان سەرچاوەکانی پێشوو

[6]- تفسير الطبرى (4/ 313)

دەگونجێت دیاری بەبەرتیل تێکەڵ ببێت، یاخود وشەی دیاری بۆ بەرتیل بەکاربهێنرێت کەمەبەست لەو دیارییە: گەیشتنی دیاری بەخشەکە بێت بەبەرژەوەندییەك بەرێگەی ناڕەوا، لێرەدا جیاوازی وشەکان رەوایی بەکارەکە نادات چونکە ناوەرۆك‌و ئامانجی ئەم دیاردەیەو بەرتیلەکە هەریەك شتە، کەواتە ئامانج‌و ئەنجام گرنگە نەك دەستەواژەکە.[7]

فەرمودەیەکی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾زۆر بەروونی ئاماژە بەوە دەکات کەدەفەرمویێت( هدايا العمال غلول)واتە دیاری بەرپرسەکان بەرتیلە [8] — وەك لەمەودوا بەدرێژی باسی دەکەین- .

## بنەماکانی بەرتیل لەفیقهی ئیسلامیدا:

1- بەرتیل دەر: ئەوکەسەیە دەبەخشێت بەو کەسەی لەسەر کاری ناڕەوا یارمەتی دەدات.

2- بەرتیل وەرگر: ئەو کەسەیە وەری دەگرێت.

3- بەرتیل: ئەوەیە بەرتیل خۆر وەری دەگرێت مادی بێت وەك پارەو کۆشك و تەلار، یان مەعنەوی بێت وەك پلەو پایە.

4- ئەوەی بەرتیلی لەپێناو دەدرێت: بریتیە لەوەی بەرتیل دەر دەیەوێت بیهێنێتە دی، جا ئەو شتە پارە بێت، یان دەسەڵات‌و پلەو پایە، یان مۆڵەت دان‌و رەزامەندی، یان هەرشتێکی تری لەوجۆرە.

لەنێوانی بەرتیل دەرو بەرتیل خۆردا کەسێك هەیە پێی دەوترێت دەلاڵ، بەهەمان شێوەی بەرتیل دەرو بەرتیل وەرگر، ئەویش نەفرینی لێکراوە.

---

[7]- التعريفات لاپەڕە (174)، المفردات لاپەڕە (541)، حاشيه ابن العابدين (4/ 508)

[8]- رواه احمد في مسنده (5/ 425) ، والتنوق في الفوائيد الدوالى (5/ 18)، والبيهقى في سننه (10/138).

# حوكمی بەرتیل كاری

هیچ جیاوازیەك لەنێوان فەقیهەكاندا نیە لەحەرامی بەرتیل كاریدا، ئەمەش بەهۆی ئەوهەموو بەڵگە زۆرەی لەقورئانو سوننەتو كۆدەنگی زانایانو بڕیارەكانی ژێریدا هەیە.

سەبارەت بەبەڵگە قورئانیەكان خوای گەورە دەفەرموێت{وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ}سورة البقرة(188)، هەروەها دەفەرموێت {سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ فَإِن جَآؤُوكَ فَاحْكُم بَيْنَهُم أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ وَإِن تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيْئًا وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُم بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ}سورة المائدة(42).

سوعبە لەمەنصورەوە، ئەویش لەسالمی كوڕی ئەبی جەعدەوە ئەویش لەمەسروقەوە دەگێڕێتەوە كەگوتویەتی: دەربارەی واتای (السحت) پرسیارم لەعبداللەی كوڕی مسعود كرد، گوتی: بەواتای بەرتیل دێت[9].

لەسونەتی پێغەمبەرەوە(ﷺ)، عبداللەی كوڕی عمر گێڕاویەتیەوەو دەڵێت[10]: (پێغەمبەری خوا نەفرەتی لەبەرتیل دەرو بەرتیل وەرگر كرد) لەگێرانەوەیەكی تردا لەئەبو هورەیرەوە ئەم زیادەیەیی تێدایە (لەحوكم دا)[11]. وەلەگێڕانەوەیەكی سەوباندا وشەی (دەلاڵ) یشی تێدایە[12].

---

[9]- احكام القران : حجاص (232/2)

[10]- رواه الترمزي في سننه (614/3) ،وقال حديث حسن صحيح، رواه احمد (164/2 ، 190، 212).

[11]- رواه الترمزى(3/ 614)، ابن حبان (1196) الحاكم(103/4)، احمد (2/ 387)

[12]- رواه احمد (279/5) ، الحاكم(4/ 102- 103)، يراجع الارداء (245/8)

هەموو زانایان کۆدەنگن لەسەر: داواکردنی بەرتیل، بەخشینی بەرتیل، وەرگرتنی بەرتیل، دەلاڵ کردنو ناوەندگیری لەنێوان بەرتیل دەرو بەرتیل وەرگردا[13]

## بەرتیل لەپێناوی بەرگری کردن لەزیانێك یان دەستخستنی مافێکی رەوادا

سەبارەت بەرتیل دان بۆ ئەوکەسەی بەرتیل دەدات لەپێناوی گەشتن بەمافێکدا، یان بۆلادانو دورخستنەوەی زیانێك، یان ستەمێك، کۆمەڵەی زانایان لەسەر ئەوەن کەئەوە کارێکی رێگە پێدراو نیە، بەلاَم هەندێکیان رێگەیان پێداوە بەتەنها لەکاتێکدا کەبۆ لادانو دورخستنەوەی زیانێکی مسۆگەر بێت، یاخود دورخستنەوە لەستەمێك بێت بەسەریدا هاتبێت، بەلاَم بۆ دەستخستنی ماف بەرتیل دان رەوا نیە، لەهەموو بارەکانیشدا بەرتیل وەرگر تاوانبارو نەفرەت لێکراوە[14]

دروست ترین حوکم کەبەڵگە جێمتمانەکان پشتگیری لێدەکەن بریتیە لەحەرامی بەرتیل بەشێوەیەکی رەها، بەڵکو پێویستە مرۆڤ ئارامگر بێت و بەفشارەکان تەسلیم نەبێت، بەڵکو حەق ئاشکرا بکات و، فەرمان بەچاکەو بەرگری لەخراپە بکات، بگەرێتەوە بۆ دادگاو دیوانی پارێزگاری کردن لەستەملێکراوان – ئەگەر هەبوو – بگەرێتەوە بۆلای بەرپرسە بالاَکان تاکو ئەو تاوانە ئاشکرا بکات، بەلاَم ئەگەر وانەکراو هەرکەس بیانوی بۆخۆی

---

[13]- حاشية ابن عابدين(303/4)، مراهب الجليل (120/6) ، تفسير القرطبى (6/ 183)

[14]- هەمان سەرچاوەکانی پێشوو

هێنایەوە بۆ بەرتیلدان ئەوکاتە گەندەڵی زیاد دەکات و فەوزا باڵ دەکێشێت و وڵات کاول دەبێت.

ئەوکەسەی بێدەنگە لەگوتنی حەقو راستی ئەوە شەیتانێکی لاڵە، ئەی ئەبێت تاوانی ئەو کەسە چۆن بێت کەخۆی بەشداری تاوانەکە دەکات یان هاوکاری تاوان و دەستدرێژی دەکات بەبەرتیل دان، لەکاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت{وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ}سورة المائدة(2).

## بەشەکانی بەرتیل

هەندێك لەزانایان بەرتیلیان بەچوار بەش دابەشکردوە کەئەمانەن:

1- بەرتیل لەپێناوی دادوەریو دەسەڵاتدا، ئەمە حەرامە لەسەر بەرتیل دەرو بەرتیل وەرگرەکە.

2- پێدانی بەرتیل بەدادوەر تاکو زوو حوکم دەربکات، کەواتە دەگونجێت قازیەکە هەندێك حوکمەکە دوا بخات بەڵام بەرتیلی دەدرێتێ، یان دیاریەکی پێشکەش دەکرێت تاکو پەلە بکاتو زوو حوکمەکە دەربکات، ئەم کارە بۆ هەردوو لایەنەکە حەرامە تەنانەت ئەگەر حوکمەکەش حوکمدانێکی حەقو شایستە بێت، چونکە بەپێی شەرع پێویستە حوکمو قەزا خێرا ئەنجام بدرێنو دوانەخرێن لەبەرئەوە بەهیچ جۆرێك رەوانیە لەسەر ئەمە وەربگیرێت.

3- وەرگرتنی پارە بۆ رێککردنەوەی کارە لەلای دەسەڵاتدار لەپێناوی لادانی زیانێك، یان بەدەست خستنی بەرژەوەندیەك، بەهەمان شێوە ئەمەش حەرامە.

4- مرۆڤێك لەرێگەی فەرمانبەری لای قازیەوە بەرتیل دەدات، یاخود دەیدات بەفەرمانبەری لای دەسەلاتدارەکە بۆ دەست خستنی مافەکەی، ئەمەیان بیروباوەڕی جیاوازی لەسەرە.[15]

## سزای بەرتیل

هەموو زانایان کۆدەنگن - وەك پێشتر باسمانکرد – لەسەرئەوەی بەرتیل حەرامە، لەبەرئەوەی شەریعەت سزاکەی دیاری نەکردوە، کەواتە سزادانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیجتیهادی پێشەوا، یان هەر کەسێك کەلەجێگەی ئەوبێت، سزاکەش بەپێی قەبارەی بەرتیلەکەو، کاریگەریو، باردۆخو ئەو هۆکارانەی لەچواردەوری بەرتیلدانەکەدان دەگۆڕێت، بەپێی ئەمانە توندی یان ئاسانی، قورسکردن یان سوککردنی سزاکەی دەگۆڕێت[16].

هیچ رێگریەکیش نیە لەبەردەم دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بەبەرتیل، کەتیایدا سزاکان لەبەرزترینەوەبۆ نزمترین دەست نیشان کرابێت، یاساکەش پێویستە لەسەر بنەمای بیروڕای شەرع زانانو یاسا ناسانو شارەزایان دەرکرابێت.

---

[15]- حاشیە ابن عابدین (303/4)، دور الحکام (4/ 536).

[16]- هەمان سەرچاوەکانی پێشوو

## هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەواو قازی بەهۆی بەرتیل وەرگرتنەوە

لەو زانایانەی کەدەڵێن فەرمانڕەوا بەوەرگرتنی بەرتیل دەسەڵاتی نامێنێت بێ ئەوەی پێویست بکات لەدەسەڵاتێکی بالاتری خۆیەوە لابرێت ئەمانەن: (ئەبو حەنیفە، شافعی لە(الاصح) دا، حەنبەلیەکان، الخصاف، الطحاوی کەحەنەفیە، ئیبن قصار کەمالکیە)[17]. چونکە دەڵێن: چونکە گرنگترین مەرجەکانی فەرمانڕەوایی‌و قەزادەتکردن بریتیە لەدادپەروەری و ئەمانەتداری، بەرتیلیش تاوان‌وخیانەتە، لەبەرئەوە بەرتیل وەرگر گونجاو نیە بۆئەوەی فەرمانڕەوایان قازی بێت‌و راستەوخۆ و خۆبەخۆ دەسەڵاتی نامێنێت، ئەبو حەنیفە دەڵێت : (ئەگەر حاکم بەرتیلی وەرگرت ئیتر بە حاکمی نامێنێت بالاشنەبرێت، وەهەموو ئەو حوکمانەی پاش بەرتیل وەرگرتنەکانی داویەتی پوچ دەبنەوە)[18].

هەندێکی تریان گوتویانە (بەخودی بەرتیل وەرگرتنەکە لاناچێت، بەڵکو پێویستە لەسەر ئەو دەسەڵاتەی کەدایناوە لایببات)[19].

الجصاص دەڵێت : (ئەگەر بۆئەوە بەرتیلی دایە کەکارێکی بۆ جێبەجێ بکات کەمافی خۆیەتی ئەوە لەوکاتەدا ئەو حاکمە دەبێتە(فاسق) بەوەرگرتنی ئەو بەرتیلە لەکاتێکدا کەئەرکی سەرشانیەتی فەرمان بەحەق دەربکات، بەرتیل دەرەکەش شایەنی زەمکردن دەبێت .... لەوکاتەدا حوکمی حاکمەکە پوچ دەبێتەوە، چونکە بەوەرگرتنی بەرتیلەکە ئیتر خۆبەخۆ لاچوە لەحاکمی، بەلام ئەگەر بەرتیلی دایە لەپێناوی ئەوەی بەناڕەوا حوکمێکی بۆ دەربکات، ئەوە لەو

---

[17] - تفسير الطبري(6/183) ، تصبرة الحكام بهامش فتح العلي المالك(1/78) ، مغنى المحتاج(4/381) مطالب اولى النهي (6/ 468) ، دور الحكام(4/537).

[18] - فتاوى قاضى خان (2/362) ، تبصرة الحكام(1/78) ، ادب القضاء لابن ابي الرم (24).

[19] - هەمان سەرچاوە

کاتەدا حاکمەکە لەدوو رووەوە فاسق دەبێت: یەکەمیان وەرگرتنی بەرتیلە، دووەمیان : دەرکردنی حوکمە بەناڕەوا، بەهەمان شێوە بەرتیل دەرەکەش فاسق دەبێت....)[20].

## حوکمی ئەو پارەیەیی وەك بەرتیل وەرگیراوە

کۆی زانایان یەك دەنگن لەسەر پێویستی گێڕانەوەی ئەو پارەیەی وەك بەرتیل وەرگیراوە بۆ خاوەنەکەی، ئەگەر چی بەناوی دیاریشەوە بێت، گوتراویشە بۆ خەزێنەی دەوڵەت (بیت المال) وەردەگیرێتەوە[21].

ئەو حوکمەی ئێمە لێرەدا بەبەهێزترینی دەزانین بریتیە لەجیاوازی کردن لەنێوان ئەو حاڵەتەی کەبەرتیل دەر لەپێناوی لادانی ستەمێك لەسەری دەیدات، یاخود لەپێناوی مافێکی رەوای خۆیو پوچەڵکردنەوەی کارێکی پوچدا دەیدات، لەم حاڵەتەدا پێویستە بەرتیلەکە بۆ بەرتیل دەرەکە بگەڕێنرێتەوە، چونکە ستەمی لێکراوەو ناچارکراوە پەنا بەرێتە بەر بەرتیلدان لەژێر پێداویستەیەکی زۆرو ناچاریەکی زۆر ناچاردا، لەنێوان ئەو حاڵەتەی کەبەرتیلدەر خۆی ستەمکارەو، ئەوپارەیە لەپێناوی دەستکەوتنی پارەیەك یان دەسەڵاتێك دەدات کەمافی ئەو نیە، یاخود لەپێناوی پوچەڵکردنەوەی حەقێکدا دەیدات، یان لەپێناوی چەسپاندنی ناڕەوایەکدا، لەم بارەدا پارەکە بۆ بەرتیلدەرەکە ناگەڕێندرێتەوە، بەڵکو وەك سزایەك بۆکارەکەی دەدرێتە خەزێنەی دەوڵەت، ئەمەش ئەو حوکمەیە کەفەرمودە صەحیحەکەی (ابن تیمیة) پشتیوانی لێ دەکات، پاشان لەحاڵەتی یەکەمیشدا کاتێك پارەکە بۆ بەرتیلدەرەکە دەگەڕێندرێتەوە کەبەرتیل دەرەکە ناسراو بێت، بەڵام ئەگەر

---

[20]- احکام القران (433/2)

[21]- دور الحکام(537/4) ، کشف القناع (317/6) ، الموسوعە الفقهیە الکویپیە(227/22) .

نەناسراو بێت ئەوە پێویستە لەکاری خزمەتگوزاریو چاکەی مسوڵمانانو هاولاٌتیاندا سەرف دەکرێت[22].

لەحاڵەتی دووەمیشدا ئەگەر خەزێنەی دەوڵەت (بیت المال) رێکخراو نەبوو، یان هەر نەبوو، ئەوکاتە پێویستە ئەو پارەیە لەبەژەوەندیەکانی مسوڵمانانندا سەرف بکرێت.

## بەکارهێنانی پیشەی گشتی بۆ دەستخستنی پارەی نارەوا یاخود ئەوەی لەیاسادا بە (بەدەوڵەمەندبونی بێ هۆ) ناودەبرێت

شەریعەتی ئیسلام گرنگی زۆری داوە بەرێکخستنی ئەم رەفتارانەو، کتێبی زانایان بەدورو درێژی باسیان لێکردوە بەمەبەستی گەشتنە ئاستی جیاوازی کردن لەنێوان ئەوەی حەلاڵەو ئەوەی حەرامە لەو رەفتارانەدا کەلەیەك دەچن، ئەمەش لەپێناوی داخستنی دەرگای گەندەڵیو نەهێشتنی هەر شێوازە رەفتارێك کەبیبێتە هۆی خواردنی سەروەتو سامانی خەڵکی، لەبەرئەوە لەم روانگەیەوە زانایان یاسایەکیان دارێژاوە کەبەپێی ئەو یاسایە هەرشتێك فەرمانبەر بەهۆی وەزیفەیەکەوە دەستیکەوت، یان هەر دیاریو شتێکی تری لەوجۆرە حەرامە، ئەوەی بەڵگەیە لەسەر حەرامی ئەم دەسکەوتوو دیاریانە ئەو فەرمودەیەیە کەبوخاریو مسلم بەسەنەدی خۆیان لەئەبوو حەمیدی ساعیدیەوە گێڕاویانەتەوە کەدەڵێت: (پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾پیاوێکی (ئەزد) ی کردە بەرپرس لەکۆکردنەوەی زەکات کەپێیان دەگوت (ابن اللتيبيه)، کاتێك

[22]- ئەمە بیروڕای (شیخ سلام ابن تيميه) و کەسانی ترە ، کشان القيناع (317/6)

زەکاتەکەی هێنایەوە گوتی: ئەمە بۆ ئێوەیەو، ئەمەش بەدیاری بەمن دراوە، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرمووی: (ئایا ئەگەر لەماڵی باوکیدا – یان لەماڵی دایکیدا – دانیشتایەو بیڕوانیایە، ئایا دیاری بۆ ئەهات، یان نە؟ سوێند بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە هەرکەسێك لەئێوە شتێك هەڵبگرێت ئەوا لەرۆژی قیامەتدا دەیهێنن و ئەوشتە لەسەر گەردنیەتی، ئەگەر وشتر بێت دەحیلێنێت، وەئەگەر مانگا بێت دەبۆڕێنێ، وەئەگەر مەڕ بێت دەباعێنێ، پاشان دەستی بەرز کردەوە تاکو بن باڵیمان بینی، فەرموی: ئەی پەروەردگار ئەوە من گەیاندم، ئەی پەروەردگار ئەوە من گەیاندم، سێجار ئەمەی وت)[23]

بوخاری لەم بابەتە ئەوەی هێناوە کەوتەکەی عومەری کوڕی عبدالعزیزی تێدایە کەدەڵێت : (دیاری ئەوەبوو کەلەسەردەمی پێغەمبەری خوا بوو ﴿ﷺ﴾، بەلاَم ئەوەی ئەمڕۆ بەرتیلە) حافز ئیبن حەجەر دەڵێت: (ئیبن سەعد بەستویەتیەوە بەچیرۆکێکەوە کەلەو چیرۆکەدا، لەرێگەی فراتی کوڕی موسلیمەوە گێڕاوەتەوە کەگوتویەتی: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز حەزی لەسێوکرد، بەلاَم لەماڵەکەیدا شتێکی نەبینیەوە پێی بکڕێت، ئێمە لەگەڵێدا رۆیشتین، منداڵێکی پێگەیشت کەچەند تەبەقە سێوێکی پێ بوو، عومەر دانەیەکیانی هەڵگرتو بۆنی کرد، پاشان داینایەوەو گێڕایەوە، منیش پێم گوت بابەدیاری بۆت بکڕم، گوتی: هیچ پێویستیەکم پێی نیە، منیش گوتم: ئایا پێغەمبەری خودا ﴿ﷺ﴾و ئەبوبەکرو عومەرو دیاریان وەرنەدەگرت؟ گوتی: ئەوە بۆ ئەوان دیاری بوو، بەلاَم بۆ کار بەدەستانی دوای ئەوان بەرتیلە، ئەبو نەعیم لە(الحلیة)دا لەچیرۆکێکی تردا هێناویەتیو باسی کردوە [24] .

[23]- صحیح البخاری - مع الفتح – کتاب الهبە (5/220- 221) وموسلم (3/1463)

[24]- فتح الباری(5/221)

ئیبن بطال دەڵێت: دیاریەکانی کاربەدەستان دەخرێنە خەزێنەی دەوڵەتەوە، فەرمانبەرو کاربەدەست خاوەنی ئەو دیاریە نیە، مەگەر لەکاتێکدا ئیمام بۆی داوا بکات[25].

بوخاریش ئەم فەرمودەیەی لە (كتاب الاحكام)دا هێناوە، بەناوی: بەشی دیاری بەرپرسانەوەدایناوە، پاشان بەسەنەدی خۆی هەمان فەرمودەی ساعیدی گێراوەتەوە، بەڵام ئەم زیادەیەی تێدایە :

پێغەبەری خوا ﴿ﷺ﴾چووە سەر مینبەرو، سوپاسو ستایشی پەروەردگاری کرد، پاشان فەرمووی: حاڵی ئەو راسپێراوە چۆنە کەئێمە بەرپرسی دەکەینو دەینێرین، کە دێتەوە دەڵێت: ئەمە بۆ تۆیەو، ئەمەش بۆ منە، ئایا ئەگەر لەماڵی باوکیو دایکی دابنیشتایەو چاوەڕوانی بکردایە: ئایا دیاریان بۆ دەهێنا یاخوود نا؟ .... تا کۆتایی [26] .ئیبن بطال دەڵێت: (لەم فەرمودەیەدا هەموو رێگەیەك دەگرێت کەبەهۆیەوە ئەوکەسەی شتەکە وەردەگرێت بگاتە خۆشەویستی ئەوکەسەی لێی وەرگیراوە، وەبەتەنها شتەکە بۆخۆی بێت،

ئیبن مونیر دەڵێت: لەوبڕگەی فەرمودەکەوە کە دەڵێت: ئەگەر لەماڵی باوکیو دایکی دابنیشتایە، ئەوە وەردەگیرێت کە، ئەوە ناشارێتەوە کەشوێنی ئەمە ئەگەر لە عادەت، زیاتر نەکات.. هەروەها رێگە پێدانیشی تێدایە بۆ سەرزەنشتی کردنی ئەو کەسەی هەڵەکەی کردوە [27] . ئەگەر چی بیانو بۆخۆی بهێنێتەوە، چونکە پێویستە هەڵە ئاشکراکەی رون بکرێتەوە تاکو خەڵکی چاوی لێ نەکەن[28] ، هەموو زانایان کۆدەنگن لەسەر حەرامی وەرگرتنی دیاری لەلایەن پێشەو (سەرۆکی وڵات)و والیەکان (پارێزگارەکان)و قازیو پارەکۆکەرەوەکانەوە،

---

[25]- هەمان سەرچاوەی پێشوو

[26]- صحيح البخاری-مع الفتح-(164/13)

[27]- فتح الباری (164/13)

[28]- هەمان سەرچاوەی پێشوو

هەروەها لەلایەن خاوەن وەزیفەکاریگەرەکانەوە، لەوکەسانەوەی کەلەژێر ئیدارەی ئەماندان، هەروەها پارە پێدانیان حەرامە بەمەبەستی دەستکەوتنی بەرژەوەندی، یاخود گەشتنە پلەیەك، هەندێك لەزانایان بەشێوەیەکی رەها ئەم کارەیان حەرام کردوە، ئەمەش بەمەبەستی داخستنی دەرگای زیانەکان[29] .

بەڵگەش لەسەر ئەم حەرام کردنە ئەو فەرمودەیە کەکۆمەڵێك لەئەهلی فەرمودە بەسەحیح دایانناوە کەدەڵێت (دیاری ئەمیرەکان بەرتیلە)، وەك وەك پێشتر باسی کرد – هەروەها فەرموودەکەی ابن تیمیة کە ئەویشمان باسکرد .

سەرەڕای ئەو دووفەرمودەیەی پێشوو، کۆی هاوەڵانو تابعین تەفسیری وشەی (السحت) یان لە هەرسێ ئایەتەکەی (42 – 62- 63)ی سورەتی (المائدة) یان بە بەرتیل کردوە، ئەو بەرتیلەی بەرگی دیاری بەبەردا کراوە، مەسروق دەڵێت: دەربارەی واتای (السحت) پرسیارم لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود کرد، گوتی: (پیاوێك داوای پێداویستیەك بۆ پیاوێکی تر دەکاتو وەری دەگرێت، ئەمیش دیاریەك بەو دەداتو ئەویش وەری دەگرێت)[30] ، تەبەریو کەسانی دیکەش بەسەنەدی خۆیان لە موسلیمی کوڕی سوبەیحەوە گێڕاویانەتەوە، گوتویەتی: (مەسروق لە پێداویستیەکیدا تەکلیفی بۆ پیاوێك کرد، ئەویش کەنیزەکێکی پێبەخشی، مەسروق بە توڕەبونێکی توند توڕەبوو، گوتی: ئەگەر بمزانیایە تۆ ئەم کارە دەکەیت قسەم لە پێداویستیەکەدا نەدەکرد، وە لەوبەشەی تری پێداویستیەکەدا کەماوە قسە ناکەم، چونکە گوێم لە عبدوڵڵای کوڕی مەسعود بوو کە دەیگوت: هەرکەس تکا بکات بۆ دەستخستنەوەی مافێك یان هەڵگرتنی ستەمێكو، دیارییەکی پێ ببەخشرێتو وەری بگرێت، ئەوە بەرتیلە، پێی گوترا ئەی باوکی عەبدولرحمن ئێمە وا بۆ ئەمەمان روانی کەمافێکەو لەرێگەی

---

[29] - تفسير القرطبي (340/2)، مواهب الجليل(120/6)، تبصرة الحكام(30/1)، شرح أدب القاضي(44/2)، كشاف القناع(278/2).

[30] - تفسير الطبري (310/4)

پارەدانەوە وەردگیرێتەوە، ئەویش گوتی: وەرگرتنەوەی مافی خۆت بەپارە کوفرە)[31]

هەروەها ئیبن مەسعود دەڵێت: (بەرتیل ئەوەیە پیاوێك داوای هاوکاریت لێدەکات بۆ دەستخستنەوەی مافێك، تۆش هاوکاری دەکەیت بۆ وەرگرتنەوەی، ئەویش دیاریەکت پێدەداتو، تۆش وەری دەگریت)[32].

مەسروق دەڵێت: بە پێشەوا عومەرم گوت(ڕ.خ): (ئایا وا دەبینیت کەبەرتیل لەحوکمدا هەرە پلەی بەرتیلی گشتی – هەبێت ؟ گوتی: نەخێر، بەڵکو کوفرە، چونکە بەرتیل بریتیە لەوەی پیاوێك لای دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوا پلەو پایەو ڕێزی هەیە، کەسێکی تر ئیشی بەو دەسەڵاتدارو فەرمانڕەوایە هەیە، ئەویش ئیشەکەی بۆ ڕاناپەڕێنرێتو پێداویستیەکەی بۆ دابین ناکات تاکو دیاری بۆ نەبات)[33]. هەر مەسروق دەڵێت: ئەگەر قازی دیاری وەرگرت ئەوە بەرتیلی خواردوە[34]

فەقیهەکان جیاوازیان کردوە لە نێوان وەرگرتنی دیاری لەلایەن پێغەمبەری خودا(ﷺ) [35] وە لەنێوان حەرامبوونی لەسەر کاربەدەستانی دوای خۆی، چونکە پێیان وایە ئەو دیاریانەی پێشکەش بەپێغەمبەری خودا کراوە (ﷺ) لە پێناوی دەسەڵاتو پلەوپایە دنیاییەکەیدا نەبووە، بەڵکو لەبەر پێغەمبەرایەتی موحەمەد بووە، پێغەمبەری خوا(ﷺ)بە دوربووە لە دۆستایەتی کردن لەسەر شتی ناڕەواو لەپێناو شتی ناڕەوادا، ئەو کەسەشی دیاریەکەی بەخشیوە چاك زانیویەتی کە پێغەمبەری خوا بەهەموو دیاریەکانی

---

[31] - تفسير الطبري (4/311-312)

[32] - هەمان سەرچاوە

[33] - احكام القرأن للجصاص (2/432-433)

[34] - هەمان سەرچاوە

[35] - صحيح البخارى، كتاب الهبة، باب قبول الهدية، مع فتح البارى (2/ 202-204)ومسلم(2/755).

جیهان كاریگەر نابێت، كەواتە دیاری بەخشەكە لەپێناوی ڕەزامەندی خوای گەورەداو وەك خۆشەویستیەك بۆ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾بەخشیویەتی.

بەڵام كاربەدەستەكانی تر جگە لەپێغەمبەری خوا وەك والیو قازیەكان هیچ كامیان بەدورنین لە تاوان كردن واتە(مەعسوم نین)، خەڵكیش كاتێك دیاریان پێدەبەخشن لە پێناوی بەدەست هێنانی دۆستایەتیاندایە تاكو بەهۆیەوە بەرژەوەندیەكی خۆیان جێ بەجێ بكەن، ئەمە بەزۆری وایەو هەر لەبەرئەمە بوو لەكاتێكدا عومەری كوڕی عەبدولعەزیز پێویستی بەوەرگرتنی دیاری هەبوو وەری نەدەگرت، پێیان دەگوت: (بۆچی وەری ناگریت؟ گوتی:(كە دیاریان دەبرد بۆ پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾بۆ ئەوەبوو لەبەرپێغەمبەرایەتیەكەی لێی نزیك بونەوە، نەك لەبەردەسەڵاتەكەی، بەڵام كەبەهۆی دیاریەكانەوە لە ئێمە نزیك دەبنەوە لەپێناو دەسەڵاتەكەماندایە)[36] ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كەصەدری شەهید لە (تعلیە)دا لە باسی ئەوەی كە دیاری كاربەدەستەكان بەرتیلە، دەڵێت: (ئەوە بەوشێوەیە بوو، چونكە دەسەڵاتی ئەمیرو پلەو پایەكەی بەهۆی سەربازەكانو مسوڵمانەكانەوەیە نەك بەهۆی خۆیەوە، دیاری بۆ كۆمەڵی مسوڵمانان لەجێی دەسكەوتی جەنگدایە، ئەگەر ئەمیر دیاریەكی بۆ خۆی هەڵگرت ئەوە خیانەتی كردوە....)[37].

لەگەڵ ئەم حوكمە گشتیەدا كە بڕیار لەحەرامی بەرتیلو دیاری بۆ كاربەدەستانو فەرمانڕەوایان دەدات، بەڵام زانایان بابەتەكەیان لەچەند بەشێكی تایبەت بەوكەسانەوە باسكردوە، لە كتێبی (أدب القاضي)دا ڕاشكاوانە گوتویانە كە بەرتیلو ئەو دیاریانەی لەناوەڕۆكیاندا بەرتیلن حەرامن بەكۆ دەنگی زانایان [38]

---

[36]- فتح الباری (221/5)

[37]- شرح أدب القضي (44/2)

[38]- فتاوی قاضی خان (363/2)،حاشية الرهوني (310/7)، نهاية اعمت (242/8)

جەصاص دەڵێت: ( كۆی تەئویل كارانی ئەم ئایەتە {سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ }سورة المائدة(42). یەك دەنگی لەسەر ئەوەی وەرگرتنی بەرتیل حەرامە، هەروەها رێكەوتون لەسەر ئەوەی كەبەرتیل لەو (السحت)یە كە خوای گەورە حەرامی كردوە، بەرتیلیش بۆ چەند شێوەیەك دابەش دەبێت لەوانە بەرتیلدان لەحوكمدا كەئەم بۆبەرتیل دەرو بەرتیل وەرگر هەمویان حەرامە)[39].

لە (كشاف القناع)دا هاتووە: ( وەرگرتنی دیاری و خزاستنی لەكەسێك وەك دیاری حەرام دەكرێت، چونكە سودە مادییەكان وەك مەعنەوییەكانو، ئەمەش وەك ئەوەی منداڵەكەی خەتەنە بكرێت یان شتێكی لەو جۆرەو دیاری بدرێتێ، ئەگەر گوتمان: ئەوە بۆ منداڵەكەیە هەرنابێت، چونكە ئەوەش رێگەیەكە بۆ بەرتیل، ئەگەر شتێكی پێ بەخشرا باشتر وایە وەك دیاری بێت ).

هەروەها بەمشێوەیە لە (معین الحكام)دا هاتووە: ( كۆمەڵێك شت پێویستن لەسەر قازی، لەوانە وەرنەگرتنی دیاری لەبێگانە، بەڵام دیاری لەخزمو كەسو كار وەردەگیرێت... بەڵام راسترین شت لەم سەردەمانەدا ئەوەیە دیاری بەهیچ جۆرێكو لە هیچ كەسێك وەرنەگرێت، چونكە دیاری وەرگرت گەندەڵی لەسەر دروست دەكات، گوتراوە: دیاری نوری دانایی دەكوژێنێتەوە، رەبیعە دەڵێت: نەكەی هەرگیز دیاری وەربگریت، چونكە دیاری بیانویەكە بۆ بەرتیل ...) هەروەها دەڵێت: (ئەگەر دیاری وەرگرت چی دەكرێت؟ گوتیان: ( ئەگەر لەتوانادا هەبوو دەگێردرێتەوە بۆ بەخشەرەكەی، ئەگەر نەتوانرا بدرێتەوە بە بەخشەرەكەی لەوكاتەدا دەخرێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە ..... )[40]. لە (جواهر العقود)دا هاتووە: (حەرامە لەسەر قازی دیاری لەهەریەك لە دوولایەنی ناكۆك

---

[39]- الاحكام ، دارالفكر (433/2) للجصاص

[40]- معین الاحكام. ط. مصطفى الحلبي بالقاهرة 1393ه . ص 15 – 16.

وەربگیرێت، یاخود لە یەکێکیان، گوتویانە: حەڵاڵ نیە بۆ قازی شتێك بخوازێت، یاخود قەرز بکات لەکەسێك کەپێش حوکمدانەکەی شتی لێ نەخواستبێ یان قەرزی لێ نەکردبێت )[41].

زنایان باسیشیان لەوە کردوە کەدیاری وەرگرتن لەلایەن موفتیەوە حەرامە، یاخود بەرتیل پێدانی لەپێناوی ئەوەی فتوایەکی ناڕەوا دەربکات، یاخود رایەك پەسەند بکات، یاخود فێڵێکی شەرعی بدۆزێتەوە حەرامە، بەهەمان شێوە بەرتیلدان بەمامۆستا تاقوتابی دەربچێت حەرامە، بەرتیلدان بەشایەتو دیاری پێدانی حەرامە، بەکورتی دیاریو بەرتیلدان بەکەسێك کەبەرژەوەندیت لەگەڵدا هەبێت.

وەرگرتنی لەکەسێك کەبەرژەوەندیەکی لای تۆ هەبێتو ئەم بەرتیلو دیاریە کاربکاتە سەر بڕیارت حەرامە، باشترینو لە پێشترین کار داخستنی دەرگای بەرتیلو دیاریە لەترسی ئەو کاریگەریە خراپانەی کە لەسەر ئێستەو ئایندەی ئوممەت دروستی دەکات.

## نەشارەزایی و لادان لە بەکارهێنانی مافدا بەتایبەت مافی ئیداری

دەسەڵاتە ئیداریەکان تەقدیرینو پێویستیان بەدەسەڵات گەلێکی فراوان هەیە تاکو بڕیارە گونجاوەکان لەکاتو شوێنی گونجاودا وەربگرن، کەواتە بەرتەسك کردنەوەی ئەم سەلاحیاتانە ئەگەر لەسەر بنەمای دادپەروەریو هاوسەنگی تەواو نەبێت دەبێتە هۆی پەکخستنی جوڵەو لەدەست چونی بەرژەوەندیەکانو، ئەنجام نەدانی داهێنان تیایدا، بەڵام لە بەرامبەریشیدا هەندێك کەس ئیستیغلالی سەلاحیاتە ئیداریەکان دەکەنو، بەناشارەزاییو دور

[41]- جواهر العقود .ط. دارالکتب العلمیةبیروت (285/2).

لەڕێگای خۆی بەکاریان دێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بەکۆمەڵگا، دکتۆر (فتحی الدرینی) دەڵێت: (لەکاتێکدا دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتدار (ولی ألامر) فراوان دەبێت .... زۆر فراوان دەبێتو مەزەندەکاری تێدا دەکرێت لەوکاتەدا مەترسی زیادەڕەوی لادانو خراپ بەکارهێنانی لێدەکرێتو دەگونجێت لەڕاستیو دادپەروەری لابدات، ئەو دەسەڵاتدارە لەبەکارهێنانی دەسەڵاتەکەیدا لابدات لە ئامانجەکانی یاسادانەر، لەبەرئەوە شەریعەت لەسەری پێویست کردوە کە لەهەڵسوکەوتو مامەڵەکردنەکەیدا ئامانجەکەی لەگەڵ ئامانجی شەرعدا دژ نەوەستێتەوە، ئەمەش بووەتە بڕیار لەسەر دراوێکی شەرعی: ( ڕەفتاری پێشەوا لەسەر هاوڵاتیان پەیوەستە بەبەرژەوەندیەوە ..... لەبەرئەوە بەکارهێنانی دەسەڵات بەبێ بەرژەوەندیو لەپێناوی حەزو ئارەزودا، یاخود بۆ تۆڵە سەندنەوە، یان لەپێناوی هێنانەدی ئامانجی ناشەرعیدا کە پەیوەندی بە پاراستنی ئاینو، سیاسەتی دنیاوە نەبێت کە لەرۆحی شەرعو بنەماکانیەوە وەرگیرابێت، ئەو ڕەفتارە لادانی دەسەڵاتە لە ڕێڕەوەکەی خۆیو ستەم کردنە )[42].

لەبەرئەوە پێوەری باش ڕەفتارکردنی دەسەڵاتدارو ئەوەی دەکەوێتە بازنەی بڕیارەکانیەوە لەسێ ڕەگەز پێك دێت :

**ڕەگەزی یەکەم :**

دڵسۆزی، کە بەنیەتی ڕاستگۆیانە دێتەدی، بەپاكو خاوێنی نیەتی ڕەفتارکەرەکە تاکو دژی ئامانجی یاسا دانەر نەوەستێتەوە دێتەدی .

ئیمامی شاطبی دەڵێت: (ئامانجی شەرعی لە دانانی یاسادا بریتیە لە دەرهێنانی بەرپرسیارەکە لەژێربانگەوازی هەواو ئارەزوی خۆی تاکو بەویستی

---

[42] - وهفتحی الدرینی: الحق وحدی سلطات الدولة في تقییده، ط . مؤسالرسالة بیروت 1979 (170)

خۆی ببێتە بەندەی پەروەردگار، هەروەك چۆن بەناچاری بەندەی پەروەردگارە)[43] .

هەروەها دەڵێت: (داوای یاسادانەر یان ئامانجی لەیاسادانانندا بۆ دانراو – ئەوەیە کەئامانجی ئەویش لەکارکرندا هاو ئامانجی یاسا دانەر بێت لە یاسادانانندا، هەرکەسێك شتێکی تر بخوازێت لە ئەرکەکانی شەریعەت بێ ئەوەی شەریعەت دای نابێت ئەوە پێچەوانەی شەریعەت رەفتاری کردوە، هەموو ئەوانەی پێچەوانەی شەریعەت کردویەتی ئەوەکارەکەی لەو پێچەوانە رەفتارکردنەدا پوچو نارەوایە، هەرکەسێك کۆمەڵێك ئەرك دابنێتو بیخوازێت بەڵام شەرع یاسای بۆ دانەنابێت – واتە ئەرکی شەرعی نەبێت – ئەوە کارەکەی پوچە، سەبارەت بەکارەکەی کە پێچەوانەی شەرعە ئەوە بەئاشکرا نارەواو پوچە، چونکە کارە شەرعیە دانراوەکان دانراون تاکو بەرژەوەندیەکان بهێننەدیو خراپەکان دوربخەنەوەو لایانبدەن، جا ئەگەر پێچەوانەی ئەمە رەفتارکرا، ئەوا لەورەفتارە سەرپێچی تیا کراوانەدا نەدەستخستنی بەرژەوەندی تێدایەو نەدورخستنەوەو لادانی خراپەی تێدایە ....)[44] . بەم مەرجە هۆکارەکانی ئارەزوبازیو بەرژەوەندی خوازی شەخسی دوردەخرێتەوە، چونکە دڵسۆزی بەواتای خۆیەکلایی کردنەوە بۆ پەروەردگار دێت، دوور لە هەموو هەواو ئارەزو حەزێکی دەرونی .

## رەگەزی دووەم :

پێویستە خودی رەفتارەکە لەخۆیدا شەرعی بێت، ئەو هۆکارانەش بۆ هێنانی بەکاردەهێنرێت هەرشەرعی بن، چونکە نیەتی باش لەگەڵ کاری نارەوادا یاخود لەگەڵ هۆکارێکی نارەوادا هیچ بایەخێکی نیە لەئیسلامدا، بەڵکو کارێکی

---

[43] - الموافقات. دارالمعرفة بيروت (469/1)

[44] - الموافقات (615/1)

بەرپەرچدراوەیە، چونكە بۆ كاری چاك مەرجە كە هۆكاری جێبەجێ كردنەكەی رەوابێت لە كاتێكداكە نیەتەكەی رەواوچاكە.

**رەگەزی سێیەم :**

لەبەرچاوگرتنی ئەو كاریگەریانەی لەوڕەفتارەوە دەكەونەوە، واتە روانین بۆ ئەنجامو پاشە رۆژی رەفتارەكە، شەریعەت تەنها ئەو دوو رەگەزەی سەرەوە بەتەواو نازانیت بەڵكو كاریگەریەكانو پاشە ڕۆژی رەفتارەكەش دەكاتە رەگەزێكی تر، ئەوەتە بەرەنجامەكانی رەفتارەكە لەبەرچاو دەگرێتو، حوكمە شەرعیەكانی لەسەر بونیات دەنێت، وەك قەرەبوكردنەوەو خوێنبایی، ئەگەر چی نیەتەكە باش بێتو ئامانجەكەش دروست بێت، لەبەرئەوە شەریعەت قەرەبوو كردنەوەو خوێنبایی لەسەر ئیمام یاخود حاكم واجب كردوە ئەگەر هاتوو لەحوكمەكەیدا هەڵەی كرد[45].

[45]- حاشية ابن عابدين (190/5)، حاشية الدسوقى(355/4)، الروضة(308/11)، المغنى(312/8)

# پارە شۆردنەوە

ئەم دەستەواژەیە بەم واتایەی ئێستەی نەناسرابوو تا ئەوكاتەی حكومەتی فیدراڵی سویسری یاسایەكی تایبەت بە پارە شۆردنەوەی دەركرد، پاشان لەلایەن دەوڵەتانی ترو كۆمپانیاو راگەیاندنەكانەوە گرنگی پێدرا، چونكە ئەوتاوانبارانەی لە رێگەی ناڕەواو نایاساییەوە توانیویانە پارە كۆبكەنەوە ناچاردەبن بەرێگەیەكی یاسایی لە حسابات و تەمویل كردندا بەكاری بهێنن، لێرەوە چەندین رێگەیان دۆزیوەتەوە بۆگەشتن بەئامانجەكانیان، وەك ئەوەی ئەم رێگایە وەك پاككردنەوەیەكی یاسایی وابێت بۆ پارەكانیان [1] .

لێرەوە دەتوانین بڵێین شۆردنەوە یان سپیكردنەوەی پارە بەزۆری لەبەرەنجامی بازرگانیكردن بەوشتومەك و خزمەت گوزاریانەوە دروست دەبێت كەبەشێوەیەكی ناڕەوا لەڕووی یاساییەوە دەكرێن وەك مادە بێهۆشبەرەكان بەهەموو جۆرەكانیەوە، لەش فرۆشیو بەدرەوشتی، تۆڕەكانی بازرگانی كردن بەسپی پێستەكانەوەو، .....هتد ، هەروەها لە تەزویركردنی پارەو چەكەكاندا، لەبەرتیلو گەندەڵی ئیداریو سیاسیدا، لەدزینو پارە لادانداو، لەبەقاچاخ بردنو، لەفرۆفیڵی بازرگانیدا، یاخود لەبازرگانیكردن بەشتومەكی مادەی

---

[1] د.حمدی عبد العضیم : غسیل الأموال في مصر والعالم . چاپی دووەم لەقاهیرە ، لاپەرە (58) و لاپەرەكانی دواتر . هەرەروەها ئەم پێگەیە www.acmarkets.com

بەسەرچودا، یان لەساختەکردنی مارکەو تەزویرکردنی کتێبو بابەتە هونەریەکاندا، یان هەرچالاکیەکی تری لەم شێوەیە لەڕوی یاساییەوە.

## کاریگەرییەخراپەکانی شۆردنەوەی پارە

شۆردنەوەی پارە کاریگەری خراپی زۆری هەیە، کاریگەری مەترسیداری لەسەر ئاستی تاکەکەسیو کۆمپانیاو دەوڵەتان هەیە، لەسەر داهاتی نەتەوەییو پاشاکەوتو هەڵئاوسان هەیە، بەڕاستی ئەم کارە لەمەترسیدارترین تاوانە ئابورییەکانە، کۆسپی راستەقینەی بەردەم گەشەپێدانو بوژانەوەیە، چونکە بریتیە لەگیرفانی پشتەوەی هەموو ئەو تاوانە ئابوریانەی کەپارە حەرامەکانیان دەچێتەوە ناو حساباتی وەهمیەوە، تاکو دواتر بەشێوەیەکی یاسایی پارەکان بکەنەوە ناوحساباتی خۆیان یاخود لەرێگەی ناوەندەکانیانەوە (واسیتەکانیانەوە) جارێکی تر پارەکانیان بۆ بگەرێتەوە[2].

زۆربەی داهاتی جیهانی سێیەمو سەروەتو سامانەکەی دەچێتە گیرفانی ئەم گەندەڵکارو تاوانبارانەوە.

دیمترۆس کلاسی ئەندامی لیژنەی تاوانەکان لەنەتەوە یەکگرتوەکان لەکۆنگرەیەکی جیهانیدا لەقاهیرە کەلەنیسانی 1995 دا بەسترا دەربارەی کارە ئابڕوبەرانەکەی بانکی ئابوری نێودەوڵەتی قسەی کرد کەزیانەکانی گەیشتبوە (220) ملیار دۆلار، ئەم پارەیە لەشۆردنەوەی پارەو(بازرگانی ماددە

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە (185 - 226) بۆ زانیاری زیاتر .

سڕكەرەكان) و كردە گەندەڵكاریەكانو لەچەند وڵاتێكدا بەكارهاتبوو تاوەكو مایە پوچی كرد[1].

هەروەها (الف لایندیر)- كەشارەزایەكی نێودەوڵەتیە- رایگەیاند كەبەڤاچاخبڕدنی مادده سڕكەرەكان هاوبەشی لەڕوودانی كردەی پارە شۆردنەوەكاندا دەكات كەبەهاكەی (125) ملیار دۆلارە لەسەر ئاستی جیهانو دەكاتە 25٪ بەهای گشتی كردەكانی پارە شۆردنەوەی تایبەت بەمادده سڕكەرەكان كەئەویش دەگاتە نزیكەی (500) ملیار دۆلار ساڵانە. هەروەها دەڵێت: نیۆرك دادەنرێت بەڤێزەونترین سەنتەری جیهان بۆ شۆردنەوەی پارە ڤێزەونەكان، لەندەن لەمەدا ركەبەرایەتی نیۆرك دەكات[2].

راپۆرتێكی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریكا لەساڵی 1992 ئاماژە بەوە دەكات قەبارەی كردەكانی پارە شۆردنەوە ساڵانە گەشتۆتە (100) ملیار دۆلار، كەئەم پارانە دەگوێزرێتەوە بۆ پارەی رەواو یاسایی[3].

هەندێك لەسەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كەقەبارەی بازرگانی كردن بەكۆیلەی سپیەوە(ئاودیوكردنی ئافرەتان بۆ لەشفرۆشی) گەشتۆتە (3,5) ملیار دۆلار لەساڵی 1994دا، هەروەها قەبارەی پارە شۆردنەوەی تایبەت بەسەرۆكی پێشوی فلیپینی(ماركوس) و هاوسەرەكەی(ایمیلدا) كەلەبەرئەنجامی گەندەڵی سیاسیەوە كردویانە گەیشتۆتە(10) ملیار دۆلار، بەهای سەروەتو سامانی ئاودیوكراویش لەسەردەمی شای ئێراندا بۆ بەرژەوەندی خۆیو دارو دەستەكەی گەیشتبوە (20) ملیار دۆلار[4].

---

[1]– هەمان سەرچاوە(53- 54)

[2]– رۆژنامەی عالم الیوم، 5/ 1994/4

[3]– د. حمدی عبدالعظیم: هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (52).

[4]– گۆڤاری روز یوسف لە 1995/9/8

بەهەمان شێوە لەراپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانیادا هاتوە کە گەندەڵی بەپلەیەکی بەرز لەنەیجیریادا بلاَو دەبێتەوەو، بەملیارات دۆلار ئاودیوی ولاَت دەکرێت، تەنانە هەندێك برِەکەی بە20٪ی سەرمایەیی نەتەوەیی مەزەندە دەکەن، کەگەندەڵی قوتی دەدات[5].

دکتۆر حەمدی عەبدواعەزیم نمونەی زۆری دەربارەی گەندەڵیو ئاودیوکردنی پارەو ماددە سرِکەرەکانی لەزۆربەی دەوڵەتانی جیهان باسکردوە، بەلاَم زیاتر تیشکی خستۆتە سەر میسرو ئەوەی روونکردۆتەوە کەقەبارەی ئابوری نامەشروع لەمیسردا دەگاتە 25,5٪ لەبەر هەمی گشتی خۆماڵی لەنێوان ساڵەکانی 1971- 1988، ئەوەشی روونکردۆتەوە کەلەراستیدا رێژەکە لەنێوان 15,5٪ و 30٪ ی داهاتی گشتیدا هاتووچۆ دەکات، رێژەی شۆردنەوەی پارە لەم رێژەیەدا دەگاتە نزیکەی 60٪ لەنێوان سالاَنی 1984- 1998 [6]

هەروەها باسی لەوەش کردوە کەژمارەی ئالودەبوەکان لەساڵی 1995دا زیاتر لەیەك ملیۆن بەکارهێنەرو ئالودەبووە، بەهای ئەو ماددە سرِکەرانەی لەبازارِە نهێنیەکاندا کرِینو فرۆشتنی پێوە دەکرێت سالاَنە بە(3) ملیار جونەیهی میسری مەزەندە دەکرێت[7].

رێژەی ئەو کەسانەشی بایەخ بەبابەتەکانی ماددە هۆشبەرەکان دەدەن لە ساڵی 1988دا گەیشتۆتە 23000 کە کەبەرِێژەی 35,2٪ زیادی کردوە[8]

دکتۆر موحەمەد عەبدولعەزیز نوێنەری هەرێمایەتی نەتەوە یەکگرتوەکانی بۆ نەهێشتنی گەندەڵیو ماددە سرِکەرەکان ئەوەی ئاشکرا کرد کەقەبارەی

---

[5] - هەمان سەرچاوەی پیشوو(79)

[6] - هەمان سەرچاوەی پیشوو لاپەرِە(117- 120) ، ئەویش پشتی بەرونکردنەوەکانی وەزارەتی پلاندانانی میسری بەستوە لەوەرگرتنی ئەم ژمارانەدا.

[7] - لواو عامم الترساوی: غسیل الاموال، پاشکۆی (اهرام اقتصادی)، لە 1995/5/29

[8] - سەرچاوە:وەزارەتی ناوخۆ، بەرِێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددە سرِکەرەکان ، راپۆرتی ساڵی 1998

پارەی ئاودیوکراو لەدەوڵەتە تازە پێگەیشتوەکانەوە بۆ دەرەوە دەگاتە یەك تریلیۆنو (600) ملیار دۆلار، میسریش لەسەرەوەی ریزبەندی ئەو دەوڵەتە تازەپێگەشتوانەدایە لەئاودیوکردنی پارەدا بۆ دەرەوە[9]

هەروەها ژمارەی کێشەکانی گەندەڵی لەمیسردا لەساڵی 2000دا گەیشتۆتە 63369 کێشە کەدەزگاکانی حکومەت توانیویەتی بەسەریاندا زاڵ بێت، هەزارەها کێشەی دیکە هەیە کەزاڵ نەبون بەسەریدا، بەهەمان شێوە رێژەیەکی زۆری باڵەخانەی ناپاسایی هەیە بەهۆی ئەم گەندەڵیەوە بونیاتنراون[10].

بانکی نێودەوڵەتی لەراپۆرتی ساڵانەی خۆیدا وێنەیەکی خراپو رەشی جیهانی سێی نیشاندا لەرووی گەشەپێدانەوە، ئەم راپۆرتەی لەمیانەی خشتەیەکدا بلاّوکردەوە کە26 دەوڵەت لەخۆ دەگرێت، لەم خشتەیەدا بەراورد لەنێوان قەبارەی پارەی ئاودیوکراو و رێژەی قەرزی دەرەکیو، پوختەی هەڵتۆقینی سەرمایەداریدا دەکات ئێمە لەبەرگرنگیەکەی باسی دەکەین:

**قەبارەی پارەی ئاودیوکراو لەلایەن هەندێك دەوڵەتەوە لەنێوان ساڵانی 1980-1992 بەملیۆن دۆلار**

| ژ | ناوی دەوڵەت | زیادەی قەبارەی قەرزی دەرەکی(1) | پوختەی هەڵقولانی سەرمایەداری(2) | قەبارەی سەروەتو سامانی هەلاّتوو(3)= (2) – (1) | ٪1/3 |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەنگلادش | 9136 | 479 | 8657 | 94.8 |
| 2 | هند | 56401 | 3393 | 53008 | 94.0 |
| 3 | نەیجیریا | 22025 | 1375 | 20650 | 93.7 |
| 4 | صین | 64817 | 10028 | 54789 | 84.5 |

[9] - لەلێدوانێکدا کەلەرێگەی www.masrawy.com دا بلاّوکراوەتەوە2007/12/13

[10] -www.masrawy.com

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 91.3 | 57918 | 5523 | 63441 | ئەندونیسیا | 5 |
| 96.7 | 10208 | 344 | 10552 | کوت دیفوار | 6 |
| 83.8 | 12637 | 2444 | 15081 | فلیپین | 7 |
| 98.2 | 10709 | 198 | 10907 | بیرو | 8 |
| 93.6 | 10856 | 739 | 11595 | مەغریب | 9 |
| 102.1 | 6415 | 132(-) | 6283 | اکوادۆر | 10 |
| 98.8 | 11551 | 203 | 11754 | بولغاریا | 11 |
| 108.9 | 11180 | 917(-) | 10263 | کولومبیا | 12 |
| 99.7 | 6971 | 19 | 699 | جەزائیر | 13 |
| 95.1 | 29611 | 1516 | 31127 | تایلاند | 14 |
| 93.4 | 33286 | 2363 | 35649 | تورکیا | 15 |
| 75.2 | 7269 | 2390 | 9659 | ئێران | 16 |
| 85.1 | 65017 | 11401 | 76418 | روسیا | 17 |
| 91.9 | 6693 | 586 | 7279 | شیلی | 18 |
| 92.2 | 46180 | 3918 | 50098 | بەرازیل | 19 |
| 94.4 | 12482 | 744 | 13226 | مالیزیا | 20 |
| 87.0 | 6830 | 1018 | 7848 | فەنزوێلا | 21 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 102.0 | 12377 | 241(-) | 12136 | **هەنغاریا** | 22 |
| 100.6 | 56321 | 321(-) | 56000 | **مەکسیك** | 23 |
| 99.0 | 40004 | 408 | 40412 | **ئەرجەنتین** | 24 |
| 78.4 | 10595 | 2924 | 13519 | **کۆریا** | 25 |
| 87.3 | 19485 | 2832 | 22317 | **پرتوغال** | 26 |

**ئەم خشتەیە قەبارەی ئەو ئاودیوکردنە نایاسایيەمان بۆ روونده‌کاتەوە لەو دەوڵەتانەدا کەزۆرترین پێویستیان بەپارە هەیە تاکو سەرمایەگوزاری پێ ئەنجام بدەن، لەگەڵ تێبینی کردنی ئەوەی کەپارەیەکی تری زۆر لەدەرەوە قەرزدەکەن بەرێژەیەکی گەورە لەسوو، ئەمەش بەهۆی مەترسیەکانی نادڵنیایی لەم وڵاتانەدا، لەبەرئەوە دەوڵەتو گەلو هاوڵاتیان چەندجار زیان دەکەن، جارێك بەئاودیوکردنو، جارێك بەقەرزێك کەسووی گەورەی لەسەرەو، جارێکی تر بەمانەوەی ئەم قەرزانە بۆماوەیەکی درێژخایەن کەکاردەکاتە سەر بڕیارە سیاسیە سەروەرییەکانیان.... تەنها خوای گەورە پشتو پەنایە....**

## حوکمی شەرعی پارە شۆردنەوە

**لەتێڕوانینی ئیسلامەوە پارەشرۆدنەوە لەدوو تاوان پێك دێت:**

**<u>یەکەمیان کەبنچینەیە:</u> بریتیە لەچالاکیەك کەلەخودی خۆیدا حەرامە، وەك بازرگانی کردن بەمادده سڕکەرەکانەوەو، لەشفرۆشیو بەدرەوشتیو، بەرتیلو**

گەندەڵی ئیداریو سیاسیو، پاوەنکردنو دزینو هەموو کارێکی حەرامی دیکەی لەمشێوە، هەموو ئەم تاوانانە یان لەوتاوانە گەورانەن کەقورئانو فەرمودە بەڵگەن لەسەر حەرام بونیان، تەنانەت سزای هەندێکیان - وەك دزی – هەموو ئوممەت کۆدەنگن لەسەر ئەوەی سنورێکە بەزاندنی حەرامەو، پێویستە گەل سزای ئەنجامدەرەکەی بدات، یاخود لەوکارە حەرامانەی کەدەقە شەرعیەکان بەڵگەن لەسەر حەرامێتیان، هەر لەبەرئەمەیە دەبینین سزای سەختو بەربەست دروستکەریان بۆدانراوە، لەودەقە گشتیانەی لەم بارەیەوە هاتوون، خوای گەورە دەفەرمویێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا}سورة النساء(29)، هەروەها ئایەتی: {وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ}سورة البقرة(188)، دەقی زۆر هەیە کەفەرمان بەمسوڵمانان دەکات بۆ پارێزگاری کردن لەسەروەتو سامانی خەڵکی، دەست درێژی نەکردنە سەری بەهیچ چەشنێك، تەنها بەمافێکی رەوا نەبێت، هەروەها دەقی زۆر هەیە کەفەرمان دەکات بەوەی هەرشتێك پاكو حەلاڵ نەبێت نەخورێتو، مرۆڤ لەشتە پیسەکان دورکەوێتەوە، کەلێرەدا بواری باسکردنیان نیە.

**<u>دووەمیان:</u>** بریتیە لەتاوانی پەردەپۆشکردنی حەرامکراوەکانو بۆیاخکردنی بەبۆیاخێکی شەرعی، ئەمەش بریتیە لەتاوانی فرۆفێلو تەڵەنانەوەو خەڵەتاندنو بەرگ گۆڕینو چەواشەکردنو درۆ و هەڵخەڵەتاندن، ئەمانە هەموویان لەوکارە قەدەغە کراو حەرامانەن کەهەموو مسوڵمانان کۆدەنگن لەسەر حەرامبونیان.

لەبەر رۆشنایی ئەمەدا، ئەو کەسەی بەچالاکیەکی حەرامکراو هەڵدەستێت کەسێکی تاوانبارەو لای پەروەردگار سەرپێچیەکی گەورەی کردوەو یاسای گشتی

سزادانی لەشەریعەتی ئیسلامدا بەسەردا دەچەسپێت، جائەگەر ئەو تاوانەی کردویەتی لەوتاوانانە بێت کەسزای تۆڵەسەندنەوەی لەسەرە، ئەوە تۆڵەی لێدەکرێتەوە، بەلأم ئەگەر لەو بازنەیەدا نەبوو لەرێگەی سەرزەنشتکردنو سزا تەعزیریەکانەوە عاقڵ دەکرێتو فێری رەوشت بەرزی دەکرێت، پێویستە لەم کارەشدا رەچاوی رێسا گشتیەکانو مەرجو رێکخەرەکانی سزادان بکرێت.

پاشان هەمان ئەو کەسەی تاوانەکەی کردوە هەستا بەئەنجامدانی پارە دزینو پارەشۆردنەوە ئەوە لەیەك کاتدا دوو تاوانی ئەنجامداوە، لەبەرئەوە شایستەی روبەروکردنەوەی سزای توندترو گەورەتر دەبێت.

بەلأم ئەگەر کەسێکی تر جگە لەتاوانبارە سەرەکیەکە هەستا بەکرداری پارەشۆردنەوەکە لەوکاتەدا ئەو کەسە هەستاوە بەئەنجامدانی یەکێك لەتاوانە گەورەکان، چونکە هەستاوە بەفرۆفێڵو چاوبەستو درۆکردنو، هاوکاریکردن لەسەر ئەنجامدانی کاری خراپەو دەستدرێژی، کەهەریەك لەم تاوانانە بەچەندین دەق حەرامکراون، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت: (هەرکەس فێڵمان لێ بکات لەئێمە نیە)[1]

هەروەها پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾درۆکردنی کردۆتە یەکێك لەنیشانەکانی دوڕویی، وەك لەفەرمودەیەکی (متفق علیه) دا دەفەرموێت: (چوار شت هەیە لەهەرکەسێکدا هەبن ئەوە دوڕویەکی تەواوە، هەرکەسێکیش یەك سیفەتیانی تێدا بێت ئەوە سیفەتێکی دوڕووی تێدایە تاکو وازی لێدەهێنێت، ئەگەر ئەمانەتی لادانرا خیانەتی لێبکات، ئەگەر قسەی کرد درۆ بکات، ئەگەر پەیمانی بەست بیشکێنێت، ئەگەر ململانێو ناکۆکی هەبوو تاوانو زیادەڕەوی بکات)[2].

---

[1]– موسلیم گێراویەتیەوە لەسەحیحەکەیدا فەرموی 101- 102

[2]- سەحیح بوخاری والفتح (10/ 423)، موسلیم، فەرمودەی ژمارە (2607)

سەبارەت بەحەرامكردنی هاوكاریكردن بۆ ئەنجامدانی كاری خراپەو دەستدرێژی كردن خوای گەورە دەفەرموێت: {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ}سورة المائدة(2).

كەواتە لەبەر رۆشنای ئەمانەدا هەركەسێك هاوكار بێت لەپارە شۆردنەوەدا ئەوە تاوانو ستەمێكی ئەنجامداوە كەبەپێی بڕیاری حاكم سزای راستكردنەوە (تەعزیری) دەدرێت، یاخود لەرێگەی یاساوە بەچەشنێك سزا دەدرێتو سزادانەكە رێك دەخرێت كەبەرگری بكات لەئەنجامدانی ئەوجۆرە كارەو، لەهەمان كاتیشدا دادپەروەرانە بێت.

پاشان دروست نیە بۆ ئەوكەسەی پارەی حەرامو پیسی بەدەستەوەیە سوودی لێ وەربگرێت، چونكە ئەوە پشكۆو ئاگرە لەناوسكیداو لەگۆڕەكەیداو لەرۆژی قیامەتدا، بەڵكو پێویستە لەسەری ئەوسەروەتو سامانە بگێڕێتەوە بۆ دەوڵەت ئەگەر لەدەوڵەتی دزیوە، وەئەگەر لەكەسو لایەنێكی تری بردوە بیگێڕێتەوە بۆخاوەنە رەسەنەكەی، بەڵام ئەگەر پارەكەی لەرێگەی حەرامو یاساغەوە دەست كەوتبوو وەك ماددە سڕكەرەكانو لەشفرۆشی... هتد، لەوكاتەدا پێویستە پارەكە لەبەرژەوەندیو چاكە گشتیەكاندا سەرف بكرێت.

## هۆكارەكانی گەندەڵی ئیداریيو داراییو سیاسیو كاریگەریە لەناوبەرەكانی

**لەگرنگترین هۆكارەكانی گەندەڵی ئەمانەن:**

1- لاوازی هەستی ئاینیو ئەخلاقی، یاخود نەبونی ئەو هەستە، چونكە ئەگەر كەسێك بڕوای بە خواو بە رۆژی قیامەت هەبێتو بەدڵنیایەوە بزانێت كە وەزیفە بەرپرسیارێتیەو دەبێتە هۆی سەرشۆڕیو پەشیمانی تەنها بۆ

کەسێك نەبێت کە بەمافی خۆی وەری گرتبێتو بەدادپەروەرانە بەکاری هێنابێت، ئەو کەسەی بەمشێوەیە بێت ناتوانێت بەشێوەیەکی نارەوا پارە وەربگرێت، یان ستەم بکات، چونکە دەزانێت کەدەمرێت لێپرسینەوەیەکی سەختی لەگەڵ دەکرێت، گەورەترین بەڵگە لەسەر ئەمە گەورەمان یوسف پێغەمبەرە(د.خ) کاتێك خێزانی عەزیزی میسر داوای کاری خراپەی لێکرد گوتی: { هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ} (23) سورة يوسف.

2- بۆ خۆشەویستی دنیاو دەرکەوتنو دەوڵەمەندی لەسەر حسابی کەسانی تر

.

3- نەبوونی کەسێکی نمونەنەو پێشەنگ لەسەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتدا، یان لەدەزگاکەدا، یاخود هەیەو لاوازە، ئیتر وەك پەندەکە دەڵێت: ئەگەر پیاوەتیو مەردایەتی خاوەن ماڵ سەما کردن بوو .....

4- جیانەکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکە: یاسادانان، جێبەجێ کردن، دادوەری، هەروەها پێنەدانی دەسەڵاتی یاسادانان(پەرلەمان) لەهەستان بەئەرکی خۆی لەلێپێچینەوەو بانگکردنی بەرپرسەکاندا، ئەگەر ئەم دەسەڵاتە بەپەرلەمان نەدرێت ئەوە هیچ یەکێك لەوگەندەڵانە ناتوانێ گەندەڵی لەسەر زەوی بڵاوبکانەوە.

5- نەبونی کۆمەڵە یاسایەکی راوەستێنەرو بەرپەرچ دەرەوەی بەهێز، یاخود نەبونی دەزگایەکی دادوەری بەهێزو دادپەروەر کەدەستی بگاتە هەموو تاکێك بەبێ جیاوازی، وەك پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾لەکاتێکدا ئوسامە تکای بۆ ئافرەتێکی (مەخزومی) کرد کە دزی کردبوو، فەرموی: ( ئەوەی گەلانی پێش ئێوەی لەناو برد ئەوەبوو ئەگەر لەناویاندا دەسەڵاتدارو خاوەن پلەو پایەیەك دزی بکردایە وازیان لێ دەهێنا، بەڵام ئەگەر لاوازو بێدەسەڵاتێك لەناویاندا

دزی بکردایه یاسایان بەسەردا جێ بەجێ دەکرد سوێند بەخوا، ئەگەر فاطیمەی کچی محمد دزی بکردایە دەستم دەبڕی)[46] .

6- نەبونی کۆمەڵە یاساو لائحەیەك کەبەشێوەیەکی دادپەروەرانە مافەکان‌و ئەرکەکان رێك بخات .

7- گاریگەری خراپی واسیتەو تکاکردنەکان، چونکە هەندێك ئەم قەناعەتە دروست بووە کە: مادام لەتیرەیەکی بەهێزە، یان واسیتەی بەهێزی هەیە کەواتە بەهیچ جۆرێك سزا نایگرێتەوەو دەربازدەبێت .

8- هەبونی هەژاریەکی پەرەسەندو، کەهەندێك لەو هەژارانە بڕیاریان وایە هەژاریەکەیان بەهۆی ستەمی کۆمەڵایەتیەوەیە ئەمەش وایان لێدەکات رق‌وقین‌و هەستیاری‌و گیانی تۆڵە سەندنەوەیان بوروژێنن‌و، دواتر ئەمانە بەوە تۆڵە لە حکومەت یان ئەو دەزگاو کۆمپانیایە دەکەنەوە کە گەندەڵی ئیداری ئەنجام دەدەن، یان وادەزانێ ئەمان لەسەر حەقن‌و، ئەوەی کەوەری دەگرن بەشێکە لەمافی خۆیان، ئەگەر چی ئەم بیرکردنەوەیە لەروانگەی ئیسلامەوە هەڵەیە، بەڵام کاریگەری لەسەر دەرونی گەندەڵکارەکە هەیە .

## کاریگەریە خراپەکانی گەندەڵی ئیداری

دەتوانم ئەم گاریگەریە لەناو بەرو تێکدەرانەی گەندەڵی ئیداری بەو فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾لێك بدەمەوە کە پێشتر باسمان کرد دەفەرموێت: (ئەوەی گەلانی پێش ئێوەی لەناو برد ئەوەبوو ئەگەر لەناویاندا

---

[46]- متفق علیه .

دەسەڵاتدارو خاوەن پلەیەك دزی بکردایە وازیان لێ دەهێنا، بەڵام ئەگەر لاوازو بێ دەسەڵاتێك دزی بکردایە یاسایان بەسەردا جێ بەجێ دەکرد ! سوێند بەخوا ئەگەر فاطیمەی کچی محمد دزی بکردایە دەستم دەبڕی )، بەڕاستی گەندەڵی ئیداری‌و سیاسی لەناوبەری گیان‌و تیابەری ئوممەتە بەشێوەیەکی تەواو، بەسە کەئاماژە بەحاڵەتی ئوممەتە ئیسلامیەکەمان بکەین کەلەزۆربەی دەوڵەتەکانیاندا هەموو رەگەزەکانی پێشکەوتن‌و بوژانەوەو بەژیاربونی تێدایە، بەڵام گەندەڵی بەهەموو شێوەکانیەوە بوەتە رێگرو، کۆسپی گەورەی پێشکەوتن.

ئەگەر هەندێك لەکاریگەریەکان بژمێرین، بریتین لە :

1- دواکەوتن‌و هەژاری‌و، پێشنەکەوتن .

2- هەڵاتنی سەرمایەدار بۆ دەرەوەی وڵات، نەبونی گەرموگوڕی بۆ سەرمایە گوزاری لەناو وڵاتانە لەلایەن هاوڵاتیان‌و، نەلەلایەن ئەوانەوە (بەزۆری).

3- نەبونی چاکێتی راستەقینە لەبەرهەمەکاندا.

4- نەمانی متمانەو پاشەکشەی باری دابەشکردنی دادپەروەرانە .

بەکورتی گەندەڵی ئیداری دەزگایەکی شێواندن‌و گەندەڵکردنە پەلدەهاوێژێت بۆ هەموو راگرەکانی ژیان، گەندەڵی ئیداری بەفیڕۆدانی پارەو سەروەت‌و سامان‌و کات‌و تواناکانە، رێگری بەردەم راپەڕاندنی بەرپرسیارێتیەکانە، بازرگانی کردنە بەوەزیفە گشتیەکانەوە، کۆسپی رێگەی گەشەپێدان‌و ئاوادانکردنەوەو بنیاد نانی ژیارە، هەر وەك چۆن تێکدەری رەفتارو بەهاکانە، لادانی هەڵسوکەوتە راستەکانە، بەراستی هەڕەشە لەمرۆڤ دەکات لەکاتێکدا مرۆڤ بەسەریدا زاڵ نەبێت.

# چارەسەری ئیسلامی بۆ گرفتی گەندەڵی دارایی

## (ستراتیجیەتی ئیسلامی)

لەناوبردنی گەندەڵیو، چەسپاندنی دەست پاکی (نزاهة) لە هەموو ئاستە جیاوازەکاندا کارێکی ئاسان نیە، بەڵکو پێویستی بەبەرنامەی چاکسازی هەمەلایەنە هەیە، پێویستی بەپێشەنگی راستەقینە هەیە، لەلوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا، پێویستی بەپشتیوانیەکی سیاسی کاریگەر هەیە، پێویستی بەهاوکاری تەواوی دامودەزگاکانی دەوڵەتو، هاوبەشی میللیو، پشتیوانی کردنێکی بەهێز لەلایەنی راگەیاندکانەوە (بینراو، نوسراو، بیستراو) هەیە لەهۆشیار کردنەوەی جەماوەرو ئاشکراکردن دەرخستنی گەندەڵکاران بەبێ ترسو شەرمکردن، هەروەها پێویستی بەهاوبەشی هەموو دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە تاکو هەموان پێکەوە لەیەك ریزی تۆکمەو بەهێزدا رابوەستن بۆ دژایەتی کردنی بەرتیلو خزم خزمێنە، لەپێناوی سەربەخۆ کردنی دەسەڵاتدا.

ئەو کاریگەریە تێکدەرانەی گەندەڵی ئیداری دروستی دەکات پێویستی بەدانانی ستراتیژیەتێکی هەمەلایەنە هەیە، چونکە پێویستە ئەوە بزانین کەداهاتوی سیاسیو داراییو کۆمەڵایەتیمان لەژێر سێبەری گەندەڵی ئیداریو سیاسیو ژینگەییدا هەرگیز گەشەناکاتو نابوژێتەوە، لەبەرئەوە بڕوامان وایە ستراتیجیەتی ئیسلامی لە لەناوبردنی گەندەڵیدا ستراتیجیەتێکی هەمەلایەنەیە بۆ هەموو جۆرەکانی گەندەڵی، دامەزراوە لەسەر دروستکردنی مرۆڤێکی دەستپاکی خاوێنو، کۆمەڵگەیەکی خاوێنو، دەوڵەتێکی خاوێنی بەهێز، بەبۆچونی من ئەم ستراتیجیەتە لە شەش رەگەزی تەواو کارو گرێدراو بەیەکەوەدا پێك دێت، کە ئەمانەن:

**یەکەم:** پاراستنی تاکو کۆمەڵگە لە دژی گەندەڵی، بە عەقیدەو بیروباوەڕ، بەبەها ئەخلاقیو پەروەردەییەکانو گەشەپێدانی هەستی ئاین پەروەری، ئەمەش لەرێگەی هاندانی دەوڵەتەوە بۆ دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن تاکو گرنگیەکی زۆر بەپەروەردەی ئاینیو رۆحیو رەفتاری بدەن، گرنگی بەچاندنی رەفتارە بەرزەکانو، خاوێن کردنەوەی لە نەخۆشیو ئارەزووەکان بدەن، لەپێناو دروست کردنی مرۆڤێکی بڕوادار بەخواو بەڕۆژی دوایی، کەلەخوا بترسێتوسنورەکان نەبەنهێنیو نەبە ئاشکرا نەبەزێنێت، لە ئەنجامدا دەبێت کەسێك دروست بکەین چاكو بەتوانا بێت بۆ چاکسازی کردن، رازی بێت بەقەزاو قەدەری پەروەردگارو رازی بێت بەو رزقو رۆزیەی خوا پێی بەخشیوە، قیامەتی بەدنیای نەفرۆشێت، بەدنیای کەسانی تریش نەیفرۆشێت، ئەم وشانەی شاعیر بڵێتەوە کەدەڵێت :

ئەگەر دەستی نامەردان تینوی کردیت
قەناعەت بەسە تاکو فەخرو سەربەرزیت پێ ببەخشێ
تۆ پیاوێك بە کەفاچەکانی لەزەویدان
خەمدارێك بە خەمەکانی لەکەشکەشاندا بن
بەڕاستی رشتنی ئاوی ژیان
جیایە لە رشتنی ئاوی شەرموحەیا

لەگەڵ دروستکردنی مرۆڤدا پێویستە گرنگی بەخێزانیش بدرێت لە پێگەیاندنی منالانو دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی دروستدا.

بۆ جێبەجێ کردنو هێنانەدی ئەم بڕگەیە، پێویستە کار بەم خاڵانە بکرێت:

1- دامودەزگا زانستیەکان هەستن بەدانانی وردەکاری ئەو بڕگەو بابەتانەی چارەسەری ئەم کێشەیە دەکەن بەشێوەیەکی ورد، هەروەها دانانی بەرنامەیەکی فێرکاریو رۆشنبیری دەربارەی پاراستنی دەستپاکیو دژایەتی کردنی گەندەڵی .

2- دانانی بەرنامەیەکی هۆشیارکردنەوەو رۆشنبیری، کردنەوەی خولی جەماوەری لەسەر ئاستی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی .

3- وتارخوێنەکان لەم بوارەدا هەستن بەهۆشیارکردنەوەی بەردەوامی جەماوەر .

دووەم : لایەنی یاسا دانانی تایبەت بە سزا دنیاییو قیامەتیەکان لەسەر گەندەڵی ئیداری (بەرتیل، ئیستیغلالی دەسەلات، زیادەڕەوی کردنو لادان لەبەکارهێنانی دەسەلاتو مافدا)وەك پێشتر باسکرا .

سێیەم: پاداشتی دنیاییو قیامەتی بۆ بەرپرسو فەرمانبەرە دادپەروەرو سەرکەوتوەکان، چونکە ئەوان شایەنی رێزلێنانو ستایشو نزان لەدنیادا، شایەنی پاداشتێکی گەورەن لای پەروەردگاریش لەقیامەتدا، چونکە فەرمانی پەروەردگار جێبەجێ کراوە کە دەفەرموێت :

{وَقُلِ اعْمَلُواْ فَسَيَرَى اللّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ} سورة التوبة(105)

ئەوەتا ئایەتەکە ئەوەی رونکردۆتەوە کە پاداشتی کاری چاكو بەرهەمدار بریتیە لەستایش کردنو رێزلێنان لەدنیادا لەلایەن پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾بەدوعای رەحمەت بۆی، لەلای موسوڵمانانەوە بە سوپاسو پێزانین – مادیو مەعنەوی – وەلەلایەن پەروەردگارەوە بەرێزلێنانو پاداشتدانەوەی لەدنیاو قیامەتدا، فەرمودەی زۆریش بەکاربەدەستە دادپەروەرەکان هاتووە، لەوانە ئەم فەرمودەیە کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت: ( دادپەروەرەکان لەلای پەروەردگار لەسەر مێبەری نورینن، لای راستی پەروەردگارەوەن (هەردوو

دەستەکەشی راستن)ئەوانەی کە دادپەروەربوون لە حوکمەکانیانداو لەنێو کەس‌وکارو ئەوانەی لەژێر دەستیاندا بوون )[47]

بەهەمان شێوە لە فەرمودەیەکی صەحیحی (متفق علیه)دا هاتووە کە پێشەوای دادپەروەر لەریزی ئەو حەوت کەسەدایە کە خوای گەورە لە ژێرسێبەرێکی خۆیدا حەشریان دەکات لەرۆژێکدا کەجگە لەسێبەری پەروەردگار سێبەرێکی ترنیە .

ئەوەی جێگەی گرنگی پێدانەو پێویستە گرنگی پێبدرێت پێشکەشکردنی خەڵاتو پاداشتە بۆ ئەوکەسانەی کارەکانیان باش ئەنجام دەدەن‌و هەوڵی چاکسازیان داوە .

**چوارەم:** دانانی کۆمەڵە مەرجو مواسەفاتێکی دیاری کراو بۆ هەرکەسێك کەرادەسپێرێت بەئەنجامدانی وەزیفەیەکی گشتی یاخود بەرپرسیارێتیەك، پێویستە وای لێبکرێت هەست بەبەرپرسیارێتی خۆی بکات لە بەردەم خوای گەورەو پاشان کۆمەڵگەو ئوممەتدا، لەومەرجو مواسەفاتانە:

أ- کارمەند یان دەسەڵاتدار شوانە، ئەو بەرپرسیارە لە بەردەم پەروەردگاردا لەوشتەی پێی دراوە، پاشان لەبەردەم خەڵکیشدا بەرپرسیارە، چونکە رێساو بنەمای ئیسلامی کەلەم روەوە هاتووە بریتیە لەم فەرمودەیە: (کلکم راع ، وکلکم مسؤل عن رعیته).

ب- پێویستبونی دڵسۆزی لەکارداو ئامادەباشی نیەتێکی پاك بۆ پەروەردگار، هەستکردن بەچاودێری خوا بۆگەشتن بەقۆناغی ئەنجامدانی باشترین‌و جوانترین کار (الاتقان)، چونکە ئەو کەسەی بەدڵسۆزیەوە کاردەکات وەك ئەوە وایە چاوی لە پەروەردگاریەوە بێت، لەبەر ئەوە ناتوانێت هەموو تواناکانی

---

[47]- صحیح مسلم(1458/3) الحدیث 1827

خۆی نەخاتە کار لەپێناوی پێشکەش کردنی باشترین کاردا، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾لەوەڵامی جوبرەئیلدا ﴿ﷺ﴾کە دەربارەی (أحسان) پرسیاری لێکرد، فەرمووی: ( ئەوەیە بەجۆرێك خوا بپەرستی وەك ئەوەی بیبینیت، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینیت ئەو تۆ دەبینێت )[48]

ج- پێویستبونی بەکارخستنی ئەوپەڕی تواناو وزەو ئامۆژگاری بەمەبەستی سەرخستنی کارەکەی‌و بەرپرسارێتیەکەی‌و، هێنانەدی ئامانج‌و مەبەستەکانی، موسلیم لە سەحیحەکەیدا دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرمویەتی: (هەرئەمیرێك – کاربەدەستێك – کە کاروباری مسوڵمانان بگرێتە دەست بەڵام خۆی تیا ماندو نەکات‌و تواناکانی تێدا بەکارنەخات‌و، بۆیان چاك نەبێت، ئەو ئەمیرە ناچێتە بەهەشتەوە ) لە گێڕانەوەیەکی تردا: (ئەگەر بە ئامۆژگاری‌و بۆ چاکبون چواردەوری نەدات بۆنی بەهەشت ناکات )[49]

د- پێویستی سووربون لەسەر پاراستنی ئەمانەت‌و، ناشیرین کردنی حەرامخۆری‌و فڕوفێڵ لەلایەن بەرپرسەوە، یاخود لەلایەن بەرپرسیارەوە بۆ ژێر دەستەکانی، وەك پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: (هەربەندەیەك ئەرك و بەرپرسیارێتیەکی لەئەستۆدایە، بەڵام لەو بەرپرسیارێتیەدا، ئەگەر فڕوفێڵ لەژێردەستەکانی بکات، ئەوە خوای گەورە بەهەشتی لەسەر حەرامدەکات)[50].

هـ- ناشیرینکردنی بەحەرام وەرگرتنی هەر پارەیەك لە پارەی مسوڵمانان بەشێوەیەکی ناڕەوا، یاخود پێدانی بە کەسێك – هەرچەندە بێت – بەبێ بەرژەوەندیەکی لەبەرچاو گیراو و دور لەچوارچێوەی سەلاحیەتەکانی، ئەمەش هەرهەمووی دەچێتە نێوبازنەی واتای (الغلول)ەوە، کە مەبەست پێی بردنی

---

[48]- رواە مسلم، الحدیث 8 ، رواە الترمذي، الحدیث 2613 ، ابوداود 4965 ، والنسائي (97/8)

[49]- صحیح مسلم، کتاب الامراة (1460/3)

[50]- هەمان سەرچاوە (1460/3)

ماڵو سامانە – لەهەرکەسێکەوە بێت – لەوماڵو سامانەی لە جەنگدا گیراوە، یاخود بردنی سەروەتو سامانی دەوڵەت، موسلیمو جگە لەوەیش بەسەنەدی خۆیان لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕنەوە کە گووتویەتی: رۆژێکیان پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾لە ناوماندا هەستایەوەو باسی (الغلول)ی کرد، زۆر بە گەورەییو گرنگیەوە باسی کرد، پاشان فەرمووی: لەرۆژی قیامەتدا بەکەسێك لەئێوە دەگەم دێتو وشترێك لەسەر گەردنیەتی، کەسەکە دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا! بەفریام کەوە، منیش پێی دەڵێم: ( ناتوانم هیچ شتێکت بۆ بکەم، چونکە ئاگادارم کردبویت....) ئەوەبوو باسی زۆربەی جۆری سەروەتو سامانەکانی کرد .....[51]، فەرمودەکانیشی لەم بارەیەوە زۆرن.

و- لەگەڵ دادپەروەریدا، سۆزو بەزەیی ومیهرەبانی بۆکاربەدەستان پێویستە، پێویستە هەموو ئەوکارانەی بۆخۆیان پێیان خۆشە بۆ ژێردەستەکانیان ئەنجامیان بدەن، پێشەوایانی فەرمودە بەشێکیان جیاکردۆتەوەو تایبەتیان کردووە بەباسی فەرمانکردن بەکاربەدەست تاکو میهرەبانو بەبەزەیی بێت بەرامبەر ژێر دەستەکانیو، قەدەغەکردنی فڕو فێڵو توندو تیژی نواندن لەبەرامبەریانداو، پشت گوێ نەخستنی بەرژەوەندیەکانیانو، بێ ئاگانەبوون لە پێداویستیەکانیان، پاشان ئایەتی زۆریان لەسەر ئەم بابەتە هێناوەتەوە لەوانە: {لاَ تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَى مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِّنْهُمْ وَلاَ تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِلْمُؤْمِنِينَ} سورة الحجر(88).

هەروەها: {إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاء ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ }سورة النحل (90).

---

[51]- صحيح مسلم (1461/3)

لەگەڵ ئەمەشدا فەرمودەی زۆریان باس کردوە[52] . لەوانە ئەم فەرمودەیە کەدەفەرموێت: (باشترین و هەڵبژاردەترینتان باشترین پێشەواکانتان، ئەوانەی ئێوە خۆشتان دەوێن‌و ئەوانیش ئێوەیان خۆش دەوێت، سڵاوتیان لەسەر دەدەن‌و ئەوانیش سڵاوتتان لەسەر دەدەن، خراپترین پێشەواکانیشتان ئەوانەن رقیان لێیانەو رقیان لێتانە، نەفرەتیان لێدەکەن‌و نەفرەتتان لێدەکەن.....)[53] .

هەروەها ئەم فەرمودەیە : (خەڵکی بەهەشت سیانن : خاوەن دەسەڵاتێکی دادپەروەری سەرکەوتوو، پیاوێکی بەبەزەییو دڵناسك بەرامبەر هەموو خزم و مسوڵمانێك‌و، پاکێکی پاك داوێنی خاوەن ماڵ‌ومنداڵ) [54].

**<u>پێنجەم : لایەنی وریایی و خۆپارێزی</u>**

واتە پێویستە ئەو کەسە بۆ هەڵگرتنی ئەمانەت و بەرپرسیاری هەڵببژێرێت کە شایەنیەتی، بەدەستەواژەیەکی کورت (دەنگت بەرپرسیاریە، دەنگدانیشت(هەڵبژاردنت) بەرپرسیارێتیە دەربارەی پرسیارت لێ دەکرێت)، ئەوەی روون‌و دیارە لەئیسلامدا لەم بارەیەوە ئەوەیە کەپێویستە لەسەر کۆڕی (حل و عقد) یاخود ئەوەی ئەمڕۆ بەپەرلەمان ناو دەبرێت، یان پێویستە لەسەر گەل لەکاتی هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆکدا، یان هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەماندا .... ئەو کەسە هەڵبژێرن کەپاکترین‌و شایستەترینە، ئەو کەسانەش کە پەلە قاژە بۆ دەسەڵات دەکەن‌و هەوڵی بەدەست هێنانی بەرپرسیاریە گشتیەکان دەدەن تاکو بیکەنە هۆی دەوڵەمەندبوون‌و خزمەتکردنی خۆیان پێویستە ئەمانە دور بخرێنەوە و هەڵنەبژێرێن .

موسلیم بەسەندی خۆی لەئەبی موساوە دەگێڕێتەوە گوتویەتی: من‌و دوو پیاو لە مامەکانم چوینە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾، یەکێك لەپیاوەکان

---

[52] - یراجع ریاض الصلحین (122)

[53] - رواه مسلم، الحدیپ (1855)

[54] - رواه مسلم ، الحدیث 2865

گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، بمانكە بەفەرمان ڕەواو بەرپرسیار بەسەر هەندێك لەوانەی خوای گەورە تۆی كردووە بەبەرپرسیارو كاربەدەستیان، ئەوی تریان گوتی: تۆ دەتوانیت ئەم كارە بكەیتو لێت چاوەڕوان دەكەین، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرمووی: (سوێند بەخوا ئێمە كەسێك ناكەین بەبەرپرسیار بەسەر ئەم كارەوە كە خۆی داوای بكات، یان كەسێك كە خۆی سور بێت لە سەر بە دەست هێنانی)[55].

پاشان، ئەم حوكمە بەردەوام وەك واجب دوبارە دەبێتەوە بۆ هەركەسێك كەهەڵبژاردنی بەرپرسێكی لەدەستدا بێت، پێویستە لەدیاری كردنی هەربەرپرسێكدا لەخوا بترسێتو تەنها كەسێك هەڵبژێرێت كەلە رووی دنیاییو دینیەوە باشترین و گونجاوترین بێت، ئەمە بابەتێكی پەروەردەییە و ئیسلام دەیەوێت شوێنكەوتوەكانی بە شێوەیەك پەروەردە بكات كەبەدوای بەرپرسیارێتیدا رانەكەن و تەماعیان تێدا نەبێت، بەڵام ئەگەر بەرپرسیارێتی رووی تێكردوو ئەمیش كەسێكی گونجاو بوو بۆ ئەو كارە دروستە وەریبگرێت، تەنانەت پێویستە وەری بگرێت، لەو كاتەشدا خوای گەورە هاوكاری دەكات تاسەركەوتوبێت لەبەرپرسیارێتیەكەیدا، پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾دەفەرموێت: (ئەی عەبدولرەحمان داوای ئەمیریو بەرپرسیارێتی مەكە، چونكە ئەگەر بە داوا كردن پێتدرا ئەوا دەكەویتە ژێر بارقورسی ئەو بەرپرسیارێتیەوە، ئەگەر بە بێ داواكردن پێتدرا هاوكاری دەكرێیت لە سەری)[56] .

پێویستە بۆهەڵبژاردنی بەرپرسی كاروبارە گشتیەكان، بەتایبەتی ئەو كارو وەزیفانەی زۆر كاریگەرن خەڵكانێك هەڵبژێرن كەناسراوبن بەدڵسۆزیو لەهەمان كاتیشدا پسپۆربن، توانای جێبەجێكردنی داخوازیەكانی وەزیفەكەیان هەبێت، لەبەرئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ئەم كارەی نەدەسپارد بەو

---

[55] - صحيح مسلم، كتاب الامارة(1456/3) فەرمودەی ژمارە (1733)

[56] - هەمان سەرچاوە، فەرمودەی ژمارە (1652) (1456/3)

کەسەی داوای دەکات، هەروەها نەشی دەسپارد بەو کەسەی لاواز بووایە ئەگەر چی کەسەکە گوێرایەڵو لە خواترسیش بوایە، ئەوەبوو هاوەڵێکی بەڕێزی کەناوی ئەبوزەری غەفاری بوو، پیاوێکی دنیا نەویست بوو هات بۆ لای و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا: ئایا نامکەیت بەکاربەدەستو بەرپرس؟ دەڵێت: کێشای بە دەفەی شانمداو فەرمووی: (ئەی ئەبازەڕ تۆ پیاوێکی لاوازیت، من ئەوەم بۆ تۆ پێخۆشە، کەبۆخۆم پێمخۆشە، نە ببە بەبەرپرسیارو نە ببە بە فەرمانڕەوای دوو کەس، نە سەرپەرشتی سەروەت و سامانی بێ باوك بگرە ئەستۆ )[57].

ئەم فەرمموودە سەحیحە بنەمایەکی مەزنە لەدانانی کاربەدەستەکاندا، چونکە ئەوەی لێوە تێدەگەین کەدەکرێت بەرپرسیارێتیەکانی تایبەت بەتاکە کەس بکرێت بەسێ جۆرەوە :

أ- ئەوکەسەی توانای بەرپرسیارێتی نیەو بەڵام وەری دەگرێت، ئەوە کەسێکی تاوانبارە، سەرشۆڕی و پەشیمانی دەبێتە بەشی، هەرکەسیش ئەوی هەڵبژردووە و پێشنیاری کردووە یان دەیکات – بۆ بەرپرسیارێتی ئەویش تاوانبارە .

ب- ئەو کەسەی لەرووی دەرەوە وادەبینرێت مەرجەکانی بەرپرسیارێتی تێدایە، بەڵام دادپەروەر نیە، بەپێی خواستەکانی بەرپرسیاری کارناکات و ئامانجەکانی شەریعەت رەچاو ناکات، بەڵکو ستەم دەکات و دەسەڵاتەکەی لە بەرژەوەندی خۆی و کەسە نزیکەکانی بەکاری دێنێت بێ ئەوەی مافی ئەمەی هەبێت، ئەوە بەهەمان شێوە سەرشۆڕی و پەشیمان بونەوە چاوەڕوانی دەکات و دەبێت بەبەشی .

ج- ئەو کەسەی شایستەیە بۆ بەرپرسیارێتی و هەموو مەرجەکانی تێدایە وەکو دڵسۆزییو پسپۆریو بەهێزی گوێگرتن لەئامۆژگاریو راوێژکردنو، پاشان

---

[57]- صحيح مسلم (1457/3)، (1825،1826)

دەسەڵاتەکەی بەرێگەیەکی رەوا بەکاردەهێنێت‌و، لەپێناویی مەبەستی رەوادا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەکاری دەهێنێت، هەموو تواناکانیشی دەخاتە کار لەپێناوی خزمەتکردنی ئەو ئەرکەی پێی سپێراوە، ئەوە خوای گەورە پشتیوانی لێ دەکات‌و هاوکاری دەکات‌و لەهەڵەکانی دەبورێت‌و پاداشتێکی گەورەی دەداتەوە، بەڵکو دەبێتە یەکەم کەس لەو حەوت کەسەی لەرۆژی قیامەتدا خوای گەورە لەژێر سێبەری خۆیدا حەشریان دەکات.

**شەشەم** : رۆڵی گەل لەهەڵبژردن‌و، چاودێری جەماوەریی‌و لێپێچینەوەو دەربڕیندا:

## دەستپێك :

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە رۆژئاوا تا ئاستێکی باش توانیویەتی پاوان خوازی‌و دیکتاتۆریەت سەرکوت بکات، ئەمەش لەرێگای ئالیەتێکی پەیڕەوکراو و بڕیار لەسەر دراوە کەلای ئەوان وەك پەیمانێکی کۆمەڵایەتی لێهاتووە، کە بەهۆیەوە پەیوەندیەکانی نێوانیان رێکدەخەن، ئەویش بریتیە لەهەبوونی دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) کە بەسەرچاوەی یەکەمی دەسەڵاتی جێ بەجێکردن دادەنرێت، تەنانەت دەتوانێت متمانەی لێ بسەنێتەوە، بەراستی پەرلەمانەکەی ئەوان جێبەجێکردنی دەستەواژە ئیسلامیەکەی ئێمەیە کە بە ئەنجومەنی(حەل و عەقد) ناوی دەبەین، بەڵام بەرێگاوشێوازی خۆیان.

رۆژئاواش هەروا بەئاسانی بەم قۆناغە نەگەیشتوە، بەڵکو دوای چەندین قۆناغی پڕ لەستەم‌و تاریکی‌و نەفامی‌و دیکتاتۆری‌و دادگاکانی پشکنین بەمەگەیشتوە، رۆژئاوا لە رێگەی بیرو بۆچونی رابەرو بیریارە پێشینەکانیانەوە راپەرین و گەشەیان کرد. هەستان بەچەندین شۆڕش کە تیایاندا خوێنی زۆر رژا، جەستەی زۆر پارچە پارچە بوون، لەگەڵ ئەم راپەرینە سیاسیانەدا کەرێزو کەرامەتی بۆ رۆژئاواییەکان گێڕایەوە راپەڕینێکی تر دەرکەوت

کەراپەرینی زانستیو پیشەسازیو تەکنەلۆجی بوو، تاوای لێهات گەشتنە ئەو ئاستە لە بونیادنانی ژیاری مادیدا کە ئەمڕۆ هەموو جیهان دەیبینێت .

ئەوەی شایەنی گرنگی پێدانو لێ وردبوونەوەیە ئەوەیە ئاینی ئیسلام کۆمەڵە بنەمایەکی چاودێری جەماوەری بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە داناوە، ئەویش بە دوو ڕێگەوە:

<u>**یەکەم:**</u> ئەنجومەنی (حەلو عەقد) (پەرلەمان) کە نوێنەرایەتی گەل دەکەن، ئەوان هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی ئەو کەسەی دەبێتە بەرپرسی یەکەم لەچاودێری کردنی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی (میللەت)و، پارێزگاری ئاینو، سیاسەتی دونیا دەکەن، ماوەردی دەڵێت: ( کاتێك ئەندامانی حەلو عەقد کۆدەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسی یەکەم ورد دەبنەوە بەدوای کەسی گونجاوداو دەپرسن لەو مەرجانەی کە پێویستە لەسەرۆکدا هەبێت – واتە دەگەڕێن بەدوای کەسێکدا کەشیاو بێت بۆ سەرۆکایەتیو مەرجەکانی تێدابێت وەك شارەزاییو دادپەروەریو تەندروستیو ژیریو جەستەییو خاوەن توانا بێت لە بەڕێوەبردنی گەلداو بیروڕای سیاسی هەبێتو بتوانێت بەرژەوەندیەکان ڕێکبخاتو ئازایەتیو بە دەمەوەچونو پیاوەتی تێدا بێت – لە ناوخۆیاندا ئەوکەسە پێشدەخەن بۆ بەیعەت پێدان کەلە هەمویان باشترەو، زۆرترین مەرجەکانی تێدایە، ئەوکەسەی خەڵکی بەپەلە دەچێ بۆ بەیعەت پێدانیو ڕاناوەستن لەوەی دەنگی پێبدەن)[58].

<u>**دووەم:**</u> مافی فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگرتن لەخراپە، مافی ئامۆژگاری کردنی سەرۆك لەلایەن هەموانەوە، بەپێچەوانەشەوە، ئەوەتە موسلیمو ئەبوداودو نەسائی هەریەکەیان بەسەنەدی خۆیان دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا

[58]- الأحكام السلطانية : ماوردی لاپەرە (7) چاپی التوقيفية لە قاهيرە

(ﷺ)فەرمویەتی: (ئاین ئامۆژگاریە، گوتمان: بۆ کێ ؟ فەرمووی: بۆ خواو بۆ کتێبەکەیو بۆ پێغەمبەرەکەیو بۆ پێشەوای مسوڵمانانو بۆ هەرهەمویان)[59] .

هیچ کەسێك نیە لە سەرو ئامۆژگاری کردنەوە بێت، هیچ کەسیش لەوە بچوکتر نیە کە ئامۆژگاری نەکرێت.

ئیسلام دانی بەم بنەمایەدا ناوەو چەسپاندویەتی، لەبەرئەوە دەکرێ هەموو هۆکارو رێگەیەکی گونجاو بگیرێتەبەر بۆ گەیشتن بەئامۆژگاری کردنی سەرۆكو بۆ گۆڕینی رەفتاری یاخود بەرگریلێکردنی لەرەفتارێکدا، تەنانەت ئەگەر ئەم ئامۆژگاری کردنە ببێتە هۆی کوشتنو لەناوبردنی ئامۆژگاری کارەکە بەهۆی ستەمی فەرمان رەواکەوە، ئەو کاتە دەچێتە ریزی شەهیدەکانەوە، وەك چۆن لە فەرمودەی پێغەمبەردا (ﷺ)باسکراوە، تەنانەت گوتنی وشەی حەق لای فەرمان رەوایەکی ستەمکار بەگەورەترین جیهاد دادەنرێت، ئەوەبوو پرسیار لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)کرا: کام جیهاد باشترینە ؟ پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی: (وشەیەکی حەق لای فەرمانڕەوایەکی ستەمکار )[60].

تەنانەت قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)داکۆکی زۆریان کردووە لەبابەتی فەرمانکردن بەچاکەو رێگرتن لەخراپە، دڵسۆزیو ئامۆژگاری کردن لەهەمووانەوە بۆهەمووان، ئەم بەرپرسیارێتیەشیان کردووە بەبەرپرسیارێتیەکی یەکگرتنو یەکتر تەواوکردن، هەروەك چۆن لەوفەرمودەیەدا هاتووە کەنوعمانی کوری بەشیر دەگێرێتەوە کەپێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرموویەتی: (نموونەی ئەوکەسانەی سنوری بەرنامەی خوا دەپارێزنو، ئەوانەی کەوتونەتە نێو سنور شکاندنەوە وەك کۆمەڵێك خەڵك وان کە لەناو پاپۆرێکدان،هەندێکیان لە سەرەوەی پاپۆڕەکەو هەندێکیان لەخوارەوەی، ئەگەر ئەوانەی لەخوارەوەن کەشتیەکە کون بکەنو ئاو

---

59- صحیح مسلم ، فەرمودەی (55)، ئەبوو داود فەرمودەی ژمارە (4944)و ، نەسائی(156/7).

60- النسائی گێراویەتیەوە (161/7)

هەڵبگۆزن، بڕۆن بەلای ئەوانەی کە لەسەرەوەن‌و پێیان بڵێن: ئێمە ئەگەر لەخوارەوەو لە جێگەکەی خۆماندا نوقم ببین ئەوانەی سەرەوە ئازار نادەین‌و ئەوان نوقم نابن، لەوکاتەدا ئەگەر ئەوانەی سەرەوە واز لەوانەی خوارەوە بێنن تاکو ئەوەی دەیانەوێت بیکەن ، هەموویان تیا دەچن، بەڵام ئەگەر رێگریان لێ بکەن‌و دەستیان بگرن رزگاریان دەبێت، هەمووشیان پێکەوە رزگاریان دەبێت)[61].

ئەم فەرمودە شیرینە خاڵی خستۆتە سەر پیت‌و باسی لە دەردەکە کردوە، چارەسەریشی بۆ داناوە، ئەو ئەزمونە تاڵانەشی کەگەلانی ئیسلامی پیاتێپەڕی لەچەند سەدەی رابردوودا هەمووی بەهۆی ستەم‌و سەرکوت کردن‌و دیکتاتۆریەت‌و تەسککردنەوەی ئازادیەکانەوە بوو لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە، بەهۆی دەستگرتنیان بووە بەسەر سەرچاوەکانی داهات‌و ماڵ‌و موڵکی گشتیدا، لەکاتێکدا کە گەلەکانیان هەژاربوون، لەهەندێ کاتیشدا ئەنجامی کۆتایی بریتی بووە لەدەستبەسەرا گرتنی دوژمنان‌و زاڵبونیان بەسەرماندا، پەرتەوازەکردنی گەلانی ئیسلامی‌و، ئەم هەموو نەهامەتیانەی کەلای هەمووان رونە ....

هەموو ئەمانە وادەکات کە پێویستە ئەم بنەماو دەقە شەرعیانەی تایبەتن بە بەرەنگار بوونەوەی ستەم‌و، چەسپاندنی دادپەروەری‌و، ئاوەدانکردنەوەی زەوی‌و، دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ گەلان‌و.....هتد، هەموویان بخرێنە چوار چێوەی چەند ئالیەتێکی دیاریکراوەوە، وەك دامو دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و، ئەنجومەنەکانی شورا(پەرلەمان) بە چەشنێك توانای دانان‌و لابردنی هەبێت، توانای بانگ کردن‌و لێپێچینەوەی هەموو کەسێك هەبێت، ئەمەش رەفتارێکی نامۆ نەبوە لەسەردەمی خەلیفەکانی راشیدیندا، ئەوەتا دەبینین ئافرەتێك رەخنە لەدەرکردنی حوکمێك (بریارێك) بۆ دیاریکردن‌و سنوردانان

[61]- صحیح البخاری، لەگەڵ الفتح دا – (94،216،217/5)

بۆ مارەیی دەگرێت، خەلیفەش لەو بڕیارە پاشگەز دەبێتەوە، هەروەها هاوەڵانیش لەم رووەوە بەرچاو رون بوونو بەمافی خۆیان دەزانی لێپێچینەوە لە خەلیفە بکەن ئەگەر لەسەرچەند مەترە قوماشێك بوو بێت[62] .

بۆ زەمینە خۆشکردن لەپێناوی چەسپاندنی ئەم رەگەزەی دواییدا پێویستە چەند مەرجێك فەراهەم بێن :

**مەرجی یەکەم:** پێویستە دەزگاکانی چاودێریو کارگێڕیو دارایی لەپێناوی پاراستنی شەفافیەتیاندا گەشەیان پێبدرێت ، لەپێناو بەردەوام بوونی چاکێتیو ئاسان جێ بەجێکردنیانو کاریگەریاندا، لەپێناو پشتیوانیکردنی ئەو هەوڵانەی لەلایەن دەزگاکانی چاودێریو پەیوەست بە دژایەتیکردنی گەندەڵیەوە هەیە، تاکو خێراتر دەستیان بگاتە گەندەڵیەکەو زاڵبن بەسەریدا .

**مەرجی دووەم:** دانانی بەبنەمای رونی شەفافیەتداو، بەهێز کردنو چەسپاندنی لەناو داموودەزگاکانی دەوڵەتدا، ئەویش لەم رێگایانەوە:

1- هۆشیارکردنەوەی بەرپرسەکانی دەوڵەت لەگرنگی رونیو ئاشکراییو شەفافیەت بۆ خۆپاراستن لەگەندەڵی.

2- ئاسانکردنی ئیجرائاتە ئیداریەکانو هۆشیاریدان لەبارەیانەوە، دەرگاکردنەوەو فەراهەم کردنی بۆ هەرکەسێك ئارەزوو مەندەو، پەنانەبرنە بەر بەنهێنیکردن تەنها لە شتێکدانەبێت پەیوەندی بەسەربەخۆییو ئاسایشی نیشتیمانیەوە هەبێت.

3- دانانی سیستەمی گشتیو، لائیحەی ورد بۆ کارپێکردن بەپارەی دەوڵەتەوە، تەنانەت بۆ ئەرکو مافەکان لەسەر ئاستی بەرپرسەکانو ئەوانەش لەبەردەستی ئەواندا کاردەکەن لەکەسە ئیدارییەکان، لائیحەیەکی ورد دابنرێت کە لەرێگەیەوە بتوانرێت لێپرسینەوەو لێپێچینەوە بکرێت.

[62]- بۆ زیاتر ئاگاداربن . سەیری : تاریخ الخلفاء الراشدین : د. علی الصلابی بکە

4- رونکردنەوەی بەرێوەچونی گرێبەستە بازرگانیو کڕینو فرۆشتنەکانی حکومەتو، دامودەزگا گشتیەکانو، کۆمپانیا هاوبەشەکانو، پێدانی زانیاری تەواو بەجەماوەرو دامودەزگا مەدەنیەکانو هۆکارەکانی راگەیاندن سەبارەت بەو گرێبەستانەو پێدانی مافی ئاگاداربون لێیانو رەخنەگرتنیان لەلایەن هەموانەوە.

5- لەئەستۆ گرتنو پاراستنی هاتوچۆ پێکردنی زانیاریەکان دەربارەی گەندەڵی لەنێو جەماوەرو دەزگاکانی راگەیاندندا[64].

**مەرجی سێیەم:** دامەزراندنی دەزگایەکی باڵا بۆ دژایەتی کردنی گەندەڵیو، چەسپاندنی دەستپاکی زاناو دادەوەرەکانو دامودەزگاکانی کۆمەڵگەکانی مەدەنی بەشداری لە ئەندامبونیدا بکەن، هەروەها بیروڕای کۆمەڵە پیشەییو ئەکادیمیەکان وەربگیرێت وەك ماف پەروەرانو ئەندازیارانو ژمێریاران سەبارەت بەدەزگاو چاودێریو پێشخستنو نوێکردنەوەی ئەم دەزگایەنە بیروڕا پێشکەش بکەن، بەهەمان شێوە هانی ژووری بازرگانیو ژوری پیشەسازی بدرێت لە هاوبەشیکردنیان لەبیروڕاکانو پێشخستندا [65].

**مەرجی چوارەم:** چاککردنی باری گوزەرانی فەرمانبەرانی دەوڵەت، یان ئەوانەی لەکۆمپانیاو دامودەزگاکانی تردا کاردەکەن لەرووی بژێویو خێزانییو وەزیفیەوە، باشترکردنی ئاستی موچەکانیان، بەچەشنێك پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکاتو بگەنە ئاستی گوزەرانی باش.

چونکە هەژاری پڕ زۆر مەترسیدارەو کاریگەری زۆر تێك شکێنەری ئەبێت ئەگەر ئەوکەسە ئیماندارو ئارامگرێکی بەهێز نەبێت – ئەمە بەدرێژی باس

---

[64]- گۆڤاری العدل، ژمارە (35)، ساڵی (9) لاپەرە (202-203): الاستراتیجیة الوطنیة لحمایة النزاهة ومكافحة الفساد .

[65]- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دەکەین – جا ئەگەر دەوڵەت یان کۆمپانیاو دامو دەزگاکانی تر ئەم پێداویستیانەیان بۆ فەرمانبەرەکانیان دابین نەکرد، دەتوانرێت لێپرسینەوەو لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێتو بەوردی چاودێری بکرێنو سزاش بدرێن.

<u>**مەرجی پێنجەم:**</u> **هەبوونی پێشەنگی چاكو شایستە لەسەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتدا، واتە هەبوونی سەرۆکی چاك، یان دادوەری چاك، یان وەزیری چاك، یان بەرپرسی گەورەی چاك، یان بەرێوەبەری گشتیو ئەندام ئەنجومەنی بەرێوەبردنی چاك، ئەگەر ئەمانە لەشوێنی خۆیاندا نموونەیەکی چاكو دەستێکی پاك بوون ئەو کاتە دەبنە پێشەنگو کەسەکانی تر چاویان لێ دەکەن، هەروەها هەموو بەرپرسە بچوکەکان لێیان دەترسن، بەڵام ئەگەر لەسەرۆکەوە بۆ دەسەڵاتە باڵاو بەهێزەکانی ناو دەوڵەت گەندەڵ بوون لەوەرگرتنی پارەو بەرتیل بەناوی هەق دەستەوە، یان گەندەڵبوون یان ئیستیغلالکردنی وەزیفەو..... هتدەوە، ئەوەلەوکاتەدا چارەسەری مەحاڵە، یاخود زۆر سەخت دەبێتو ناکرێت، تەنها بەهەڵکەندنو لابردنی ئەوکەسە بەرپرسە نەبێت لەوشوێنەی خۆی پاش ئەوەی کەئامۆژگاریو رێنومایی کردن سودی پێنەگەیاند.**

# بەشی چوارەم

## گەندەڵی ژینگەیی‌و کاریگەری لەسەر ئابوریی

ئێمە پێشتر پێناسەی گەندەڵیمان کردو گوتمان کە لەواتاکانی گەندەڵی زیان‌و شێواندن‌و دەرچون لەدادپەروەری‌و دژی چاکسازی بون‌و بەکارهێنانیەتی بۆ ئەو شتانەی کە لە هێڵی راستی خۆیان دەردەچن ...[1] .

لە زمانی عەرەبیدا وشەی (البيئة) لە وشەی (الباء) وە هاتووە : واتە گەڕایەوە بۆلای [2]. لە قورئانی پیرۆزدا بەم واتایە بەکارهاتووە: {وَالَّذِينَ تَبَوَّؤُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ}سورة الحشر(9). واتە مەدینەیان کردە ژینگەی خۆیان، طەبەری دەڵێت: (شاری پێغەمبەری خوایان هەڵبژاردوو خانویان تێدا دروست کرد) [3] .

ژینگە بریتیە لە ماڵ، پاشان واتەکەی فراوان بوو تا لەم سەردەمەدا بۆ خانووی گەورە، یان هەرشتێك لە چوار دەوری ئێمەدا بەکاربێت، ئەمەش ئەو دەستەواژەیەیە کە کۆنگرەی جیهانی بۆ ژینگە لە ستۆکهۆڵم لەساڵی 1972

---

[1] المفردات : الأصفهانی (379)، القموس المحيط، لسان العرب وشەی (فسر)

[2] القاموس المحيط، لسان العرب ، الموعجم الوسيط وشەی (باء)

[3] تفسير الطبری چاپی دار الاعلام‌و، دار ابن حزم (52/14)

**باسی کردووە ، لەو کۆنگرەیەدا ژینگە بەم شێوەیە پێناسەکراوە: هەموو شتێك لە چواردەوری مرۆڤدا بێت [4] .**

**قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بەهەمەلایەنی کردوە، ئەرکی مرۆڤیشی لەبەرامبەریدا دیاری کردوە کەبریتیە لەئەنجامنەدانی کاری تێکدەرانەو گەندەڵی ئەنجام نەدان تێیدا، خوای گەورە دەفەرمویێت:** {وَاذْكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِي الأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ الْجِبَالَ بُيُوتًا فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ} سورة الأعراف(74).

**ئەوەتا قورئان باسی زەوی‌و ئەوەی لەسەر زەویە لەماڵ‌و کۆشکەکان، هەروەها باسی لەو نازو نعیمەتانەی پەروەردگار کردووە کەخۆیان دەبیننەوە لەسازدانی ژیانێکی شکۆمەندانەی پڕ لەئاوو هەواو نازو نیعمەتی هەمە جۆر کەخوا ئامادەی کردون، پاشان بەمە کۆتایی بەئایەتەکە دێنێت :** (وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ) .

**رەگەزەکانی ژینگە ئەمانە دەگرێتەوە: بێ گیانەکان، ئەو شلەمەنیانەی کە لەزەویدان، گازە جۆر بەجۆرەکان، هێزەکانی چوار دەوری زەوی لەهێزی راکێشان‌و هێزی گەرمی‌و هێزی روناکی‌و هێزی با، سەرەڕای هەموو گیانەوەرەکانی ترو، روەك‌و گژوگیاکان‌و، ئەوەی لەدەریاو وشکانیدایە لەزیندەوەکان‌و، هەموو ئەو بیناو خانوانەی مرۆڤ لەسەر زەویدا دروستی کردون، لەگەڵ ئەو سیستەمە جوانەی پەیوەندیە هاوبەشەکانی نێوان هەموو ئەم بەدیهێنراوانە کە لەپێناوی چەسپاندنی گەردونێکی هاوسەنگدا دانراون، هەموو ئەمانە قورئانی پیرۆز لەسێ چوارچێوەدا باسی کردون:**

---

[4] بگەڕێرەوە بۆ ئەم سەرچاوەیە : الانسان وبيئة من اجل البقاء : د.سعيد الحفار لەگەڵ ئەم سەرچاوانەش : قظايا البيئة من منضور الاسلامي : د.عبالمجيد البخار، البيئة ومشكلاتها : د.رشيد محمد ، المدخل الى علم البيئة :سالم غرابية ، علم البيئة ، علياء حانوغ ، البيئة – مشاكلها و قظاياها - : حمد عبد القادر الفقهي .

**چوارچێوەی یەکەم:** بەڵگە پێهێنانەوەیان لەسەر هەبوونی بەدیهێنەرەکەیانو دەسەڵاتو ویستو داهێنراوەکانی ئەو بەدیهێنەرە.

**چوارچێوەی دووەم:** بۆ گرنگیدان بەبەهای ئەم نازونیعمەتانەو، پێویستی سوپاسکردنی پەروەردگار لەسەریانو پارێزگاری لێکردنیانو، پێویستی هەوڵدانی بەردەوام بۆچاکترکردنو نۆژەنکردنەوەو ئاوەدان کردنەوەی زەوی، هەروەها حەرام کردنی گەندەڵکاریو زیانگەیاندنو شێواندنیان، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ} سورة الأعراف(56).

**چوارچێوەی سێیەم:** هەموو ئەو خراپەکردنو گەندەڵکاریانەی بەسەر زەویدا دێنو مرۆڤ ئەنجامیان دەدات، یان بەهۆی مرۆڤەوەیە، لەبەرئەوە لەبەرامبەر ئەم کارەدا شایستەی سزای دنیاو قیامەت دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ} سورة الروم (41).

هەروەها دەفەرموێت : {الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ} سورة الفجر (11).

لەبەر رۆشنایی ئەمانەدا دەتوانین بڵێین، مەبەستم لەگەندەڵی ژینگەیی لەم باسەدا:

هەموو ئەو هەڵسەوکەوتە زیانبەخشانەیە کەدەبنە هۆی پیسکردنی ئەوشتانەی چواردەوری مرۆڤیان داوە لەزەویو هەواو ئاسمانو گۆڕینی تایبەتمەندیەکانیان، بەجۆرێك ببێتە هۆی زیانگەیاندنو شێواندنی هاوسەنگیەکەیان.

گەندەڵی ژینگەیی دەبێتە هۆی گۆڕانی پێکهاتە سودبەخشەکانی چواردەورمان بۆپێکهاتەی زیانبەخش، یاخود نرخەکانیان ون دەکەن، یان رۆڵە سروشتیەکەیان لەدەست دەدەن، چونکە ئەوە گۆڕانێکی ناسروشتیە

لەتایبەتمەندیە فیزیایی یان کیمیاییەکاندا کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ژیان لە هەسارەکەماندا.

## کاریگەریەکانی گەندەڵی ژینگەیی

گەندەڵی ژینگەیی کاریگەری خراپی زۆری لەهەموو بوارەکاندا هەیە، ئەوەبوو زیاتر لە پێنج سەد زانای ژینگە لە بەرواری ( 2-3 تشرینی دووەمی ساڵی 2007 ) لەفەرەنسا کۆنگرەیەکیان بەست، لەو کۆنگرەیەدا گەیشتنە سێ ئەنجامی گرنگ، کەئەمانەن:

1- رێژەی پیس بون سنورێکی بەزاندوە کەلە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبووە، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی ژینگە لە ئاو ووشکانیدا، لەوشکانیدا دەبێتە هۆی خراپ بونی زەوی (خاك)و خراپ بوونی ئاوی ژێر زەوی‌و، خراپ بوونی رووەکەکان، سەرەنجام هاوسەنگی رووەکی تێك دەچێت‌و، هاوسەنگی ئۆکسجینی لەسەروشکانی تێکدەچێت. لە ئاو (دەریا) شدا، شاخە سەهۆلێنەکان بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ئاوو هەوا دەستیان کردووە بەتوانەوە، بەمەش گیان لەبەرە ئاوییەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا زیانیان پێگەشتووە.

2- گازی کاربۆن لەبەرگە هەوای زەویدا بە چەشنێك زیادی کردووە هەڕەشە لەتێکدانی زەویەکەمان دەکات، بە جۆرێك کەپلەی گەرمی لەسەدەی بیست‌و یەکدا سێ پلە بەرز دەبێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا لەسەدەی بیستدا تەنها یەك پلە بەرز بوویەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی رودانی زیاتری کارەساتە سروشتیەکان وەك گەردەلول‌و، زیاد بوونی بە بیابان بوون‌و، بارانی بەلێزمەو خنکێنەر.

3- مرۆڤ هۆکارو بەرپرسە لەو گەندەڵی‌و خراپ بوونەی لەژینگەدا روو دەدات، لەوجەنگ‌و، پیسبوون‌و، زیادەڕەویکرنەی لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیادا

بەبێ گوێدانە ژینگەو یاساو ڕێساکانی ئەنجامی دەدات، کەهەمووی بۆتە هۆی گەندەڵی ژینگەیی.

پاشان کۆنگرەکە بانگەوازێکی ئاراستەی هەموو جیهان کرد کە پێویستە هەموو ڕێوشوێنە خێراکان بگیرێتە بەر لە پێناو رزگار کردنی هەسارەی زەویدا .[1]

بەهەمان شێوە ئەو راپۆرتانەی لە نەتەوەیەکگرتوەکانەوە دەرچون هۆشداریان داوە سەبارەت بەرودانی کارەساتی ئاوو هەوایی کە لەتوانایدایە هەرەشەلەبنەماکانی ژیانی مرۆڤایەتی بکات لەدەساڵی داهاتودا، وەئەگەر ڕێژەی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن دانەبەزێنرێت، ساڵی 2020 پلەی گەرمی زەوی دوو پلە زیاد دەکات، هەروەها ساڵانە نزیکەی ( 600 ) تەن لە گازی میسان بۆ بەرگە هەوای زەوی بەرز دەبێتەوە[2].

دیاردەیەکی تریش هەیە کەبریتیە لەپەنگ خواردنەوەی گەرمی (الأحتباس الحراری) بەهۆی ئەوگازانەی لەکارگەو ئوتومبێلو فرۆکەکانو .. هتدەوە دروست دەبێت، کەدەبێتە هۆی پیسکردنی ئاسمانو زەویو دەریاو زیاد کردنی پلەی گەرمیو ... هتد .

بەراستی بەکارهێنانی چەکە هاوچەرخەکان (کونکەرەکان، تەقینەوەکان، چەکە بایۆلۆجیەکان، جرسومیو، ناوکیەکان)و زیادەرەویکردن لەبەکارهێنانی تەکنەلۆجیای هاوچەرخدا بۆتە هۆی پیسکردنی ئاو و هەواو بەرگە هەوای گۆی زەویو، مردنی گیانەوەرە ئاوییەکانو، پیسبوونی زەویو بەرگەهەواکەیو، پیسبونی تیشکی.

بەکورتی بەهێزترینو وردترین دەربڕین بۆئەو خراپبونو گەندەڵیەی لەم جیهانەماندا روو ئەدات ئەو ووتەیەی پەروەردگارە کەدەفەرموێت: {ظَهَرَ

---

[1] www.ibtesama.com

[2] - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ} سورة الروم(41).

وشەی (الفساد) لەئایەتەکەدا هەموو جۆرەکانی گەندەڵی مادیو مەعنەویو تێکدانی هاوسەنگی دەگرێتەوە، چونکە (أل) یان بۆ جۆری گەندەڵیەو دەچەسپێت بەسەر هەموو شتێکدا کەخراپ کردن بێت (واتە دژی چاککردن بێت)، یاخود بۆ رۆچونە ئەوکاتە هەموو جۆرەکان دەگرێتەوە، لێرەدا بەڵگەیەك نیە لەسەر ئەوەی کە (ال) ەکە بۆ دەست نیشانکردنی یەك شتی ناسراو بێت.

## سەرەتای گرنگی پێدان

لەسەر ئاستی جیهان لەسەرەتای ساڵی 1971 وە گرنگیدان بەژینگە دەستی پێکرد، ئەمەش لەکاتێکدا رێکخراوی یونسکۆ لەپرۆگرامی توێژینەوەیەکدا بەناوی پیاو ژینگەی چالاك (الرجل والمحیط الحیوی) کەئامانجی فراوان کردنی بازنەی شارەزایی تایبەت بەپەیوەندی مرۆڤ بەژینگە سروشتیەکەیەوە بوو پێشکەش کرد، دواتر نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی 1972 لە ستۆکهۆڵم کۆنگرەیەکیان بۆ ژینگەو مرۆڤ بەست، دواتریش گرنگی پێدانی زیاتر بەم بابەتە زیادی کردو کۆنگرەیەکی جیهانی لە ژێرناوی: لوتکەی زەوی، لەریودی خانیروا لە ساڵی 1992 بەسترا، لەو کۆنگرەیەدا هەموو جیهان ئاگادار کرایەوە لەو مەترسیە ژینگەییانەی هەرەشە لە جیهان دەکەن، ئەوە بوو لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی لە ساڵی 1997 دا دانی پێدانرا، ئەمەش رێکەوتنامەی (کیوتو)ی لێکەوتەوە کەتیشکی خستبووە سەر مەترسی گازەکان لەقەتیس بونی گەرمی (احتباس الحراری) دا، دوای ئەمە ئیتر زانکۆکان زۆرترین گرنگیان بەم لایەنەدا.

ئێمە لەم دەرفەتەدا ناتوانین بچینە نێو وردەکاریەکانی جیهانی ژینگەو جۆرەکانیەوە کە ئەمانە دەگرێتەوە:

لێکۆڵینەوەکانی رێکخراوەکانی ژینگە، پەیوەندیەکانی نێوان پێشکەوتنی فسیۆلۆژی، هۆکارە ژینگەییەکانو، پەیوەندی تاکەکانو کۆمەڵگاو چواردەورەکەیانو ئابوری ژینگەو ئەو ئایدۆلۆجیا هەمە لایەنەی کەلەژینگەی زیندوی گیانەوەران دەکۆڵێتەوە، بەڵکو ئێمە بەتەنها قسەکانمان لەسەر هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بەژینگە بەشێوەیەکی کورت چڕدەکەینەوە، هەروەها باس لەکاریگەری تێکچونی ژینگە لەسەر ئابوریی دەکەین.

## هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت
## بە ژینگەو تێکدانوگەندەڵی کردن

قورئانی پیرۆز پەیوەندی ئێمەی بەژینگەوە کورتکردۆتەوە لەرێگەی دەرخستنی ئەوەی کە ئێمە لە زەوی دروستکراوین، کەواتە زەوی دایکمانە، مافی لەسەرمان هەیە، بۆ ئێمە رەوا نیە زیانی پێبگەیەنین، چونکە زیان پێگەیاندنی ئازاردانیەتی، لەگەڵ ئەم رونکردنەوە کورتەدا قورئانی پیرۆز گرنگی زۆری داوە بەپاراستنی ژینگەو، بەرگری لێکردنی لەگەندەڵیو پیس بوونو هەرشتێك زیانی پێبگەیەنێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەموو کاریگەریە باشو خراپەکانی هەربەسەر مرۆڤ خۆیدا دەشکێتەوە.

1- ژمارەیەکی زۆری ئایەتی پیرۆزو فەرمودەی شیرین هەیە کەلەناوەرۆکیاندا ئەو واتایانەیان تێدایە کەبەتوندیو سەختی رێگری لەوکەسانە دەکات، دەیانەوێت گەندەڵیو خراپە لەسەر زەویدا بڵاو بکەنەوە، خوای گەورە

دەفەرمویێت: {وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيِهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ} سورة البقرة(205) .

2- لەگەڵ ئەمەدا، کۆمەڵێکی تر ئایەتو فەرمودەی شیرین هاتوون کە فەرمان بەچاکسازیو ئاوادانکردنەوە و پارێزگاری کردن لەجوانیو پێکهاتەکانی زەوی دەکەن، لەوانە خوای گەورە دەفەرمویێت: {وَالَّذِينَ يُمَسَّكُونَ بِالْكِتَابِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ إِنَّا لاَ نُضِيعُ أَجْرَ الْمُصْلِحِينَ} سورة الأعراف(170).

تەنانەت خوای گەورە سونەتێکی گەورەی لەسوننەتەکانی چەسپاندوە کەبرتیە لەوەی گەلو نەتەوەی چاکو چاکە خواز لەناو نابات، بەڵکو گەلونەتەوەی گەندەڵو خراپەکار لەناو دەبات، دەفەرمویێت: {وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ}سورة هود (117).

3- هەروەها ژمارەیەك دەق لەقورئانو سوننەت باس لەوە دەکەن کە هۆکاری خراپ بوونی ژینگە دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤ خۆی، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتارو هەڵسوکەوتە خراپەکانی، لەوانە خوای گەورە دەفەرمویێت: {ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ}سورة الروم (41).

سەید قوتب لەتەفسیری (في ظلال القران)دا دەڵێت: (قورئان پەیوەندی بارودۆخی ژیانی خەڵکی بەکردارو ڕەفتارەکانیانەوە دەردەخات، ئەوە رون دەکاتەوە کەخراپ بوونی دڵو بیرو باوەڕو کردارەکانی خەڵکی دەبێتە مایەی گەندەڵی لەسەر زەویداو، دەریاو وشکانی بەم گەندەڵیە پڕدەکات، دواتر دەیکاتە زاڵوبالادەست بەسەر چارەنوسەکانیداو، ئەو گەندەڵیە بەسەریدا زاڵ دەبێت ...)[1].

[1] في ظلال القران . چاپی دار الشروق 1407 ك (2773/5)

ئیبن عاشور تەفسیری گەندەڵی زەوی بەم شێوەیە دەکات: (لە دەستدانی چاکەکانو روودانی خراپەکانی، وەك گرتنەوەی بەروبوم لەکشتوکاڵو دانەوێڵەو لەوەڕگاکاندا، هەروەها لەناوچونی ئەو ئاژەڵانەی سودیان لێوەردەگیرێت). سەبارەت بەگەندەڵی ناو دەریاش هەر بەم شێوەیە [2].

ئیمامی رازیش باسی هەندێك لەروکارەکانی ئەو گەندەڵیە ژینگەییەی لەئەمڕۆماندا بەئاشکرا دیارە لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا بەم شێوەیە کردووە، دەڵێت: (هەندێك لەتەفسیرکاران دەڵێن: مەبەست ترسە لەرودانی لافاو لەوشکانیو دەریادا، هەندێکی تریان گوتویانە: خۆ رانەگرتنی هەندێك زەوییو زار (بەبیابان بوون)و سوێربوونی ئاوی دەریاکانە....) پاشان دەڵێت: (مەبەست لەگەندەڵیو تێکچون لەدەریادا کەمبوونەوەی ئاوی سەرچاوەکانە، ئەوە لە دەریاکانەوەیە....)[3] .

ئەم ئایەتە پیرۆزو فەرمودە شیرینانە ئەو پەیوەندیەیان روون کردۆتەوە کەلە نێوان رەفتارو هەڵسوکەوتی مرۆڤو، لە نێوان چاکبونی زەوی یان خراپ بوونیدا هەیە، ئەم دەست نیشان کردنە قورئانیە ئەو خاڵە گرنگەیە کەزانایانی ژینگە پێی گەشتوون – وەك پێشتر باس کرا –.

خوای گەورە پاش ئەوەی زەوی چاك کردو رێکی خستو رادەستی مرۆڤ کرد، بەڵام مرۆڤ خراپی کرد.

قورئانی پیرۆز باس لەوە دەکات کەخوای گەورە پاش ئەوەی زەوی ئامادە کردوو چاکی کردو بەجوانترین شێوە کە گونجاو بێت بۆ ژیانی مرۆڤ رێکی خست، رادەستی مرۆڤی کرد، وەك دەفەرموێت: (ولاتفسیدوا في الأرض بعد اصلاحها) زانستی فەرمودەش ئەم گوتەیە دوپات دەکاتەوە دەڵێت: زەوی

---

[2] التحریر والتنویر (110/21 - 112).

[3] التفسیر الکبیرة چاپی احیاء تراشة العربي / بیروت (128/25).

لەسەرەتادا، بەرێژەیەکی زۆر لەگازی کوشندە دەورە درابوو، بەڵام خوای گەورە لەگازی کاربۆن جگە لە رێژەی 0,03٪ زیاتر لەهەوادا نەهێشتەوە، واتە یەك بەش لەدەهەزار، ئەوش رێژەیەکی گونجاوە بۆ ژیان، بەڵکو نیعمەتێکە لەنیعمەتەکانی پەروەردگار، چونکە گازی کاربۆن کاردەکات لەسەر رێکخستنی پلەی گەرمی لەسەر روی زەوی، ئەمەش لەتوێژینەوەیەکی نوێی زانایاندا لەزانکۆی شیکاغۆ خراوتە روو[4].

لە کاتێکدا رێژەی ئەم گازە لە مەریخدا 98٪ و ، لە زوهرەدا 96٪ .

هەروەها خوای گەورە زەوی چاککردو گونجاندی بەوەی رێژەی ئۆکسجینی لەهەوادا لەسنوری 20٪ دا راگرت، کە ئەمەش رێژەیەکی گونجاوە بۆ درێژەدان بەژیان، چونکە ئەم گازە وەك زانستی نوێ دەڵێت – ئەگەر لەرێژەی 15٪ کەمتربێت ئاگر گڕناگرێت لەبەر ئەوەی کە بڕی ئۆکسجینی تەواومان نابێت بۆ کارلێك کردن، بەڵام ئەگەر لەرێژەی 25٪ زیادی کرد ئەوە هەموو شتێك لەسەر زەویدا گڕدەگرێت بەبێ هیچ هەڵگیرساندنێك، بەڵکو تەنها لەرێگەی گەرمی خۆرەوە گڕدەگرێت .... هتد[5].

بەڵام مرۆڤ بەجەنگە هاوچەرخە خاپورکەرەکانی کە چەکە زیانبەخشەکان بە ژینگەی تێدا بەکارهێنراوە، هەمووشیان لەپێناوی داگیرکاریو سەرکەشیو دەست بەسەراگرتن دا ئەنجامیداون، بەهۆی زیادەرەوی کردنی لەبەکارهێنانی تەقەمەنیاتی نوێو تەکنەلۆجیای پێشکەوتووەو، بەهۆی زیادەرەوی کردنی لەبەکاربردنی داهاتو وزەدا .... گرفتی زۆر گەورەی لەسەر زەویی دروست کردوە، کەهەموویان ئاماژە بەخراپەو مەترسیەکی گەورە دەکەن ئەگەر چارەسەری گرفتەکە نەکرێت، لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوەدەکەن رێژەی کاربۆن لە ئێستادا بەرێژەی 30٪ لە چاخەکانی پێشو زیاترە، رێژەی گازی میسان

---

[4] www.kaheel.com-

[5] هەمان سەرچاوە .

بەرێژەی 100٪ زیادی کردووە [6] .هەروەها ئەم رەفتارانەی مرۆڤ بۆتە هۆی کونکرنی چینی ئۆزۆن کە بەگەورەترین مەترسی چاوەڕوانکراو لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی دادەنرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی خوای گەورە ئەم گەردوونەی لەسەر سیستەمێکی جوانو هاوسەنگ دروست کردووە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:{وَالأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ}سورة الحجر(19).

لەریزی ئەو هاوسەنگیەدا ئەوەیە کەخوای گەورە لەناو هەر مەنزومەیەکی سروشدا سیستەمێکی بەرگری ناوەکیو خۆیی داناوە، هەروەك چۆن لەمرۆڤدا بەرگری زاتیو بەدەست هاتوی داناوە، ئەگەر ئەم بەرگریە گرفتار بوو یان دووچاری کێشەیەك بوویەوە مرۆڤەکە ئەگەری هەموو نەخۆشیەکی هەیە، تەنانەت نەخۆشی دیکەی بەدوادادیێت، گەردونیش هەر هەمووی وەك مرۆڤ وایە، بۆ نموونە، خوای گەورە شێوازێکی پاککردنەوەی خوودی بۆ بەرگە هەوای زەوی داناوە کەپاکی دەکاتەوە لەوگازانەی لەزەوییەوە بۆی بەرز دەبنەوە، ئەمەش ئەوەیە کەبەسیستەمی بەئۆکساندن بونی ئاو و هەوا (التأكسد الجوى) ناو دەبرێت، بەهەمان شێوەش ئەم سیستەمە بەرگریە ناوەکیو خودیەی بەخشیوە بە گیانەوەرە ئاویەکان، بەدەریاو زەریاکان خۆشیان بۆ خۆپاککردنەوەیان لەهەموو ئەو شتە پیسانەی تێکەڵاوی دەبن، لەبەرگە هەوای زەویشدا ئایەتێك هەیە بۆ پاراستنی زەوی لەو تەنە گڕاویە لەناوبەرانەی لەئاسمانی دەرەکیەوە دێن [7].

---

[6] - هەمان سەرچاوە .

[7] - ال جور : الأرض في الميزان ، وەرگێرانی عواطف عبدالعزيز ، چاپی الاهرام لە قاهيرە ساڵی 1994 لاپەرە 58 . د.بخاری : سەرچاوەکەی پێشوو لاپەرە 63 – 64 ، د.محمد عبدالقادر الفقى : البيئة ، مشاكلها وقضاياها . چاپی : کتێبخانەی ابن سينا لە قاهيرەساڵی 1993 ، لاپەرە .

پاشان لیستی تەواوکاری لەزەویدا داناوە، کەهەندێك شت بەهەندێکی ترەوە دەبەستێت بەشێوەی خولی، یاخود خولی تەواوکاری، بۆ نموونە، مرۆڤ جیاوازە لەروەك لەوەرگرتن‌و دانەوەی ئۆکسجیندا، یان ئەوەی کەمرۆڤ لەسەر گیان لەبەران دەژیو، گیان لەبەران لەسەر رووەك‌و، رووەکیش جارێکی تر پشت دەبەستێتەوە بەپاشەڕۆو پاشماوەی گیان لەبەران‌و.... هتد .

هەموو ئەو سیستەمانەی باسمان کردو ئەوانەشی باس نەکراون، یاخود تاکو ئێستە نەدۆزراونەتەوە، هەموویان دیمەنی هاوسەنگیەکی ژینگەیی پێك دەهێنن، هەموویان دیمەنی بەرگرییەکی ژینگەیی پێك دەهێنن کەهەموو ئەو هۆکارانەی ژیانی مرۆڤو زەوی روبەڕوی مەترسی‌و تێکچون دەکەنەوە بەرپەرچ دەدەنەوەو، هۆکارەکانی بێ توانا کردنی زەوی‌و کەمکردنەوەی لێهاتوەکانی لەپارێزگاری کردن لەژینگەیەکی گونجاو بۆمرۆڤ دور دەخەنەوە، بەڵام ماندوکردنی ژینگە لەلایەن مرۆڤەوە بەسەرکەشی‌و دەست درێژیەکانی، بەزیادە رەویەکانی لەبەکارهێنانی بەرهەم‌و وزەکانیدا، بە پیسکردنی ژینگەکەی بووەتە هۆی زیان گەیاندن بەم سیستەمە بەرگریە بەجۆری جیاجیا، هاوسەنگیەکەی نامێنێت‌و، تواناکانی لاواز دەبن لەبەرپەرچدانەوەی هۆکارە زیان بەخشەکاندا پێی، هەر ئەمەیە کەبەسەر گازی ئۆزۆندا هاتووە کە بەچری لەچینی (ستڕا تۆسفیر) لەچینەکانی بەرگەهەوادا دەبینرێت، هەبونی ئەم گازە بەو چڕیەو لەوچینەدا نیعمەتێکی پەروەردگارە، چونکە رێدەگرێت لەهاتنی تیشکی سەرو وەنەوشەیی – کەخۆر لەریزی تیشکەکانیدا دەینێرێت – و ئەگەر بگاتە سەر زەوی ژیانی تێدا ناهێڵێت، ئەم چینە ئەو تیشکە هەڵدەمژێت‌و لەناوی دەبات، ئەم کردارە دەبێتە هۆی تیاچونی ئۆزۆنەکە لەگەڵ لەناو بردنی تیشکە سەرو بنەوشەییەکەدا، بەڵام راستەوخۆ بەچەند شیکارێکی کیمیایی ئاڵۆز دروست دەبێتەوە، بەم شێوەیە لە رێگای هەردوو

کرداری لەناوچونیو لەدایکبونەوە (دروست بونەوە) ئەم ڕێژەیە بەجێگیری دەمێنێتەوە.

مانەوەی گازی ئۆزۆن دادەنرێت بەقەڵغانێکی پارێزەر بۆ ژیان لەسەر زەویدا، لەکاتێکدا کە ئەوغازە خۆی سوتێنەرەو ئەگەر بەچڕی دزە بکات بۆسەر زەوی ئەوە زیان بەژیان دەگەیەنێت، بەڵام خوای گەورە دروستی کردوە کەئەو زیانانەی لەخۆرەوە دێن بەرپەرچیان بداتەوە، کەچی مرۆڤی هاوچەرخ هاتو زیانی بەم گازە گەیاند لەرێگەی ئەو گازانەی لەرێگەی کارگەکانو ئوتومبێلو چەکە کوشندەکانەوە دەردەچن، یان هەرشتێکی تری لەم شێوەیە کەبوەتە هۆی دروست بوونی کونی گەورە لەئاستی کیشوەری بەستەڵەکی باشورو، ئەگەری ئەوەش هەیە کونی دیکەشی تێبێت [8] .

# چارەسەری قورئانی

پاش دەست نیشان کردنە قورئانیە وردەکە کەهۆکاری ئەم خراپکردنە ئەگێرێتەوە بۆ مرۆڤو رەفتارەکانی... قورئان خۆی چارەسەرێکی گشتیو هەمەلایەنەی بۆگرفتەکانی ژینگە داناوە لەرێگەی پرۆگرامێکی بیروباوەڕی گۆرانکاریەوە کە هەڵدەسێت بەگۆڕینی مرۆڤ لەسەر هەردوو ئاستی دەرەکیو ناوەکی بەمەبەستی هێنانەدی قازانجەکان بەرەو چاکسازی، هەروەها بۆپارێزگاری کردن لەو چاکیەی هەیەو زیان نەگەیاندنو دەست درێژی نەکردنە سەر هیچ بەدیهێنراوێك هەرچیەك بێت، ئەم گۆڕانکاریەش پێویستی بەپرۆگرام هەیە، پێویستی بەبەرنامەی گۆڕانی ریشەیی هەیە، ئەگەر سەیری ئاینە ئاسمانیەکان بکەین بەتایبەتی کۆتا ئاین کەئیسلامە دەبینین کەداکۆکی

[8] - هەمان سەرچاوەکانی پێشوو .

لەسەر مرۆڤ دەكات، چونكە سوننەتو یاسای خوا سەبارەت بە مرۆڤ بڕاوەتەوە كەهیچ گۆڕانێكی بەرەو چاكتربوون لەم ژیانەدا روونادات، یاخود بە پێچەوانەوە، تەنها لەڕێگەی گۆڕینی ئەو شتەوە نەبێت كەلەناو ئەم مرۆڤەدا هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: { إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ}سورة الرعد(11).

هەروەها دەفەرموێت: {ذَلِكَ بِأَنَّ اللّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَى قَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمْ وَأَنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ}سورة الأنفال (53).

مەبەست لەگۆڕانی ناوەوەی مرۆڤ گۆڕانی بیروباوەڕو فیكرو بۆچونە، ئەوە ئەو ئامێرە ناوەكیەیە كەجەستەی مرۆڤ دەجولێنێت بەرەو ئەو شتەی كەدەیەوێت، ئەمەش ئەو مەبەستەیە كەئیبن خەلدون دەری بڕیوەو دەڵێت: ( سەرەتای كار كۆتای فیكرەیە، سەرەتای فیكرەش كۆتایی كارە، كاری مرۆڤ لەدەرەوە تەواو نابێت تەنها بە فیكر نەبێت، لەم پلانەدا هەندێكیان لەسەر هەندێكی تریان بەندن، پاشان رۆڵیان لە ئەنجامدانیدا هەیە )[1] .

لێرەوە لەو پەیوەستكردنە تێدەگەین كەقورئانی پیرۆز لەنێوان عەقیدەی راستەقینەو چاكسازیدا كردویەتی، لەنێوان عەقیدەی پڕوپوچو گەندەڵیو گەندەڵیكردندا كردویەتی، خوای گەوە لە سورەتی (الفجر)دا باسی هەندێك لەستەمكارە مل هوڕەكان كردوەو پاشان بەم شێوەیە وەسفی كردون: {الَّذِينَ طَغَوْا فِي الْبِلَادِ، فَأَكْثَرُوا فِيهَا الْفَسَادَ، فَصَبَّ عَلَيْهِمْ رَبُّكَ سَوْطَ عَذَابٍ، إِنَّ رَبَّكَ لَبِالْمِرْصَادِ} سورة الفجر (11– 12– 13 – 14) .

هەروەها لەوەسفی ئەوكەسەی پشتی لە عەقیدەو بیرو باوەڕی راستەقینە هەڵكردووە دەفەرموێت: {وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ}سورة البقرة(205)، بەم شێوەیە، ئەمەش

[1] المقدمة : ابن خلدون . چاپی دار الشعب لە قاهیرە ، لاپەرە (391)

لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤەی بڕواداره بەخواو بەرۆژی دوایی، بڕوای بەوەهەیە هەموو ئەوەی لەگەردونداییە نیعمەتی پەروەردگارە، هەرهەمووییان خوا بەدیهێناون بۆ مرۆڤ تاکو بەو ڕێگایەی خوا روخسەتی داوه لەخزمەتی خۆیدا بەکاریان بهێنێت، خۆی بەوەکیل دەزانێت بەسەریانەوەو هەرگیز بەرەوای نابینێت دەستدرێژی بکاتە سەریان، یاخود سەر پێچی ئەوکەسە بکات (خوا) کەکردویەتی بەوەکیل، ئیتر پابەند دەبێت بە فەرمانەکانی چاکسازیو خۆ دورگرتن لەگەندەڵیو تێکدان بەهەموو شێوەیەك، بەڵکو لەخوای گەورە دەترسێتو چاکە دەکاتو چاکسازی ئەنجام دەدات تاخوای گەورە خۆشی بوێت، بەگەردن کەچیو ترسەوە لێی دەپارێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ} سورة الأعراف (56).

ئەم ئایەتە کەوتۆتە نێوان چەند ئایەتێکەوە چ لەپێش خۆیەوە یان لەدوای خۆیەوە کەهەموویان باس لە زەویو ئاسمانو رۆژو شەوو، بەروبوم دەکەن، تەنانەت باس لەوە دەکەن کە : {وَالْبَلَدُ الطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُ بِإِذْنِ رَبِّهِ وَالَّذِي خَبُثَ لاَ يَخْرُجُ إِلاَّ نَكِدًا كَذَلِكَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَشْكُرُونَ} سورة الأعراف(58).

تەنانەت ئەم ئایەتانە لەسورەتی (الاعراف)دا بەردەوام دەبن و باس لەچەند نمونەیەك لەستەمکارە گەندەڵکارەکان دەکەن، لەو کاتەدا فەرمان بەمسوڵمانەکان دەکات بەیاد کەوتنەوەی ئەم نازو نیعمەتە گەورانە، ئەمەش بەپارێزگای لێکردنو سود لێوەرگرتنیان کەهەموویان سود دەگەیەننو زیادن ناگەیەنن، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَاذْكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِي الأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ الْجِبَالَ بُيُوتًا فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ} سورة الأعراف(74).

لەگەڵ ئەم چاکسازیە ناوەکیەو، ئەم گۆڕانکاریە لەدەرونەکاندا، دەقە شەرعیەکان گرنگی دەدەن بەچاککردنی رەفتارەکانی مرۆڤ لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەمەش لەرێگەی پەروەردەکردنو، پاککردنەوەی دەرونو، ئەو سزایەنەوە کەوەك قەڵغان مرۆڤ دەگێڕنەوە لەدەست درێژی ....هتد . ئەم چاکسازیە درێژدەبێتەوە تادەگاتە ئاستی گرنگی دان بە پاكو خاوێنی مرۆڤ لەهەموو ئەو شتانەی لەچواردەوریدان، ئێمە لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نیە بچینە نێو وردەکاریەکانی پرۆگرامی چاکسازی لەروانگەی قورئانی پیرۆزو سوننەتە شیرینەکانی پێغەمبەرەوە ﴿ﷺ﴾، بەڵکو ئەوە بەسە ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز بڵێینەوە کەباس لەوە دەکات ئەو قورئانە تەنهاو تەنها بۆ خێروچاکەو بەرژەوەندی مرۆڤەکانو، دورخستنەوەو لادانیان لەخراپەو زیانو گەندەڵیو تێکدان هاتۆتە خوارەوە، کەدەفەرموێت: {وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ }سورة الأنبياء(107) .

# كاریگەری گەندەڵی ژینگە لەسەر ئابوری

**یەکەم : دەسپێکێك لەرونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ژینگەو ئابوریی :**

وەك بینیمان ئەو کاریگەریە خراپانەی لەم چەرخەی ئێستادا بەسەر ژینگەدا هاتووە لەناوەرۆکدا زیانگەیاندنە بەسەرچاوەکان‌و بەپلەی یەکەم ئابوری، چونکە پەیوەندی بەسەرچاوە ئابورییەکانەوە هەیەو زیانێکی راستەوخۆ بە ئامێرەکانی بەرهەمهێنان دەگەیەنێت، هەروەها بە قۆناغەکانی گەشەی ئابوریش. ئەم گرفتانەش بەرهەمی فەلسەفەی سیستەمی سەرمایەدارین کەگرنگی تەواو بەتاك ئەدات بۆ مومارەسەکردنی چالاکیە ئابورییەکانی بێ گوێدانە چاودێری کردنی ژینگەو شتی لەم جۆرە، ئەمەش بوەتە هۆی سنور بەزاندن‌و، زیادەڕەوی کردنی مرۆڤ تەنانەت بەفیڕۆدان‌و لەناوبردنی سەرچاوەو وزەکان‌و بڵاوکردنەوەی گەندەڵی‌و فەساد لەسەر زەویداو، تێکدانی کشتوکاڵ‌و وەچەکان لەباری جەنگدا .

سیستەمی سەرمایەداری ئازاد خراپترین جۆری قۆرخ کردنی لێکەوتەوە، ناشرینترین جۆری رەفتارەکانی لێکەوتەوە، بۆ نموونە، ئەمەریکا لەسەدەی بیستدا هەستا بەسوتاندنی چەند شاخێك لەگەنم‌و، لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆر لە مەڕومالآت، هەروەها دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژئاوا هەستان بەلەناوبردن‌و خراپکردنی چەند دەریاچەیەك لەشیرو شیرەمەنیەکان، هەموو ئەمانە لەپێناوی راگرتنی بەرزی نرخدا، ئەمەلەکاتێکدا کەسەدان ملیۆن مرۆڤ لەبرسا دەیاننالآندو، ژمارەیەکی بێ ئەژماریشیان کۆمەڵ لەناو دەچون‌و دەمردن،

تەنانەت هەندێك كەس بازرگانیان بەخۆراكی بەسەرچووەوە دەكردو، گۆشتە نەخۆشەكانیان دەفرۆشتو، بازرگانیان بەئەندامی لاشەی مرۆڤەوە دەكرد [1] .

هەندێك یاساش دەرچوون كەبیانویان بۆئەم رەفتارانە دروستكرد، لەئەمەریكادا مۆڵەتدرا بەناردنەدەرەوەی ئەو خواردەمەنیو داودەرمانانەی كەمەرجی بەكارهێنانی ناوخۆیان تیادانەبوو، تاكو بینێرنە دەرەوە بۆ جیهانی سێیەمی هەژار .

لەلایەكی ترەوە، ئامانجی سیستەمی سەرمایەداری بریتیە لەدەستەبەركردنی دەوڵەمەندیو خۆشگوزەرانیو دەوڵەمەندی بۆ خاوەنەكەی، لەبەرئەوە هیچ جیاوازییەك نیە لەنێوان ئەوكەسەو ئەو كۆمپانیایەی مەوادی كیمیایی دەكرێتو داودەرمانی لێدروست دەكات، لەگەڵ ئەوەی دەیكرێتو چەكی كۆكوژو لەناوبەری پێ دروست دەكات...تەنها لەیەك جیاوازیدا نەبێت، ئەویش ئەوەیە كامەیان زۆرترین قازانجی تێدایە، لێرەوە ئیتر سەروەری دەوڵەتەكانو كەرامەتی گەلەكان حەڵاڵكران، مادده خاوە نیشتیمانەكان لەلایەن داگیركەرانەوە داگیر كران بەمەبەستی گەڕان بەدوای كانزاكانو سەرچاوەی وزەدا، ئەم داگیركاریەش سەرشۆڕكردنی گەلانو، سەركوتكردنو كوشتنو دەست بڕینیانی لێ كەوتەوە، تەنانەت مامۆستا رۆجیە گارودی بەبەڵگەوە دەیسەلمێنێت كەژیاری رۆژئاواو خۆشگوزەرانیەكەی ئەمڕۆی لەسەر شانی گەلە داگیر كراوەكانو سەرچاوەو داهاتو وزەكانی ئەوان لەهەرسێ كیشوەری (ئاسیا، ئەفەریقا، ئەمەریكای باكور) بونیاد نراوە [2] .

ئابوری سەرمایەداری لەسەر بنەماكانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو یاساكانی ئەخلاقو، بەها مرۆییەكان لەچالاكی ئابوریدا دانەمەزراوە، هیچ رێگریەك

---

[1] د.حسێن كامل : مأساة الدول النایة ، الجوع فی عالم الوفرة ، گۆڤاری الأمة لە قەتەر 1985 ، ژمارە (55) لاپەرە (77) ، د.كمال خطاب : توێژینەوەكەی پێشوی لاپەرە (148) .

[2] حوار الحضارات : رۆجیە گارودی .

لەبەردەم سەرمایەداریدا  نیە جگە لەیاساکان، ئەوانیش زۆر کەم دەست تێوەردان لەم بوارەدا ئەنجام دەدەن، لەبەرئەوە بەها ئاینیەکان لەژێر رەوڕەوەی شۆرشی پیشەسازیدا تێکشکاوە، بەها مرۆییەکان لەسێبەری جەنگە ئیستیعماریو خۆ زاڵکردنەکاندا تێکشکاون، مافی لاوازەکانیش لەژێر سێبەری ئەویاسایانەدا کەتەنها گرنگی بەتاكو یاسای خستنەروو داواکاری دەدەنو بەبیانوی ئازادیو رکەبەری کردن چاوپۆشی لەئەنجامە خراپەکان دەکەن، تێکشکاوە.

بۆ نموونە یاسای (سای) تایبەت بەبازاڕ کە دەڵێت: (هەموو خستنە روویەك داخوازی لەسەر بوون دروست دەکات)، ئەمە بیانوو دەدات بەدەستی بەرهەمهێنەرەوە تاکو هەر کاڵایەك دەیەوێت دروستی بکات بێ گوێدانە ئەو کاریگەریە خراپانەی لەداهاتوداو لەبەرەنجامی ئەو بەرهەم هێنانەوە لەسەر ژینگەو مرۆڤ دروست دەبێت[3].

دەرکەوتنی فیکری (کینزی) و، هەندێك لەقوتابخانە ئابورییە تازەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستدا کاریگەریەکی گەورەیان لەسەر ئەم یاسایانەو لەسەر شیکارکردنە سەرمایەداریەکان نەبوو، چونکە جیهانی ئابوری لەرۆژئاوادا لەژێر کاریگەری سیستمی سەرمایەداریو هێزی بازاڕدا مایەوە، لەژێر کاریگەری خستنە روو داخوازیو، نرخی سودو، جوڵەی سەرمایەو، ئاماژەی بازاڕەکانی دراودا مایەوە بێ لاکردنەوە بەلای ئەو گرفتە راستەقینانەدا کەژینگەو تەنانەت هەموو مرۆڤایەتی گرفتار کردبوو، تەنانەت هێزەکانی جیهانگیری جگە لەزۆری بەرهەم هێنانو قازانجو، زۆرترین بازرگانی کە خێراترین قازانج بهێنێت گرنگی بەهیچ شتێکی ترنەدا، لەبەرئەوە قازانج بەشەراکەتو قومارکردنو رەهنکردنو، بلاوبونەوەی چەکی کۆکۆژ زیادی کرد،

---

[3] - عبدالحی زلوم : نزر العلومة ، ضاشي المؤسسة العربية للدراسات ، د.كمال خطاب : سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە 148 – 149 .

بازرگانی چێژوەرگرتن گەشەی کرد، بەرهەمهێنانی فیلمی بەرەلایی زیادی کرد، ئەمەش بوە هۆی کەمکردنەوەو سنوردارکرنی بەرهەم هێنانی شتە باشەکان لەسەر ئاستی جیهان، لەبەرامبەردا قەبارەی بەرهەمهێنانی شتە خراپەکان زیادی کردو، ئەم زیاد بونەش بو بەهۆی زیاتر گەندەڵکردنی ژینگەو پیسکردنی[4].

جیهانی رۆژئاوای پێشکەوتوو لەژێر سایەی جیهانگیریدا لەپەلەکردنێکی توندداية بۆبەدەست هێنانی زۆرترین دەسکەوتی بازرگانیو ئابوری، لەبەرئەوە ئەمەریکا بەنیازنیە واژۆی رێکەوتننامەی سنوردارکردنی بەرزبونەوەی گەرمی بکات – لەکاتێکدا ئەمەریکا بەپلەی یەکەم بۆتە هۆی دروست بونی ئەوگازانەی هۆکاری تەنك بونو خورانی چینی ئۆزۆنن بەرێژی لە 35٪، بەدوای ئەودا ولاتانی بازاڕی ئەوروپی هاوبەش دێت -[5] .

گەورە بوونی ئەنجامە ترسناکەکانی گەندەڵی ژینگە راستەوخۆ یان ناراستەو خۆ پەیوەندی بە ئابوریەوە هەیە، ئەو دارستانانەی بەرێژەی 2٪ کەمدەکەنو، ئەو زەویە کشتوکاڵیە لەبارانەی بەرێژەی 7٪ کەم دەکەنو، ئەو ئاژەلانەی هەندێکیان بەرەو نەمان دەچنو، هەندێکی تریان گرفتاری نەخۆشیەکانی شێتی دەبنو، ئەو ملیۆنەها مرۆڤەی دەمرن، یاخود توشی نەخۆشیە ژینگەییەکانی تر دەبنو.... ئەو داهاتانەی بە فیڕو دەدرێنو، ئەو وزەو توانایانەی لە ناو دەبرێن و.... هتد. هەرهەمویان پەیوەندیان بەئابورییەوە هەیە.

---

[4]- د.کمال خطاب : توێژینەوەکەی پێشوی ، لاپەرە 148 .

[5]- د.کمال خطاب : توێژینەوەکەی پێشوی ، لاپەرە 149 – 150 .

## دووەم: چارەسەری ئابوریی ئیسلامی تایبەت بە ژینگە :

ئێمە پیشتر بەشێوەیەکی کورت باسی چارەسەری ئیسلامیمان بۆ گرفتەکانی ژینگە کرد، لێرەدا ئەوەی بۆ زیاد دەکەین کەئیسلام کۆمەڵێك بنەمای ئابوریی داناوە بۆچارەسەری ئەم چاو چنۆکیە سەرمایەداریە بەشێوەیەکی تایبەت، ئەوانیش بریتین لە :

1- چەسپاندنو بەهێزکردنی ئەو بیروباوەڕەی کەمولکی راستەقینە هی پەروەردگارە، مرۆڤ کراوە بەجێنشین بەسەریەوە لەسەر زەویدا – وەك پێشتر باسکرا – ئەم بیروباوەڕە مولکداری سنوردار دەکات بەهێنانەدی ئەو ئامانجانەی بۆی کێشراوە، مرۆڤیش دەکاتە خاوەنی پەیامێك، کەپەیامی ئاوەدانکردنەوەو چاکسازیە، پەیامی دورکەوتنەوەیە لە خاپور کردنو زیانگەیاندنو گەندەڵکاری.

2- سوپاس کردنی خاوەنی نیعمەتەکان، ئەمەش بەبەکارهێنانی سەرچاوەکانو وزەکان لەپێناوی ئەو مەبەستانەدا کە خوای گەورە سەرچاوەو وزەکانی لەپێناودا دروست کردون، ئەمەش لەبەرئەوەی زانایانمان گوتویانە: سوپاس کردنی پەروەردگار لەسەر نیعمەتەکانی بەوە دەبێت کەنیعمەتەکان لەوشتانەدا بەکاربهێنرێن کەخوای گەورە لەپێناویدا دروستیکردون، بەکارهێنانیان لەمەبەستو کاری ناڕەواشدا ناشکوری کردنو سپڵەییە بەرامبەر نیعمەتەکان، ئەمەشیان لەقورئانی پیرۆزەوە وەرگرتووە لەکاتێکدا باس لەدیاردە گەردونیەکان دەکات بەدوایدا بەزۆری باسی سوپاس گوزاری دەکات، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَاذْكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِي الأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ الْجِبَالَ بُيُوتًا فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ} سورة الأعراف(74).

واتە نازو نیعمەتەکانی پەروەردگار بکەن بەسود لێوەرگرتنیانو بەکارهێنانیان لەو پێناوەدا کەبۆی بەدی هێنراون بە چەشنێك ببێتە مایەی

چاكسازیو خزمەت دور لەگەندەڵیو خراپە، هەرلەبەرئەمەیە كەكاری سەرەكی شەیتان بریتیە لەگۆڕینی بەدیهێنراوەكانی خوا، واتە گۆڕینی شتێك كەخوا دروستی كردوە بۆ مەبەستێك بەڵام لەمەبەستێكی تردا بەكاردەهێنرێت. هەر لەبەرئەمە بوو تەكنەلۆجیای نوێ دەست تێوەردانی لەسروشتدا كرد زیانی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا وەك شێتی مانگاو .... هتد .

پێشەوا ئەبو حامدی غەزالی هەستاوە بەتەئصیل كردنی ئەم بنەمایەو، دەڵێت:

(بزانە كەكاری سوپاسكردنو، وازهێنان لەپێنەزانین نایەتە دی تەنها بەزانینی ئەوە نەبێت كەخوای گەورە چی پێخۆشەو چی پێناخۆشە، چونكە واتای سوپاس كردن بەكارهێنانی نیعمەتەكانیەتی لەپێناوی ئەوشتانەدا كە پێی خۆشە، واتای پێنەزانینو بەدنمەكیش پێچەوانەی ئەمەیە، ئەمەش یان بەفەرامۆش كردنی نیعمەتەكانو بەكارنەهێنانیان، یاخود بەبەكارهێنانیان لەشتێكدا كەخوا پێی ناخۆشە.. لەبەرئەوە خوای گەورە پێغەمبەرەكانی ناردووە، بەهۆی پێغەمبەرانەوە رێگای بۆ مرۆڤەكان ئاسان كردووە، شارەزا بوونو زانینی ئەمە لەسەر شارەزابون لە هەموو ئەحكامەكانی شەرع لەڕەفتاری بەندەكاندا رادەوەستیو بونیاد دەنرێ، هەركەس لەهەموو رەفتارەكانیدا ئاگادارو شارەزای ئەحكامە شەرعیەكان نەبێت ئەوكەسە هەر لەبنەڕەتەوە ناتوانێت بەتەواوی مافی سوپاسگوزاری بدات، ئەمە لەلایەك . لەلایەكی ترەوە – كەبەهەند وەردەگیرێت – هەست كردنو دانایی پەروەردگار لەبەدیهێنانی هەربەدیهێنراوێكیدا كەبەدیهێناوە، چونكە خوای گەورە لەگەردوندا هیچ شتێكی بەدی نەهێناوە كەداناییەكی تیانەبێت، لەژێر ئەو داناییەدا مەبەستێك نەبێت، ئەو مەبەستەش خۆشەویستیە، ئەو داناییەش بۆ دوو بەش دابەشبووە، ئاشكراو نهێنی، ئاشكراكەی وەك هەبوونی زانیاری سەبارەت بەوەی دانایی لەدروستكردنی خۆردا بریتیە لەوەی رۆژو شەوی پێ

لێك جیا بكرێتەوە، رۆژ دەبێتە مایەی بژێوی پەیداكرنو، شەویش دەبێتە پۆشاكو داپۆشەر... ، هەموو بەشەكانی گەردوون، ئاسمانەكان، هەسارەكان، دەریاكان، چیاكان، كانزاكان، رووەكەكان، گیانلەبەران، ئەندامی لاشەی گیانلەبەرانی ...، هیچ گەردیلەیەك لەم بەدیهێنراوانەدا خالّی نیە لەچەندین حیكمەتو دانایی زۆر، لەیەك داناییەوە تا ....... دە هەزار دانایی، بەهەمان شێوە ئەندامەكانی لاشەی گیانلەبەران دابەش دەبن بۆ چەندین بەش كەداناییەكانیان بەئاشكرا دیارو زانراوە، بۆ نموونە چاو بۆ بینینە نەك بۆ كارپێكردن، دەست بۆ كارپێكردنو وەرگرتنو پێدانە نەك بۆ رۆشتن ...) .پاشان دەڵێت: (كەواتە هەركەسێك شتێك بەكاربهێنێت لەرویەكەوە كەجیاوازبێت لەو ئامانجەی كەلەپێناویدا بەدیهێنراوە، یاخود بەوجۆرە بەكاری بهێنێت كەنەخوازرەوە ئەوە لەوشتەدا بەدنمەكیو پێنەزانی بەرامبەر نیعمەتێكی خوا كردوە، هەركەس بەدەستی لەخەڵك بدات ئەوە بەدنمەكی بەرامبەر نیعمەتی دەستی كردووە، چونكە دەستی بۆ ئەوە دروست كراوە تاكو زیانی لەخۆی پێ دوربخاتەوە، ئەوشتانەی پێ بكات كەسودی پێدەگەیەنن، نەك بۆ ئازاردانو لەناوبردنی كەسانی تر، هەركەسیش بڕوانێت بۆ دەموچاوێكی نامەحرەم ئەوە بەدنمەكی بەرامبەر نیعمەتی چاو و نیعمەتی خۆركردووە، چونكە بێ خۆر چاو نابینێت، هەروەها ئەو دوو چاوە دراوە بەمرۆڤ تاكو ئەو شتانەی پێ ببینێت كەسودی دنیاو قیامەتی تێدایە، هەروەها خۆی پێ بپارێزێ لەو شتانەی كەزیان بەدنیاو قیامەتی دەگەیەنن، بەڵام ئەو لەبینینی شتێكدا بەكاری هێناوە كەئامانج لەدروست كردنی چاودا ئەوە نەبووە..) .

دواتر باس لە زنجیرەیەكی هاوپەیوەست لەنێوان مرۆڤو گەردوندا دەكاتو دەڵێت :

(هەرگیز یاد كردنەوەو فیكركردن بەردەوام نابێت ئەگەر جەستە بەردەوام نەبێت، جەستەش بەردەوام نابێت بە خۆراك نەبێت، خۆراكیش بەردەوام

نابێت بەزەویو ئاو هەوا نەبێت، ئەمەش نابێت بەبەدیهێنانی ئاسمانەکانو زەوی نەبێت .... کەواتە هەموو ئەوانە لەپێناوی جەستەدان، جەستەش قاوغو داپۆشەری دەروونە، ئەوەشی دەگەڕێتەوە بۆلای پەروەردگار دەرونە ئارامو دڵنیاکەیە، کەبە بەندایەتی کرندنی زۆرو شارەزاییەوە گەشتۆتە پلەی ئارامیو دڵنیایی .... ) .

پاشان قسەکان بەمە کۆتایی پێ دێنێت: ( هەرکەس شتێکی بەکارهێنا لەبێ فەرمانی پەروەردگاردا ئەوە بەدنمەك بووە بەرامبەر نیعمەتی پەروەردگاری لەهەموو ئەو هۆکارانەشدا کەپێویستی پێیان بووە بۆ ئەنجامدانی ئەو بێ فەرمانیە، بابۆ ئەمە تەنها یەك نموونە بهێنینەوە ...، دەڵێین: ئەوە لەنازونیعمەتەکانی پەروەردگارەوەیە کەدینارو درهەمەکانی بەدیهێناوە، راگرتنی ژیانی دنیاش بەهۆی دینارو درهەمو (پارە)وەیە ، ... ئەم پارەیەی بەدیهێناوە وەك پێوەرێکی ناوەند لەپێناو هەموو سەرمایەکانی تردا تاکو بڕی سەرمایەو نرخەکانیانی پێ بپێورێتو ... تاكو بتوانرێت دەستاو دەستی پێبکرێتو، بتوانرێت هەموو شتێکی پێ بکڕدرێت ...، جا هەرکەس بەدنیاو درهەم کارێکی ئەنجامدا کەهاوتای حوکمی شەرعی نەبوو، بەڵکو دژی مەبەستی شەرع بوو وەك کۆکردنەوەو هەڵگرتنیان بەبێ بەکارهێنانیان، ئەوە ئەو کەسە بەدنمەکی بەرامبەر ئەم نیعمەتەی خوا کردووە، کاتێك ئەم نمونەیەت زانی، دەتوانیت لەسەر ئەمە هەموو جوڵەو وەستانو، قسەکردنو بێدەنگیو، هەموو رەفتارەکانت بپێوێت بزانێت کە یان سوپاس کردنە یاخود بەدنمەکیو پێ نەزانین ....)[1] .

3- شوێنکەوتنی پڕۆگرامێکی میانەڕەوی دامەزراو لەسەر ئامانجداریو، هاوسەنگیو میانگیری لەهەموو شتێکدا، لەبەرامبەردا حەرامی زیادە رەویو

---

[1] احیاو علوم الدین . چاپی الحلبی لە قاهیرە (4/ 88 – 91 ) .

پاره بەخەساردانو چروکیو دەست نوقاوی، خوای گەورە دەفەرمویێت: {وَلاَ تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلاَ تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا} سورة الإسراء (29).

هەروەها خوای گەورە لەوەسفی (عبادالرحمن)دا دەفەرمویێت : {وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا} سورة الفرقان(67) .

4- ئاوادانکردنەوەی زەویو چاکسازی کردن تیایدا، بەدابین کردنی پێداویستیەکانی جێنشینی، خوای گەورە دەفەرمویێت:{هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ فِي الْأَرْضِ فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِلَّا مَقْتًا وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا} سورة فاطر(39).

لەبەرئەمە خوای گەورە فەرمانی بەئاوادانکردنەوە پێکردوینو دەفەرمویێت: {وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ } سورة هود(61).

پێشتریش باسمان لە گرنگیدانی ئیسلام بەکشتوکاڵو، زیندو کردنەوەی زەویەکانو شتی تری لەم جۆرە کرد.

5- حەرام کردنی گەندەڵیو گەندەڵکردنو گەندەڵکاریو زیانگەیاندنو شتە پیسەکانو کارە قەدەغەکراوەکان .

6- دانانی یاسای بەرپەرچدەرەوە بۆ هەرکەسێك بیەوێت گەندەڵی لەسەر زەویدا بڵاو بکاتەوە، لەوانە سزای (حرابە)و گەندەڵکاری لەزەویدا، لەوانە سزا تەعزیزیەکان کەدەسەڵاتدار دەتوانێت بەسەر هەموو ئەوکەسانەدا جێ بەجێی بکات کە زیان بەژینگە دەگەیێنن، لەو ڕێوشوێنە بڕیار لەسەر ئەو دراوانەی لەم بوارانەدا کاری پێدەکرێت قەدەغەکردنی مامەڵەی ناژیرەکانە (السفهاء) بەسەروەتو سامانەوە، خوای گەورە دەفەرمویێت: {وَلاَ تُؤْتُواْ السُّفَهَاء أَمْوَالَكُمُ

الّتِي جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ قِيَاماً وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُوهُمْ وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلاً مَّعْرُوفًا}سورة النساء(5).

فوقەها كۆ دەنگن لەسەر (حجر) خستنە سەر مندالْو، شێت، واتە قەدەغەكردنیان لەمامەلّەكردن، هەروەها كۆ دەنگن لەسەر قەدەغەكردنی مامەلّە لەو نەفامەی نازانێت باش مامەلّە بەپارەكەیەوە بكاتو بەهۆی لاوازی ژیریەوە، یان لاوازی ئاینەوە (لای هەندێك لەزانایان). پارەو پولی بە فیڕۆ دەدات [2] .

7- پێویستی چارەسەركردنی مادده پیس بووەكان تاكو بگەڕێنەوە بۆبارە سوود بەخشەكەیان بەمەبەستی سود لێوەرگرتنیان، لە سوننەتەوە لەم بارەیەوە چەند حالّەتێك باسكراوە كەگلّۆپی سەوزمان بۆ هەلّدەكات تاكو پیسكەرەكان لاببەین بەچارەسەركردنی یاخود بەچاككردنەوەی پیسبوەكە یان هەر رێگەیەكی تر، پاش پاككردنەوەی جارێكی تر سود لێوەرگرتنەوەی ئەو شتە، لەوانە حالّەتی خۆشەكردنی پێستەی ئاژەلّی مردارەوەبوو، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ)لەم بارەیەوە دەفەرموێت: (ئەگەر پێستە خۆشكرا ئەوە پاك بۆتەوە)[3].

ئەم فەرمودەیە بەئاشكرا ئاماژە بەوە دەكات كەپێویستە سود لەهەموو پێستەو چەرمێك وەربگرێت ئەگەر چی هی مردارەوە بووش بێت، ئەمەش لەرێگەی خۆشەكردنیەوە، لەسەر ئەم فەرمودەیە دەتوانرێت (قیاس) بكرێت بۆ پاككردنەوەی هەرشتێكی تری لەم جۆرە كەدەتوانرێت پاك بكرێتەوە.

هەرلەم نموونانە پاككردنەوەی ئاوە بەزیادكردنی تادەگاتە ئاستی قولەتەین [4]،

[2] مبدأ الرظا في العقود ، دراسة مقارنة ، چاپی دار البثائر الأسلامية (1)

[3]- مسلم و أحد و جگەلەمانیش گیراو یان نەتوە .

[4]– قولەتەین: برێك لەئاوە كەبگاتە (220) لیتر یان (750) كغم.

ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت : (ئەگەر ئاو قولەتەین بوو پیسی هەڵناگرێت) [5]،

لە گێڕانەوەیەکی تردا کە ئیبن ماجەرو دارمیو ئەحمەد گێڕاویانەتەوە بەم دەربڕینە هاتووە. (ئەگەر ئاو گەشتە ئاستی قولەتەین هیچ شتێك پیسی ناکات)[6].

رێگایەکی تری پاککردنەوە بریتیە لەگۆڕینی بار، واتە گۆڕینی شتێك لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر چ لەروی زات یان لەرووی وەسفەوە، وەك بەسرکە کردنی شەراب، کەدەبێتە هۆی پاککردنەوەی، بەهەمان شێوە پاککردنەوە لەرێگەی بەسرکەکردنەوە بەو جیاوازیو وردەکاریانەوە کەهەیە[7].

لێرەوە بەرونی بایەخدانی ئیسلامیمان بۆ روندەبێتەوە بەهەرگەردیلەیەك لەوگەردیلانەی لەگەردوندا هەن بەمەرجێك سود بەخش بێتو زیان بەخش نەبێت ئەگەر چی پیسیش بووبێت، ئەوە دەتوانرێت پاك بکرێتەوە لەپێناوی سودلێ وەرگرتنیدا.

بۆ هەر سێ رێگاکەی (بارگۆڕین)و (بەکاربردن)و (چارەسەرکردن) جێبەجێکردنی هاوچەرخانەی بەرفراوان هەیە لەبواری دەرمانو خواردنو، بەروبومە پیشەسازیەکانو، مەوادەکانی جوانکاریو، کرێمو مەعجونەکاندا، چونکە مادەی حەرامو پیسیان تێدابەکار دەهێنرێت، بەڵام رێگرێك نیە لەبەکارهێنانیان ئەگەر بارەکەی گۆڕابوو یاخوود مادە پیسو حەرامەکە بەکاربرابوو، کاریگەری نەمابوو، یاخود خراپی و زیانبەخشیەکانی لێ جیاکرابویەوە، بۆ ئاوی زێرابیش بەهەمان شێوەیە، ئەگەر پاککرایەوەو

---

[5] - أحمد لە مسندد‌ا گێراویەتیەوە (12،38/2)

[6] - ئەحمەدو ئیبن ماجەر گێراویانەتەوە ، ئەعظمی تەحقیقی کردوە (97/1) هەروەها دارمی (152/1).

[7] - أ. د.علی محي الدين القرداغی : فقه القظيا الطيبة المعاهرة . چاپی دار البثائر الأسلاميه ل (203 - 252)

سیفەتە خراپو زیانبەخشو پیسیەکانی لێ جیاکرایەوە، ئەوکاتە دەبێتە ئاوێکی پاکی شەرعی[8].

لەڕوی زانستیەوە ئەوە سەلمێنراوە کەهەندێك مادده بەتەنها زیانبەخشو ژەهراوین، بەڵام کاتێك لەگەڵ مادەیەکی تر تێکەڵ دەکرێن یاخود یەك دەگرن دەبنە مادەی سود بەخش، بۆ نمونە وەك سۆدیۆمو کلۆر، هەریەکەیان رەگەزێکی ژەهراوین، بەڵام کاتێك یەك دەگرن دەبنە مادەیەکی سودبەخش کەدەبنە خوێی چێشتو هیچ مرۆڤێك ناتوانێت بەکاری نەهێنێت [9] .

8- سیاسەتی خۆ پاراستن لەبابەتی گەندەڵی:

ئیسلام لەرێگریکردنی نەخۆشیو دورخستنەوەی گرفتەکاندا پشت بەسیاسەتی خۆپاراستن دەبەستێت، ئەم سیاسەتە پشت دەبەستێت بەگرتنە بەری هۆکارە ئاشکرا بەرگریکەرەکانی روودانی نەخۆشیو گرفت – هەڵبەت پاش پشت بەستن بەپەروەردگار – بەم شێوەیە :

أ- ئەو پەڕی گرنگیدان بەپاكو خاوێنی هەمەلایەنەی جەستەو شوێنو، هەموو ئەوشتانەی مرۆڤ بەکاریان دێنێ، تەنانەت هەموو شتێك کەپەیوەندی بەجەستەوە هەبێت، ئەوەتا ئیسلام پاكو خاوێنیو دەست نوێژی کردۆتە مەرجی دروستی نوێژو گەڕان بەدەوری کەعبەدا، ژمارەیەکی زۆر ئایەتو فەرمودە هەیە کەفەرمان بەپاكو خاوێنی دەکەنو نزیك کەوتنەوە لەپیسو پۆخڵی قەدەغە دەکەن، خوای گەورە دەفەرموێت : {وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ}سورة المدثر(4).

---

[8]- بۆ زیاتر شارەزابونی سەیری هەمان سەرچاوەی پێشووبکە لاپەرە (203 - 252).

[9]- د.کمال خطاب : توێژینەوەکەی پێشوی ، لاپەرە(60).

هەروەها خوای گەورە پاكو خاوێنی كردۆتە هۆكارێك بۆ خۆشەویستی خۆی، دەفەرموێت: { إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ}سورة البقرة(222) .

موسلیمیش لەسەحیحەكەی خۆیدا دەگێڕێتەوە كەپێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرمویەتی: (خوای گەورە پاكو خاوێنەو هەرشتێك پاكو خاوێنی نەبێت وەری ناگرێت)[10].

هەروەها دەفەرموێت: (خوای گەورە جوانەو جوانی خۆش دەوێت)[11] .

هەروەها ترمزی بەسەنەدی خۆی لە سەعیدی كوڕی موسەییبەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: (خوای گەورە پاكەو پاكی خۆش دەوێت، خاوێنەو خاوێنی خۆش دەوێت، ئێوە پاكو خاوێنی ڕاگرن – وابزانم كەگوتی – پیسو پۆخڵیەكانتان خاوێن كەنەوەو، خۆتان مەشوبهێنن بە جولەكە) .

گێڕەرەوەكە دەڵێت ئەمەم بۆ موهاجیری كوڕی مسمار باسكرد، گوتی: (عامری كوڕی سەعدی كوڕی ئەبی وەقاس ئەمەی لەباوكیەوە گێڕایەوە كەپێغەمبەر ﴿ﷺ﴾فەرمویەتی: پیسو پۆخڵیەكانتان پاك بكەنەوە)[12] .

كتێبەكانی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمودەی زۆریان تێدایە سەبارەت بەپاكو خاوێنیو حوكمەكانی، كتێبێكی تایبەتیان بۆ داناوە، چەندین بەشیان بۆ تەرخانكردوەو جیاكردۆتەوە، حافظ ابن حجرچەند فەرمودەیەك دەهێنێتەوە وەك بەڵگە لەسەر گرنگی پاكو خاوێنیو، فەرزیەتی ئەم كارە، دەیسەلمێنێت كەئیسلام بڕیاری لەسەرداوە[13] .

ب- داپۆشینی قاپو قاچاخ بۆپاراستنی خواردەمەنی لەپیس بوونو خراپ بوون، موسلیم لەسەحیحەكەیدا بەسەنەدی خۆی لەجابرەوە دەگێڕێتەوە،

---

[10]- صحيح مسلم : (703/2)

[11]- صحيح مسلم : (93/1)

[12]- ترمزی گێراویەتیەوە ، لەگەڵ تحفة الأحزوي .(82/8)

[13]- فتح الباری ، ڕاڤەكردنی فەرمودەكانی ژمارە 149 ، 204 ، 803 ، 1231 لە صحيحی بوخاری .

کەپێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرمویەتی: (قاپو قاچاخەکان داپۆشن، دەمی دەفرو ئاوخواردنەوەکانتان ببەستن، چونکە لەساڵدا شەوێك هەیە نەخۆشی تیایدا دادەبەزێتو بەلای هەر قاپێکی سەردا نەپۆشراودا بڕوات، یاخود بەلای هەر شۆربەو جەوەنەیەکی ئاو خواردنەوەی دەم نەبەستراودا بەدڵنیاییەوە کەئەو نەخۆشیو پەتایە دەچێتە ناویەوە) [14].

موسلیم لەم بارەیەوە چەند فەرمودەیەکی گێڕاوەتەوە، نەوەوی دەڵێت : (زانایان سەبارەت بەفەرمان کردن بۆ داپۆشینی قاپو قاچاخ هەندێك سود باس دەکەن، لەوانە ئەو دوو سودەی لەم فەرمودانەدا هاتون، کەبریتین لە: پاراستنی لە شەیتان، چونکە شەیتان پەردەلاناباتو دەمی شۆربەو جەوەنەی ئاوخواردنەوە ناکاتەوە، هەروەها پاراستینی لەو نەخۆشیو پەتایەی لەشەوێکی ساڵدا دادەبەزێت، سودی سێیەمیش ئەوەیە: دەیپارێزێت لەشتە قێزەونەکان، چوارەم سود: پاراستنیەتی لە مێشو مەگەزکان، چونکە دەگونجێت بکەونە ناویو مرۆڤ بەبێ ئاگایی بیخواتەوە، یاخود لەشەودا بکەونە ناوییو بیخواتەوە، ئەوکات مرۆڤەکە توشی نەخۆشی دەبێت، خوای گەورە زاناترە )[15].

ج- قەدەغەکردنی هەر شتێ ببێتە هۆی بەفیڕۆدانی پارەو بڵاوکرنەوەی نەخۆشی، لەوانە:

1- حەرامی میز کردن لەئاوی وەستاودا، چونکە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾قەدەغەی کردووە، دەفەرمویێت: (هیچ کەس لە ئێوە بامیز نەکاتە ناو ئاوی وەستاوەوە پاشان خۆی لێ بشوات).

---

14- صحيح مسلم ، کتێبی خواردنەوەکان (1596/3)

15- شەرحی نەوەوی لەسەر صحيحی موسلم ، چاپی دار ابی صیان لە قاهیرە 1415 ك (2001/7).

2- دەست تێوەردانی دەوڵەتو بەرپرسان بۆ پاراستینی هەوا لەپیس بوون، زانا پێشینەکانمان باسی ئەوەیان کردووە کەلەئەرکەکانی (بەرپرس) چاودێری کردنی دوکەڵکێشی نانەواو خواردنگەکانە، شیرازی لەریزی ئەرکەکانی بەرپرسی شارەوانی باسی ئەوەی کردووە کەپێویستە لەسەری سەقفی حانوتو نانەواکان بەرز بکاتەوەو، دەرگاکانیان بکاتەوە، هەروەها دەروازەو رێرەوی گەورە لەبازاڕی نانەواو سەمونخانەکاندا بکاتەوە تاکو دوکەڵی لێوە بچێتە دەرەوە لەپێناوی ئەوەدا دانیشتوانی ئەو ناوچەیە زیانمەند نەبن [3] .

3- سوتاندنی پاشەڕۆکان بەشێوەیەکی زانستی لەفڕنە تایبەتیەکاندا، سودلێ وەرگرتنی لەبەرهەمهێنانی وزەدا، دەبینین ئەمڕۆ جیهان گیرۆدەیە بەچەندین چیای کۆبوەوە لەپاشەرۆکان لەهەموو شارێکدا، زۆربەی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوش وازی لێدێنن‌و سەرەنجام چەندین گرفتی ژینگەیی‌و نەخۆشی مەترسی داری لێدەکەوێتەوە، یاخود بەشێوازێکی هەرەمەکی‌و سەرەتایی دەیسوتێنن، یان هەروازی لێ دێنێت تاك‌و تێکەڵ ببێت بەرووبارو زەریاو دەریاکان، ئەو کاتەش دەبێتە هۆی پیس بونیان‌و سەرەنجام چەندین جۆر لەگیانلەبەرانی دەریایی تیادەچن‌و دەبنە قوربانی‌و هەندێك دەوڵەتی تر هەڵدەستن بە (ژێرخاك خستنی) تەندروستی‌و، شاردنەوەو ژێرخاك خستنی پاشەڕۆکان لەزەویدا، هەر رێگەو هۆکارێکن ئامانجێکی دیاریکراو دێنێتەدی بەپێی شاهیدی شارەزەکان، وەك هێنانەدی بەرژەوندیەکان‌و بەرگریکردن لەزیان کردن، یان زیانخستن، وەك ببێتە هۆی دورخستنەوەی گەندەڵی‌و یان کەم کردنەوەی بەپێی توانا، لەبەرئەوە هەموو ئەو رێگایانە لەم پێناوەدا دەگیرێنەبەر، چونکە لەگەڵ ئامانجەکانی شەریعەتدا یەك دەگرنەوە.

[3] نهاية الرتبة في طلب الحسبة : عبدالرحمان بن نصر الشيرازى . ضاثي دار التقانة ، بيروت 1981 ، ل 15

# بەشی پێنجەم

# گەندەڵی سیاسی

مەبەست پێی گەندەڵی پەیوەندیدارە بەئاسایشی کۆمەڵگاوە، بریتیە لەو گەندەڵیەی پەیوەندی بەوتاوانەوە هەیە کە ئاسایشی هەموو میللەتو دەوڵەت دەخاتە مەترسیەوە، ئەم گەندەڵیە دژی ئەو ئاسایشو ئارامیەیە کەبەگرنگترین مەرجە بنەڕەتیەکانی سەرمایە گوزاریو پاشەکەوتو گەشەپێدان دادەنرێت، چونکە بەبێ ئاسایش هەمووشت تێك دەچێت، سەرمایەدارەکان کۆچ دەکەن بۆ دەرەوە، هیچ گەرموگوڕیەك بۆ بەگەڕخستنو پاشەکەوت کردن لەناوخۆی وڵات نامێنێت .

ئیسلام ئەوتاوانەی تایبەت بەئاسایشی کۆمەڵگاو دەوڵەت بەتاوانی گەندەڵکاری لەسەر زەوی ناوی بردوە، خوایی گەورە دەفەرموێت: {إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ }سورة المائدة(33).

ئەگەر سەیری ئەو سزایانە بکەین بۆئەم گەندەڵکارو موفسیدانە دانراوە دەبینین سەختترین جۆری سزان کە لەئیسلامدا بەرامبەر تاوان دانرا بێت، ئەمەش لەبەر مەترسیە کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیو .. هتد، ەکانی ئەم تاوانەیە.

هەروەها ئیسلام بەتاوانی دوژمنکاری ناوی بردووە، واتە دژایەتیکردنی خواو پێغەمبەری خوایە ﴿ﷺ﴾ئەم ناونانە لە سەرەتای ئایەتەکەی پێشەوە وەرگیراوە، ئەوکەسانەی ترسو بیمو تۆقاندن لەنێو خەڵکە ئارامەکەدا

بلاْودەکاتەوەو، دوبەرەکیو کوشتار دەخەنە ناویانەوە، ئەوانە جەنگ لەدژی خواو پێغەمبەری خوادا دەکەن بەو گەندەڵکاریەی لەسەر زەویدا ئەنجامیدەدەن، بەو لەناوبردنی ئاسایشو بارەجێگیرەی لەناوی دەبەن، کەبێ ئاسایشو جێگیری وڵات گەشەپێدانو بوژاندنەوە رونادات، جەنگ کردنو دوژمن کاری یاخود گەندەڵکاری لەسەر زەویدا بریتیە لەگرتنە دەستی دەسەڵات بۆ خواردن و بەناهەق بردنی سەروەتو سامان، یان بۆ کوشتنو ترساندنی خەڵکی، یاخود بۆ دەست درێژی کردن لە شێوەی خۆ بەگەورە زانینو فیزکردنو پشت بەستن بە هێزو بازوو [1] .

بەبیرورِای من ئاسایشی کۆمەڵگەو دەوڵەت بەهەمان شێوە دەچێتە بازنەی ئەوپێداویستیە سەرەکیانەی پێویستە پارێزگاریان لێ بکرێت – وەك پێشتر باسکرا – ئەمەش نایەتەدیو ناچەسپێ لەرێگای ئاسایشی سیاسی دەوڵەتەوە نەبێت، ئەویش بەوەی پشت بەدادپەروەریو بە ویژدان ببەستێت، نەك بەستەمو چەوساندنەوەو بێ ویژدانی، پێویستە دەرگا بەرووی ئازادییە گشتیەکاندا بکاتەوەو، هەڵنەسێت بەسەرکوتکردنو دیکتاتۆریەتو تۆقاندن، چونکە گەلێکی ترساوی هەڵلەرزیوو لەبەردەم سزاو ستەمو تاوانەکانی دەوڵەتدا هەرگیز تواناى گەشەکردنی نابێت، ئەزمونەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە گرنگترینو ئەو کۆسپو گرفتانەی رێگرن لەبەردەم گەشەپێدانو پێشکەوتنو بوژاندنەوەی بریتین لە دیکتاتۆریەتو چەوساندنەوەی سیاسیو زەوت کردنی ئازادییەکان، لەبەرئەوەیە خوای گەورە ئاسایشی ئابوریو ئاسایشی سیاسی پێکەوە بەستۆتەوە، دەفەرموێت: {فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ، الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ} سورة قريش (3 – 4).

---

[1] - بدائع الصنائع: (90/7)، جواهير الاكليل (294/2)، نهاية المحتاج (402/7)، المغنى(287/8)، الموسوعة الفقهية الكويتية(153/17).

## چارەسەری ئیسلامی بۆ گەندەڵکاری (فساد) لەسەر زەویدا

بۆ لەناوبردنی گەندەڵی سیاسیو، چەسپاندنی ئاسایشی کۆمەڵگاو دەوڵەت خوای گەورە بڕیاری سزای زۆر سەختی داوە بۆ ئەوکەسانەی گەندەڵی لەسەر زەویدا بڵاودەکەنەوە، سزاکەش بریتیە لەکوشتنو لەخاچدانی ئەو کەسەی خەڵك دەکوژێتو سەروەتو سامانەکەیان دەبات، هەروەها کوشتنی بەتەنها بۆ ئەوکەسەی کەسێك دەکوژێتو، بڕینی دەستو قاچ بۆ ئەوکەسانەی لەرێگەی هێزو دەست درێژییو توندوتیژییەوە سەروەتو سامانی خەڵکی دەبەنو تەحدای شانو شەوکەتی دەوڵەت دەکەن، هەروەها بەندکردنو دورخستنەوە بۆ ئەو کەسانەی ترسو بیم لەدڵی هاوڵاتیانی ئارامدا بڵاودەکەنەوە، ئەمە لەسەر رای کۆی زانایان (لەوانە ئیمانی مالیك)کە پێی وایە: ئیمام – واتە سەرۆکی دەوڵەت – سەرپشکە لە هەڵبژاردنو جێبەجێ کردنی ئەم چەند جۆرە سزایەدا بەپێی بەرژەوەندی گشتیی – کە لێرەدا بواری باسکردنی نیە - لەگەڵ ئەمەشدا گوتویانە: دەوڵەت دەتوانێ فەرمانی کوشتن، یاخود لەخاچدان، یاخود هەردوکیان پێکەوە، یان دەستو قاچ بڕین، یان دور خستنەوە بۆ ئەوکەسە دەربکات کەخەڵکی دەترسێنێتو ترسو دڵە ڕاوکێ دەخاتە دڵی مرۆڤە ئارامەکانەوە ئەگەر بەرژەوەندی لەم ئیجارائاتانەدا بوو، بۆ نموونە ئەگەر ئەو کەسە تاوانکارێکی گەورە بێتو پێشینەی لەتاوانا هەبێت [1].

لەگەڵ ئەمەدا، ئیسلام تەنها بەسزادانەکان رازی نەبووە، بەڵکو هەموو توانایەك دەخاتە کار لەپێناوی پەروەردەکردنی مرۆڤێکی چاکی چاکەخوازدا کەپارێزگاری لەئاسایشو ئارامی بکات بە هەموو ئەو هۆکارانەی لە بەردەستیدایە، خوای گەورە ئەوەی رون کردۆتەوە کەمرۆڤێکی بڕواداری دادپەروەرو دور لەستەم شایستە ترە کەژیانی ئارامو ئاسایش بێت، خوای

---

[1] هەمان سەرچاوە فیقهیەکانی پێشوو .

گەورە دەفەرموێت: {وَكَيْفَ أَخَافُ مَا أَشْرَكْتُمْ وَلاَ تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَانًا فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ} سورة الأنعام (81 – 82)

کەواتە ئاسایش لەئیسلامدا پلەیەکی بەرزی هەیە، دەست درێژی کردنە سەری خراپە تاوانێکە پێویستە سزای لەسەر بدرێت، خوای گەورە تاوانی ئەوکەسەی زۆر بەقورسی باسکردووە کەئاسایش دەشێوێنێ تەنانەت ئەگەر ئاسایشی باڵندەیەکیش بێت، یاخود ئاژەڵێك، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت: (هەرکەس ئاسنێك روو بکاتە براکەی، ئەوە فریشتەکان نەفرەتی لێ دەکەن تاکو دەیگێڕێتە دواوە، ئەگەر چی ئەو کەسە برای دایك و باوکیشی بێت)[2].

لەبەرئەوە پارێزگاری کردن لەئاسایشی تاك و کۆمەڵگەو دەوڵەت لەسەر هەموو مسوڵمانێك فەرزە ، پێویستە ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ چەسپاندنی بخاتە کار، هەروەها پێویستی گەشەپێدانو بوژانەوەو، پێشکەوتنو ژیارسازیو داهێنانو نوێکاریشە.

[2]- رواه مسلم في صحيح (3/341)

# بەشی شەشەم

## ئاستەنگ‌و كۆسپەكانی بەردەم گەشەپێدان لەجیهانی ئیسلامیدا

گەشەپێدانی هەمەلایەنە - تەنانەت گەشەپێدانی ئابوریش - دادەنرێت بەگرنگترین مەرجەكانی راپەڕین‌و پێشكەوتن‌و ژیانسازی، بەبێ ئەم گەشەپێدانە گەل‌و نەتەوە ناتوانێت بگاتە ئامانجە سیاسی‌و كۆمەڵایەتیەكانی، لەبەرئەوە كارێكی ئاسان نیە، بەڵكو دادەنرێت بەگرنگترین كارەكان‌و، دادەنرێت بەو كارەی پێویستی بەزۆرترین داكۆكی لەسەركردن‌و، تەواوكردنی هەموو مەرجە خوازراوەكان هەیە، پێویستی بەلابردنی هەموو ئەو رێگرو كۆسپانە هەیە كەلەرێگەیاندا رادەوەستن.

لەلایەنی كرداری‌و ئەزمونیشەوە ملیارەها دۆلار سەرفكراوە لەجیهانی سێیەمدا - یان جیهانی گەشەسەندودا -، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوگەشەپێدانەی خوازراو بوو نەهاتەدی، بەڵكو هەژاری زیادی كرد، بازنەی هەژاری لەرووی چەندێتی‌و چۆنیەتیەوە فراوان بوو، ژمارەی بێ نەواو بێ بەشەكان زیاد دەكات‌و، بەهەمان شێوە بازنەی ناوەند لەبەرژەوەندی هەژاری فراوان دەبێت - وەك لەمەودوا باسی دەكەین - .

بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێك، لەگرنگترینیان: ئێمە شوێنكەوتەو پابەندی یاسای خوای گەورە نەبوین لەئاوەدانكردنەوەو جێنشینی‌و خۆگرتندا، هەروەها ئەو كۆسپە سەرەكیانەی لەرێگەی گەشەپێدانەكەدا هەبوون بەهەند وەرمان نەگرتن، كۆسپ‌و بەربەستەكان‌و ئەو رێگرانەی جوڵەو بزاوتی گەشەپێدانیان دەگرت ئێمە بەهەند وەرمان نەگرتن.

**لەئوسوڵی فیقهدا ئەوە باو و بڵاوە کەرێگرەکان بەهێزترن لەمەرجو هۆکارەکان، لەبەرئەوە ئەگەر رێگرێك هەبوو، ئەوە نەهۆکارو نەمەرج ناتوانن کاریگەریان هەبێت، یاخود کاریان پێبکرێت[1].**

**ئێمە لێرەداو لەم پێشەکیە کورتەدا بەخێرایی گرنگترین ئەو رێگرو کۆسپانە باس دەکەین کەلەبەردەم گەشەپێدانی هەمەلایەنەدا دەوەستن، ئەوانیش: گرفتی نەخوێندەواری، نەزانی، دواکەوتن، لەگەڵ گرفتی گەندەڵی هەمەلایەنە، واتە: گەندەڵی ئیداریو سیاسیو داراییو ژینگەیی. ئەمەش لەدوو خواستی سەربەخۆدا:**

**خواستی یەکەم:** رووبەروبونەوەی نەخوێندەواریو نەفامیو دواکەوتن:

**لێرەدا نامەوێت بچمە ناو وردەکاریە زمانەوانیو فەلسەفیەکانی ئەم سێ دەستەواژەیەوە[2]، بەڵکو مەبەستم لەنەخوێندەواری: نەتوانینی خوێندنەوەو نوسینە، مەبەستم لەنەفامی: نەبونی زانیاریە بەراستەقینەی شتەکانو بەناوەرۆكو سەرەنجامەکانیان، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:** (ولكن أكثر الناس لايعلمون){يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِّنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا } (7) سورة الروم.

**مەبەستم لەدواکەوتنیش: نەبونی زانیاریە سەبارەت بەچۆنیەتی ئاوەدانکردنەوەی زەویو تەکنەلۆجیا هاوچەرخەکان تاکو وەك پێویست سودیان لێ وەربگرێت.**

---

[1]– رێگر: ئەو شتە هەبونی دەبێتە مایەیی نەبونی شتێکی تر، مەرجیش نیە کەنەبێت حوکمیش نەبێت، یاخود بریتیە لەوەسفێکی ئاشکرای رێکخراوی ناسراو بۆ نەبونی حوکم، وەك: هەبوونی کوشتنی بەئەنقەست رێگرە لەوەرگرتنی میرات.

بگەرێرەوە بۆ: التعريفات : جرجانی (207)، جمع الجوامع(1/98)، شرح كوكب النسير(1/456) هەروەها نامەیەکی دکتۆرای د. صاڵح الزنكی بەناونیشانی (المانع)

[2]- سەیری: القاموس المحيط، لسان العرب، المعجم الوسيط، وشەی (أمی، جهل، خلف) بکە.

دیاره کەئەم دەستەواژانە پێکەوەگرێدراو زنجیرەین، مرۆڤ فێری خوێندنەوەو نوسین دەبێت، پاشان زیاتر فێر دەبێت تاکو راستەقینەی شتەکانو ناوەرۆکو سەرەنجامەکانیان بزانین، دواتر بەگەرمو گوڕی هەوڵی فێربونی پیشەسازییە دەستە بەربوەکانو تەقەنیاتو تەکنەلۆژیا هاوچەرخەکان دەدات، جائەگەر لەسەر ئەم پرۆگرامە بەردەوام بوو ئەوە پێش دەکەوێتو شارستانیەت دروست دەکاتو دەتوانێت سود لەزەوی و تەنانەت لەبونەوەر وەربگرێت کەبۆی دەستەبەر کراوە، چونکە لەمەرجەکانی دەستەبەر کردن بریتیە لەهەبونی توانای سوود لێ وەرگرتن، کلیلی ئەم توانایەش بریتیە لەزانست – وەك پێشتر باسمان کرد.

بەلاّم بەداخەوە گەلانی مسولّمان نەك بەتەنها بەدەست نەفامیو دواکەوتنەوە دەناڵێنن، بەڵکو بەدەست نەخوێندەواری ئاساییەوە گرفتارن، کەنەبونی توانای خوێندنەوەو نوسینە لەم سەدەی پانزەی کۆچیو بیستو یەکی زاینیەدا لەکاتێکدا جیهانی رۆژئاوا گەیشتونەتە ئاستێك کەبەتەواوی نەخوێندەواریان لەناوبردوە، تەنانەت ئەوان ئەمڕۆ بەرەو ئاڕاستەیەك دەڕۆن کەواتای نەخوێندەواری بگۆڕن لەواتا تەقلیدیەکەوە بۆ واتا هەمەلایەنەکەی، بەجۆرێك هەرکەسێك بگرێتەوە کەنەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئامێرەکانی سەردەمو هۆکارە نوێکانی پەیوەندیەکاندا بکات وەك کۆمپیوتەرو تۆڕی ئەنتەرنێتو....هتد.

ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن رێژەی نەخوێندەواری لەئوممەتی (اقرأ) دا زۆر گەورەیە، تەنانەت - وەك دکتۆر (تویجیری) - دەڵێت : ئەو رێژەیە دانەبەزیوە، بەڵکو بەهۆی جەنگو کارەساتو هەژاریو برسێتیەوە روو لەزیاد بونە، دکتۆر دەڵێت: (دەزگای چاودێری ئەسیسکۆ بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لەهەندێك

ولاَتی ئیسلامیدا تۆماری زیادبونی ڕێژەی نەخوێندەواری کردوە، کەئەمە زەنگی خراپ بوونی ئیشو کارەکان لێ دەدات)[3]

ئەم زەنگی مەترسی نەخوێندەوارییە لەجیهانی ئێمەدا لەلایەن هەردوو ڕێکخراوی یونسێفو نەتەوەیەکگرتوەکانەوە لێدراوە، ئەم ڕێکخراوانە داوایان کردوە پێویستە بەپەلە جموجوڵی خێرا بکرێت بۆ دابینکردنی پێداویستی زیاتر بۆ (600) ملیۆن منداڵی مسوڵمانی برسی کەبەدەست نەخۆشیو هەژارییەوە دەناڵێنن کە ئەمەش بووەتە هۆی بێ بەشبونیان لەخوێندن[4]

هەروەها ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی گۆنگرەی ئیسلامی دەڵێت: 11 تا 16 دەوڵەتی ئیسلامی زۆرترین ڕێژەی مردنی منداڵی تێدا تۆمارکراوە لەجیهاندا، کەلەو ولاَتانەدا 4,300,000 منداڵی تەمەن خوار پێنج ساڵان ، بەهۆی بەدخۆراکیەوە مردون بەڕێژەی 60٪ یان لەپێش تەواوکردنی ساڵی یەکەمی تەمەنیانەوە دەمرن.

زیاتر لە 40٪ ی منداڵان لە 17 دەوڵەتی ئیسلامیدا، هەر لەبنەڕەتەوە پەیوەندی بەقوتابخانەوە ناکەن، ڕێژەی نەخوێندەواریش لەهەندێك ولاَتی ئیسلامیدا لەنێو ئافرەتاندا زیاتر لە70٪ یە هەروەها منالاَنی دەوڵەتانی ناو ئەم ڕێکخراو - جگە لەدەوڵەتانی کەنداو - بەهۆی بەدخۆراکیەوە دەناڵێنن‌و، ڕێژەیەکیشیان گرفتاری نەخۆشی ئایدز بوون[5].

هەروەها ئامارەکانی بانکی نێودەوڵەتیو، سندوقی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ گەشەپێدانی مرۆیی ئاماژە بەوە دەکەن کەگەلانی مسوڵمان لەهەموو گەلانی تر زیاتر دواکەوتوون لەرووی نەخوێندەوارییەوە، ئەوەتە ڕێژەی نەخوێندەواری لەناویاندا - بەواتای نەزانینی خوێندنەوەو نوسین - لەسنوری

---

[3] - پێگەی یونسێفو ئەسیسکۆ و نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت

[4] - رۆژنامەی (الوطن)ی سعودی، ژمارەو رۆژی 2005/9/21

[5] - پێگەی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت.

50٪ دایە، بەڵام نەخوێندەواری – بەواتای  تەواو کردنی خوێندن - بریتیە لە 90٪ ، وەرێژەی داهاتی تاکەکەس لەجیهانی ئیسلامیدا لە200 دۆلار تێپەڕ ناکات - جگە لەدەوڵەتانی کەنداو - .

دکتۆر (کینت) هۆکاری ئەمە بۆ خەرجکردنی ئەو پارە زۆرە دەگێڕێتەوە کەبۆ بواری سەربازی‌و جەنگەکان سەرف دەکرێت،  هەروەها هۆکارێکی تر کەمی رێژەی مسوڵمانە کارکەرەکانە لەبواری پیشەسازیداو، کەمی کارگە پیشەسازییە بەرهەمهێنەرەکانە، ئەمە سەرەڕای زیادبوونی رێژەی دانیشتوان بەشێوەیەکی هەرەمەکی[6]

بەهەمان شێوە ئامارەکانی سندوقی گەشەپێدانی مرۆیی نەتەوە یەکگرتوەکان ئاماژە بەوە دەکات کەلەبواری زانستی جیهانییدا ساڵانە 260هەزار بابەتی زانستی بلاّودەکرێتەوە، پشکی جیهانی ئیسلامی لەم رێژەیە بەتەنها 1٪ [7]

گومانی تێدا نیە ئەم باردودۆخە خراپ‌و داتەپیوەی جیهانی ئیسلامی لەرووی نەخوێندەواری‌و دواکەوتن‌و هەژارییەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جەنگە ناوخۆی‌و دەرەکیەکان‌و، خەرجکردنی پارەیەکی زۆر بۆلایەنی سەربازی‌و، دووبەرەکی‌و ناکۆکی نێوانیان‌و، هاوکاری نەکردنی هەمەلایەنە، هەروەها ئەو سیاسەتە چەوتانەی لەسەر سەرکوتکردن‌و چەوساندنەوەو دیکتاتۆری لەم ولاّتانەدا بنیات نراوە.

بەلاّم هۆکارەکان هەرشتێك بن، ئێمە لەبەردەم کارەساتێکی مەترسیداردایین کەپێویستی بەزیادکردنی هەوڵەکان‌و، رێکخستنی ریزەکان‌و خستنە گەڕی هەموو تواناکان هەیە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری ئاسایی لەڕەگ‌و ریشەوە، هەروەها زاڵبون بەسەر نەزانی‌و بێ ئاگایی لەراستەقینەی شتەکان‌و هەڵگرتنی

[6] - پێگەی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەرتۆڕی ئەنتەرنێت.

[7] - هەمان سەرچاوە

ئەم دواکەوتنە لەسەر گەلانی ئیسلامی، لەپێناوی گەیشتن بە(ئوممەتی خوێندەوار)دا کەتوانای خوێندنەوەی کتێبی نوسراو و کتێبی بینراو (گەردون)ی هەبێت، توانای مامەڵەکردنی هەبێت لەگەڵ ڕاستیەکانی گەردونداو، لەگەڵ سروشتدا بتوانێت بەروبومو خێروبێرەکانی دەربهێنێت.

بەڕاستی مرۆڤی مسوڵمان ئازار دەچێژێت کاتێك دەبینێت ئوممەتی (اقرأ) ناخوێنێت، ئوممەتێك یەکەم ئایەتی دەستورەکەی بریتیە لەفەرمانکردن بەخوێندەواریو زانستو زانیاری لەگەڵ ئەوەدا ئەم ئوممەتە جاهیلەو لەسەدەی بیستو یەکدا فێرنابێتو ناخوێنێتو، لەریزبەندی گەلاندا لەرووی زانستو خوێندەوارییەوە لەدواوی دواوەیە!

بەراستی گەلانی مسوڵمان پێویستیان بەڕاپەڕینێکی زانستی هەمەلایەنە هەیە کەبەتەواوی نەخوێندەواری تێپەڕێنێتو نەیهێڵێت، نەفامی لەناوبباتو دواکەوتن کۆتایی پێ بهێنێت تا بگاتە ئاستی ئومەتی (اقرأ)، بگاتە ئاستێك بخوێنێتو توانای مامەڵەکردنی هەبێت لەگەڵ تەکنەلۆژیاو زانستی سەردەمدا، تەنانەت بتوانێت داهێنان بکات تاکو بگاتەوە ئاستە ژیارییەکەیو، دواتر کێبڕکێ لەگەڵ گەلانی تردا بکات بۆ پێشکەوتنو بردنەوە، ئیتر ئەوکاتە ئامادەیی دەبێتو دەبینرێتو دەخوێنرێتەوەو دەتوانێت لەسەر پێی خۆی رابوەستێتو دامەزراو بێت.

بەراستی کلیلی مەدەنیەتو شارستانیەت بەواتا هەمەلایەنەکەی بریتیە لەزانست، کلیلی دەسەڵاتداریو پێگەداری لەزەویو گەردونیشدا بریتیە لەخوێندنەوەی ئەم گەردونەو ئەوەی تێیدایە، خوێندنەوەیەکی وردی بەسەرنج بۆ گەیشتنە پەیوەست کردنی نێوان پێکهێنەرکانیو، هێنانەدی ئامانجەکان.

لەبەرئەوە پێویستە لەسەر ئوممەتەکەمان ستراتیژیەتێکی ئارام‌و ئامانجداری تەواوی هەمەلایەنە دابنێت بۆ رزگاربوون لەم کەندەلآنی نەخوێندەواری‌و، عەیبەی نەفامی‌و، کارەساتی دواکەوتنەی تێیدایە.

دەتوانین مەشخەڵە سەرەکیەکانی ئەم ستراتیژە لەم خالآنەدا باسی بکەین:

1- گەڕانەوە بۆیەك ئوممەتی، ئەگەر ئەم لەهەموو بوارەکاندا جێبەجێ نەکرێت ئەوە هەر پێویستە کەیەکێتی‌و، تەواوکاری‌و هاوکاری لەبوارەکانی ئابوری‌و، زانست‌و تەکنەلۆژیاو گەیاندن‌و بازاڕە ئابورییەکان‌و ... هتد، ئەنجام بدرێت.

2- دەرچون لەبازنەی دروشمەکان‌و ئارەزوکردنەکان بۆبازنەی پلاندانان‌و بەرنامە رێژی کەلەتوانایدایە وەلآمی خواست‌و پێداویستیەکانی گەلانی مسوڵمان بداتەوە و رەسەنایەتی‌و بنەماکانی بۆ بیپارێزێت‌و، پێشکەوتن‌و هاوچەرخ بونی بۆ مسۆگەر دەکات، بەهۆی ئەم پلان‌و بەرنامە رێژیەوە لەهەموو بوارەکاندا رادەپەڕێت، لەسەر بنەمای دەست خستنی زانست‌و زانیاری‌و لێهاتوییەکان خۆی دروست دەکاتەوە، هەروەها دەرچون لەچاولێکەری‌و وەستان‌و هەنگاونان بەرەو داهێنان‌و نوێکاری، ئەمەش بەدانانی پلانە ماوە کورتەکان‌و پلانە ستراتیژیەکان بۆ ئایندەی ئەم ئوممەتەو، راپەڕین‌و بوژانەوەی بەم هۆیەوە.

3- تائەوپەڕی گرنگیدان بەزانستی سوود بەخش کەبریتیە لەزانستی جێبەجێکراو - هەروەك ئیسلام بەمە فەرمانمان پێ دەکات – پێویستە لەم بوارەدا ئەم بیروباوەڕە ئیسلامیە بەسەر خۆماندا جێ بەجێ بکەین کەدامەزراوە لەسەر گەڕان بەدوای باشترین بوارەکانی زانست‌و، باشترین زانست‌و بیردۆزەو ئالیات‌و شێوازو رێبازەکان‌و رێگاو سیناریۆکانەوە، چونکە خوای گەورە داوای چاکترینمان لێ دەکات‌و بەوە فەرمانی پێکردوین چ لەکردار یان گوفتار یان لەزانست‌و زانیاریدا، لەزۆر

ئایەتدا خوای گەورە ئەم فەرمانەی پێکردوین، تەنانەت لەقورئان خوێندندا فەرمانمان پێکراوە بخوێنینەوەو گەشە بەخۆمان بدەین، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (اقرأ وارتق)[8] واتە قورئان بخوێنەو گەشە بکە.

4- گرنگیدان بەزانکۆو، پەیمانگاو قوتابخانەکانو، دانانی بەرنامەی توندوتۆڵو پرۆگرامی زانستی بۆیان، کەلەتوانایاندا هەبێت قوتابی فێری خوێندنەوەو فێربونو شیکارکردنو بیرکردنەوەو داهێنان بکەن، لەجیاتی لەبەرکردنو بەسەردا خوێندنەوەو چاولێکەریو درێژدادڕی بێ سوود.

5- تەرخانکردنی میزانیەیەکی سەخاوەتمەندانە بۆ بنکە زانستیەکانو، گرنگی دانێکی زۆر پێیان، چونکە گەشەپێدانی راستەقینە لەزانستەوە دەست پێدەکات، لەگرنگیدانی توێژینەوەی زانستی پڕبایەخەوە دەست پێ دەکات، لەداهێنانو تەرخانکردنی دیاریو نرخاندنی خاوەن لێهاتوییەکانو بەهرەمەندانو داهێنان کارانەوە دەست پێدەکات، کەپێویستە گرنگی زۆریان پێبدرێتو چاودێری گەورە بکرێنو سەرجەم پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێت لەئامێرو شتومەكو، هۆکارەکانی توێژینەوەی زانستی کەدەیانگەیەنێت بەداهێنانکاری لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

6- پشت بەستن بەخود لەگەڵ سود وەرگرتن لەکەسانی تر، حیکمەتو دانایی موڵکی مسوڵمانەو لێی ون بوە، هەرکەدۆزیەوە ئەم لەهەموو کەس زیاتر شایستەیە پێی.

---

[8] - ترمزی گێراویەتیەوە، فەرمودەی ژمارە(2915) ، ئەبو داود(1664)، ئەحمەد (192/2) ئیبن حاج(3780)

7- راسپاردنی سەنتەرەکانی سەرکردایەتیو بەڕێوەبردن بەکەسە پسپۆڕەکان لەسەر بنەمای لێهاتن، نەك لەسەر بنەمای ناسراویو لایەنگیری.

8- دانانی پەیڕەو پڕۆگرامی تۆکمە بۆ کاروبارەکانی فێرکردنو داهێنانکاری بەجۆرێك ناکۆکیو ململانێ نەهێڵێتو بیپچڕێنێت.

هەموان دەزانین ئەگەر فەرمانڕەوایانی ئوممەتی ئیسلامی توانای ئیداری سیاسیان بەهێز بوایە ئەوە لەماوەیەکی کورتدا دەیانتوانی بگەنە ئامانجی دیاریکراو، چونکە هەموو بنەماو راگرەکانی سەرکەوتن لەلایەنی (ئاینیو، مرۆییو، جوگرافیو، ئابورییو، کۆمەلآیەتیو،.... هتد) لەم ئوممەتەدا زۆر هەیە.

9- ئوممەتی ئیسلامیمان توانایەکی باشی هەیە، بەلآم وەك پێویست هەوڵنادات بۆگەشەپێدانو راپەڕین لەرێگەی بەخشینی گیانو ماڵ، لەپێناوی راپەڕینێکی زانستیدا کەپێویستی بەبودجەیەکی فراوان هەیە، وەك ئەوەی دەوڵەتە پێشکەوتوەکان دەیکەن بەتەرخانکردنی رێژەیەکی زۆر بەرز کەزیاترە لە 21٪ ی بودجەی گشتی بۆ تویژینەوە زانستیەکان بەتەنها، ئەمە لەکاتێکدا کەزۆربەی دەوڵەتەکانی ئێمە رێژەی 30٪ تا 75٪ ی داهاتی نەتەوەیی بۆچەكو جەنگ تەرخان دەکەنو، ئەوەی بۆ توێژینەوەی زانستی تەرخانی دەکەن لەسنوری 0,5٪ تاکو 1,5٪ دایە، ئیتر چۆن پێشبکەوینو ببوژێینەوە؟!

10- لەکۆتایدا بەشێك یان دەوڵەتێك لەم ئوممەتی ئیسلامیە ناتوانێت بەتەنها خۆی گەشەو راپەڕینی زانستی هەمەلایەنە بەرهەم بهێنێت ئەگەر هەموو بەشەکانی تر لەگەڵیدا یەك نەگرن، بەڕاستی ئەم ئوممەتە وەك یەك جەستە وایە، لەبەرئەوە پێویستە پلانەکانی

دەوڵەتێکی دیاریکراو لەچواچێوەی پلانە هەمەلایەنەکە دابێت، ئەمەش نایەتەدی ئەگەر هەموو دەوڵەتەکان نەگەڕێنەوە بۆ برایەتیە ئیمانیەکەیانو بۆ هەستکردنیان بەوەی یەك جەستەن، ئەمەش پێویستی بەچاککردنی سیستمی سیاسیو سیستمی فێرکردن هەیە، پێویستی بەهەوڵدانی بێ وچانی هەموان هەیە پێکەوە بۆ هاوکاریکردنو تەواوکاری بەئامانجی گەشتنە یەکبون و یەکگرتن {إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ}سورة الأنبياء (92).

**خواستی دووەم:** رووبەربونەوەی گەندەڵی بەواتا هەمەلایەنەکەی (گەندەڵی ئیداریو سیاسیو داراییو ژینگەیو هەرشتێك زیان بەئاسایشی کۆمەڵگە بگەیەنێت لەرووی ئابوریو سیاسیەوە).